تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق
«دەستەی کورد»

زانستی ناوەڵوانا

لە ڕەخنەسازیی یۆنانی و ڕۆمانی و عەرەبی و ئەورووپییەوە
بۆ ڕەخنەسازیی کوردی

نووسینی
دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر
ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عێراق

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق
١٩٨١ ز ١٤٠١ ك

له چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق
"دەستەی کورد"

زانستی ناوەڵوانا

لە ڕەخنەسازیی یۆنانی و ڕۆمانی و عەرەبی و ئەورووپییەوە بۆ ڕەخنەسازیی کوردی

دانانی
دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر
ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عێراق

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق
١٩٨١ ز ١٤٠١ ك

پێشەکی

ووشە لە ڕووی ژمارەوە لە هەموو زمانێکدا سنووری هەیە و لە بن دێت ، بە پێچەوانەی واتاوە کە هەرگیزاوهەرگیز کۆتایی نایەت و هەمیشە لە پەرەسەندندایە • ئەم ڕاستییە وای لە میللەتان کردووە هەندێ ووشە لە زمانەکانیاندا بۆ دوو واتا یان زیاتر بە کاربهێنن •

لە زانستی زمان و هونەری ڕەوانبێژیشدا [1] ئەو ووشانە بە چەشنێکی تایبەتی باس دەکرێن و لێیان دەکۆڵرێتەوە • بۆنموونە : لە زمانی لاتینی و زمانە زیندووەکانی ئەوروپایی لە ژێر ناونیشانی میتەفۆردا Metaphore زاناکانی «ریتۆرك» [2] شییان دەکەنەوە و لە زمانی عەرەبیدا شارەزاکانی زانستی ڕەوانبێژی بە ناوی مەجاز لێکیان دەدەنەوە سەرئەنجام ئەو ووشەیەی کە بۆ واتایەکی نوێ لە زمانی لاتینی و زمانە زیندووەکانی ئەوروپادا بە کاردێت پێی دەوترێ میتەفۆر Metaphore و لە زمانی عەرەبیدا بە مەجاز ناو دەبرێ • هۆی ئەو ناوبردنە و ئەم ناودانانە لەوەوە هەڵقولاوە کە گوایە ووشەکە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر گواستراوەتەوە •

---

(١) ڕەوانبێژی : البلاغة .

(٢) ڕیتورن : ڕەوانبێژی .

ئەوانەی لە زمانی کوردی خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە داوە لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتوون و شوێن پێی شارەزا عەرەبەکانیان هەڵگرتووە و ئەو چەشنە ووشانەیان ناو ناوە خوازە یان خواستە : واتە ووشەیەك لەو ووشانە بۆ واتایەکی نوێ خوازراوە یان خواستراوە •

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە : ئایا ڕاستە کە ووشە لە واتاکەیەوە بۆ واتایەکی تر گواستراوەتەوە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە هەڵگیراوە ؟ ! •

بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستمان لەم پرسیارە با نموونەیەك بۆ ووشەیەکی (میتەفۆر ، مەجاز ، خوازە و خواستە) بهێنینەوە :ـ

لە زۆربەی زمانەکاندا بۆ پیاوی ئازا ووشەی (شێر) بە کاردێت و لە جیاتی ئەوەی بووترێ : «پیاوێکی ئازام دی» دەڵێن «شێرێکم لە بازاڕ دی» ، بۆیە ووشەی «شێر» دوو واتای هەیە : واتای یەکەم ، ناوێکە بۆ درندەیەکی ئازا • واتای دووەم ئاوەڵناوێکە بۆ ئادەمیزادێکی بە جەرگ • کەوابوو ووشەی «شێر» لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر نەگواستراوەتەوە بەڵکوو لە خۆیدا دوو واتای پێکەوە لکاوی هەیە :

بێ گومان واتای یەکەمی سەرەکییە ، واتای دووەمیشی لەم واتا سەرەکییەوە هەڵقوڵاوە و بۆ ئادەمیزادێك کە لە ڕووی ئازایەتیەوە لە شێر بچێت گونجێندراوە • بۆیە ئێمە لەو باوەڕەداین کە زاراوەی خوازە و خواستنی لاسایی‌کەرەوەی کوردی ناتوانن سروشتی ئەم ڕووداوە زمانی و هونەرییە دەربڕن و ڕوونی بکەنەوە • جا بۆمان هەیە کە پشت لەو زاراوانە بکەین لە جیاتی یان زاراوەی «ئاوەڵواتا» بەکاربهێنین ، چونکە واتای ئازایەتی بۆ ووشەی (شێر) هەمیشە لەگەڵ واتا سەرەکیەکەیەتی و بە

هیچ کلۆجێك لێی جیانابێتەوە و گوێگر کە ئەم ووشەیە دەبیستێ یەکسەر واتای ئازایەتی و ناوی ئەو درِوندەیە پێکەوە بە مێشکیدادێن •

هەرچۆنێك بێ «زاراوەی ئاوەڵواتا» ــ لە نێوانی زانستی زمـان و رِەخنەسازیدا ــ بابەتێکی هاوبەشە و باسێکی ئێجگار گرنگە و لە زمان و رِەخنەسازیی کوردیدا پیویستی بە لێکۆڵینەوە یەکی ئەکادیمی لەبەر تیشکی رِێبازێکی زانستی و هونەریدا هەیە •

ئەم پێویستیە پاڵی پێوە نام لەم کۆرِە بێسنوورەدا تەقەللایەك بدەم و ئەم لێکۆڵینەوەیە پێش کەش بە خوێنەری کورد بکەم :

نەخشەی ئەم لێکۆڵینەوەیش بۆ ئەوەی مێژوویی بێت لە چوار بەشی سەرەکی پێك‌هاتووە :

بەشی یـەکەم :

تێرِوانینێکی گشتی‌یە دەربارەی میتەفۆر لە رِەخنەسازیی یۆنانی و رِۆمانیدا •

بەشی دووەم :

سەرنجێکە لە رِەخنەسازیی عەرەبی بۆ دەست‌نیشانکردنی چۆنیەتی باسی مەجاز لە لایەن زاناکانی رِەوانبێژیی عەرەبی‌یەوە •

بەشی سێیەم :

پیاچونەوەیەکە لەگەڵ چەند رِەخنەسازێکی ئەورووپی هاوچەرخ بـۆ دەست‌نیشانکردنی گۆرِانەکانی باسی میتەفۆر لەسەردەمی دێرینەوە هەتاکو رِۆژگاری ئێستەمان •

بەشی چوارەم :

لێکدانەوەی باسی (خوازە)یە لە لای ئەو زانا کوردانە کە لەم باسەدا

ئیشیان کردووە لەگەڵ چەسپاندنی بیروڕا تایبەتیەکانماندا لەم ڕووەوە .

هیوادارم کە توانیبێتم خزمەتی زانستی زمان و ڕەخنەسازی کوردیم بەم لێکۆڵینەوە کورتە کردبێت ، هەرچەندە لەو باوەڕەدام لێکۆڵینەوەکەم لە کەموکوڕیەوە دوور نیە ، چونکە سەرەتایەکە و هەموو سەرەتایەکیش پێویستی بە ڕابەری و خستنە سەر هەیە بۆ ئەوەی نەشونما بکات و ئامانجەکانی بهێنێتەدی .

سلێمانی
دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر
١٩٧٩/١١/٢٢

بەشی یەکەم

میتەفۆر لە ڕەختەسازیی یۆنانی و ڕۆمانیدا

- سۆفستاییەکان و زانستی میتەفۆر •
- فەرامۆش کردنی میتەفۆر لە نێوانی سۆکرات و ئیفلاتۆندا •
- ئەرستۆ و لێکۆڵینەوەی میتەفۆر •
- ووشە و واتا لەلای هۆراسدا •
- لۆنجینۆس و دەربڕینی میتەفۆر •

میتەفۆر لە ڕەخنەسازیی یۆنانی و ڕۆمانیدا

سەرەتای زانستی میتەفۆر لە ڕەخنەسازیی یۆنانیدا :

مێژوونووسەکان بە گشتی دەڕواننە وێژەی یۆنانی و ڕۆمانی ، تەمەنی ئەم وێژەیە بە سەر حەوت قۆناغدا * دابەش دەکەن :

قۆنـاغی یـەکەم :

سەردەمی ئەفسانەیی ٠ لە پێش تۆمارکردنی مێژووەوە هەتا کۆتـایی سەدەی نۆیەمی پێش زایین ٠

قۆنـاغی دووەم :

سەردەمی قارەمان و شەڕ و شۆڕەکان لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی پێش زایینەوە هەتا نزیکەی نیوەی سەدەی شەشەمی پێش زایین ٠

قونـاغی سێهەم :

سەردەمی شارستانیەتی ، لە نیوەی سەدەی هەشتەمی پێش زایینەوە هەتا سەدەی پێنجەمی پێش زایین ٠

قۆنـاغی چوارەم :

سەردەمی ئەثینی ، لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە هەتا سـەدەی سێیەمی پێش زایین ٠

---

* بڕوانە کتێبی (دراسات فی النقد الادبی) ل (٤٢ــ٤٣) ٠

قۆناغی پێنجەم :

سەردەمی ئەسکەندەری ، لە سەدەی سێیەمی پێش زایینەوە هەتا ساڵی سەد و چل و شەشی زایین •

قۆناغی شەشەم :

سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانی لە نێوانی ساڵی سەد و چل و شەشی زایینی و ساڵی سێ‌سەد و سیی زاییندا •

قۆناغی حەوتەم :

سەردەمی بێزەنتی لە ساڵی سێ‌سەدو سیی زایینی‌یەوە هەتا ساڵی هەزار و چوارسەد و پەنجا و سێی زایینی کە عوسمانیەکان شاری کوستەنتینی‌یەیان داگیرکرد •

وێژەی یۆنانی و ڕۆمانی بەم دابەشکردنە پچڕپچڕ نیە و بەرهەمی هەر قۆناغێکی وەکوو دوورگەیەکی سەربەخۆ نایەتە بەرچاو ، بەڵکو هەمیشە یەکێتیی قەوارەی خۆی پاراستووە و ئەڵقەکانی زنجیرەیەکی یەکگرتووە •

ئەوەی لەم ڕاستی‌یە پێوەندی بە لێکۆڵینەوەکەمانەوە هەبێت : قۆناغی سەردەمی ئەفسانەیی‌یە ، کە بنکەی قۆناغەکانی ترە ، چونکە بەرهەمەکانی ئەم قۆناغە لە داستانە میثۆلۆجیەکان و چیرۆکە میتافیزیکی یەکان دەربارەی خواکان ڕەنگیان لە کارەکانی قۆناغەکانی تری وێژەی یۆنانی و ڕۆمانی‌دا داوەتەوە و وێژەرە یۆنانی و ڕۆمانی‌یەکان لە هەموو سەردەمەکاندا ئەفسانەکانیان وەکوو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بەرهەمەکانیان داناوە •

ڕەنگدانەوەی ئەفسانە لە وێژەی یۆنانی و ڕۆمانیدا بە لای ئێمەوە سەرچاوەی پەیدابوونی زانستیی میتەفۆرە لە ڕەخنەسازیی ئەم دوو نەتەوەیەدا •

بەڵگەشمان ئەوەیـە :

میللەتی یۆنان بۆ هەر هێزێکی سروشت و ئارەزوویەکی دەروون و چالاکییەکی ئادەمیزاد خوایەکیان ، داتاشیوە [1] و جڵەوی هەموو ئیش و کارێکی پەنهان و ئاشکرایان داوەتە دەستیەوە • سەرئەنجام پەیکەریان بۆ زیاتر لە سی و حەوت خوا لە پەرستگا و میانەکانیان بەرزکردۆتەوە :

ئەم خوایانە بە گوێرەی میثۆلۆجیەکانیان بەسەر دوو خێزاندا پۆلپۆل دەکرێـن :

خیزانی (کرۆنۆس) یان (ساتۆرن) ، خیزانی (زۆس) یاخود (جۆبیتێر)• لە وەچەکانی (جۆبیتێر) خواکانـی نـۆ هۆنـەرەکانن : (یوارنی) Uronie خوای ئەستیرەگەری و ، (کیلیو) Clio خوای زانست و مێژوو و ، (یوتیرب) Euterpe خوای موسیقـا ، و تربیسیکـور Terpsichore خوای سەما و (ثالی) Thalie خوای کومیدیا و (ملپومین) Melpomene خوای تراجیدیاو (اراتوا) Arato خوای هۆنراوەی لاوانەوە و خەفەت و (پۆلمنی Polymnie) خوای هـۆنراوەی گورانێ و (کلیوپ) Calliope خـوای هـۆنراوەی جۆشـدان کە ئەرکێکی گرنـگ لە زانیاری و زانست و ئایین و فەلسەفە و وێـژەی یۆنانی دەگێڕن • جا بۆ ئەوەی پێوەندیی ئەم ئەرکە بەزانستی میتەفۆرەوە دەستنیشان بکەین با سەرنج لە داستانی ئەلیـاذە [2] بدەیـن و بزانـین

---

(١) بڕوانە کتێبی (الادب الیونانی القدیم ل ١٣ــ٢٤ •

(٢) ووشەی (ئەلیاذە) نیسبەیەکی یۆنانییە بۆ شاری (ئەلیۆن) پایتەختـی ترواددییەکان ، ئەم ووشەیە لە مێژووی وێژەی یۆنانیدا بۆ هۆنراوەیەکی داستانی کە هەستیاری بە ناوبانگی یۆنانیەکان (هۆمیرۆس) لە نیـوەی سەدەی نۆیەمی پێش زایینDا کۆیکردۆتەوە و ڕێکی خستووە و لـە قالبێکی هونەریدا دایڕشتووە .

هۆمێروس [٣] چلۆن باسی خواکان دەکات ؟ •

هۆمیرۆس دەلی : «خواکان لە لوتکەی ئۆلۆمپدا میرنشینی‌یەکی شاهانەیان پێکهێناوە :

سەرۆکی ئەم میرنشینی‌یە « تەزۆسە » • خواکان هەموویان لە وێنەی ئادەمیزاددان ، بەلام نەمرن ، چونکە شلەیەکی تایبەتی لە لەشیاندا هەیە لە قارەمانەکان بە هێزتر و خێراترن چۆن بیانەوێ بۆ خەلکی دەردەکەون یاخود خۆیانیان لێ‌دەشارنەوە • لە تەلاری بەرز و جوان لە ئاسماندا دەژین ، هەموو ژیانیان بەختیاری و بەهارە • دەخۆن و دەخۆنەوە و ژن و ژنخوازی دەکەن ، رم و تیر برینداریان دەکات ، ئازار دەچێژن و دەگرین• دەست دەخەنە ناو ئیش‌وکاری ئادەمیزادەوە • هەندێکیان پشتگیری یۆنانی‌یەکان دەکەن و هەندێکی تریشیان لایەنی ترواددییەکان دەگرن • جوێن بە یەکتر دەدەن و فێڵ لە یەکتر دەکەن • دەست لەو مرۆڤە دەپارێزن کە بە قوربانی و دیاری لێ‌یان نزیك دەبێتەوە [٤] » •

ئەم چەشنە باسە ، کە زۆربەی هەستیار و نوسەرە دراماتیکی‌یەکان و تراجیدی و کۆمیدی نووسەکان لەسەر ڕێچکەی ڕۆیشتبوون ، سەرنجی هەندێك لە فەیلەسووفەکانی ڕاکێشا • فەیلەسووفەکان کە بینی‌یان هۆمێروس و وێژەرەکانی تر خواکان وەکوو ئادەمیزاد لەقەلەم دەدەن ، بە

---

(٣) ناوی هۆمیرۆس لە زمانی یۆنانی‌دا بە واتای ڕێکخەر هاتووە ، بۆیە هەندێك لە ڕەخنەسازە هاوسەردەمەکان دەلێن : (ئەلیاذە) و (ئۆذیسە) بەرهەمی دوو پشتی‌جیاوازن (ئەلیاذە) بەرهەمی سەدەی نۆیەمی پێش زایینە بەلام (ئۆذیسە) لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆیەم و نیوەی سەدەی هەشتەمی پێش زایین‌دا ئەنجام دراوە . هۆمیرۆسیش بە ناوبانگ‌ترین یاخود تازەترینی ئەو هەستیارانەیە کە هەردوو هۆنراوەکەی کۆکردۆتەوە و یاخود گێڕاونەتیەوە و ڕێکیانی خستووە .

(٤) بڕوانە کتێبی (تاریخ الفلسفة الیونانیة) ل ٣ .

بۆ ئەوەی پەیڕەویی یاسای هۆشمەندی و لۆجیك [٥] بکەن ، دەستیان کرد بە پەلاماردانی هونەری هەڵبەست و هۆنراوەشیان بە کارێکی بێ کەڵك تەماشاکرد •

بەڵام کۆمەڵێك لە ڕەخنەسازان وەڵامی ئەو فەیلەسووفانەیان دایەوە و هۆنراوەیان وەکوو هونەرێکی میتەفۆری لێکدایەوە و بەرگرییان لە وێژەرەکان کرد بە بەڵگەی ئەوەی خاوەن ئەندێشە و سۆزن و بەرهەمەکانیان دەبێ وەکوو هونەرێکی جوان تەماشا بکرێت •

بۆیە دەستیان کرد بە شیکردنەوەی هۆیەکانی جوانیی هۆنراوە : لە ئەنجامدا ئەم جوانییەیان لە مۆسیقای هۆنراوەدا بەدیهێنا و ئاوازەکانی کێشیان لێکدایەوە و بەسەر چەند چەشنێکدا دابەشیان کرد و پەیوەندیی هەر چەشنێکیان بە واتا و بابەتێکەوە دەستنیشانکرد • هەروەها ئەو جوانییەیان لە زماندا بەدیکرد و سەلماندیان کە زمانی هۆنراو لە زمانی ڕۆژانە بە ڕێکوپێکی و وشەی میتەفۆری و وێنەی هونەری جیادەبێتەوە •

سنووری ئەم باسانە کە دژواریی هەڵوێستی فەیلەسووفەکانە سەرەتایەکە بۆ زانستی میتەفۆر و هۆیەکی سەرەکییە لە هۆیەکانی پەیدابوونی لێکۆڵینەوەی هونەری ڕەوانبێژی لە ڕەخنەسازیی یۆنانیدا •

سۆفستاییەکان و زانستی میتەفۆر

دووای زاڵبوونی یۆنانییەکان بەسەر فورسەکاندا و ڕزگاربوونی وولاتەکەیان دەرفەتی پێشکەوتن و پەرەسەندنیان هاتەکایەوە ، بۆیە لە سەرانسەری یۆناندا کۆمەڵێك زانا و هەستیار و هونەرمەند و مێژووشوناس و پزیشك و پیشەساز هەڵکەوتن و ، دیمۆکراتیەت باڵی بەسەر هەموو

(٥) لۆجیك : المنطق .

شارەکاندا کێشا و دەمەتەقێ و گفتوگۆ لە دادگا و یاریـــگا و مەیـــانەکانی شاری ئەثینـــادا بە تونـــدوتیژی دەربارەی زانیاری و دادگەری و وێــژە بەرپا بوو • لەبەر ئەوە فێربوونی دوواندەری [٦] وەك پێویستیـــەکی میللی وابوو •

لەم نێوانەدا کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران پەیدابوون و دەرفەتی باشیـــان بۆ هەڵکەوت و بوون بە مامۆستای هونەری ڕەوانبێژی ، ئەم کۆمەڵەش بە نازناوی سۆفستائی [٧] ناسرابوون •

سۆفستاییەکان لە فەلسەفەدا کەسایەتیی ئادەمیزادیان دووپاتکردەوە و سەلماندیان : ئازادیی بیرکردنەوە و کردەوە بنچینەیەکی دان پیانراوە و لـــەم جیهانەدا ڕاستیی بێسنوور نیە و تاقە بەرژەوەندیش هێنانەدی ئارەزووەکانی خاوەن بەرژەوەندە •

(ئەرستوفانیس) [٨] هەرچەندە دوژمنی خوێنخۆری سۆفستاییەکان بوو دەرحەقیان دەڵێت : سۆفستاییەکان لاوانیان فێرکرد : چۆن پەیڕەوی دەستووری ووردبکەن و لە وێژەدا چۆن هۆنراو بهۆننەوە و چۆن شت لێك بدەنەوە و گومان بکەن و لـــە هەموو بابەتێـــك دوودڵ بـــن و هەمـــوو بیروباوەڕێك یەکالابکەنەوە • هەروەکوو لە دەنگ و باسی سوفستاییەکان و مشتومڕی سوکرات و ئەفلاتۆن لەگەڵیاندا دەردەکەوێ [٩] ئەمتاقمە دەستێکی بالایان لە ڕەخنەسازیدا هەبوو ، بە تایبەتی (برۆتاگوراس) و (هبیاس) و

---

(٦) دوواندەری : الخطابة .

(٧) سۆفستایی : لە ووشەی (سۆفستۆس) واتە : مامۆستا وەرگیراوە ، هەندێك دەڵێن لە بنەڕەتدا بە واتای گەڕۆك هاتووە .

(٨) ئەرەستوفانیس : کۆمیدی نوسێکی بە ناوبانگی یۆنانییە لە ساڵی ٤٥٠ی پێش زاییندا لەدایکبووە لە پاش ساڵی ٤٠٨ پێش زاییندا کۆچی دوایی کردووە .

(٩) بڕوانە کتێبی فن الشعر لاپەڕە ٤٨ .

(برۆدیکۆس) کە لە زۆربەی بابەتەکانی دوواندەری و زمانەوانی و هونەری ڕەوانبێژی‌یان کۆڵیوەتەوە •

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیە پێوەندی بە زانستی میتەفۆرەوە هەبێت دوو بابەتە :

بابەتی یەکەم : لێکدانەوەی داستان و هۆنراوەیە لەسەر بناغەی ڕەمز و میتەفوردا :

سۆفستایی‌یەکان لەم بابەتەدا بە بێ ئەوەی سەرنج لە واتای فەرهەنگیی ووشە بدەن و پەیڕەویی سروشتی زمان و یاسای هۆشمەندی و لۆجیك لە گواستنەوەی دەربڕین لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر بدەن دەستیانکرد بە لێکدانەوەی زمانی داستان و هۆنراوەکان بە بێ سنوور و بە هەوەستی خۆیان واتایان بەسەر ئەو زمانەدا سەپاند : تا ڕادەیەکی وا ئیتر هیچ واتایەکیان بۆ زمانی یۆنانی بەجێ نەهیشت و واتای نوێ‌یان بۆ ووشەکانی ئەم زمانە سازکرد و داتاشی •

بابەتی دووەم : یاری‌کردن بە ووشە :

دوێنەری سۆفستایی بەناوبانگ (جۆرجیاس) دەربارەی کارتێکردنی ووشە لە مرۆڤدا دەڵێت : «ووشە هێزێکی بێ سنووره کاری بێ هاوتا ئەنجام دەدات • هەرچەندە بە ڕواڵەت نرخێکی ئەوتۆی نیە بەڵام لە کردەوەدا جڵەوی ترس ڕادەگرێت و خەفەت دەڕەوێنێ و خۆشی و بەختیاری دەبەخشێت و دەروون لە پەرمۆدە و دڵنیایی پڕدەکات و هۆشمەندی دەخاتە داوی جادووگەرییەوە و هەندێ جاریش دڵ و دەروونی مرۆڤ داگیردەکات و لغاوی ویستەمەنی لێ دەسەنێتەوە و وای لێ‌دەکات کە کارێ وا بکات لەگەڵ ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵەکەی‌دا نەگونجێت •

سەرەنجام شوێنەواری ووشە لە سەر بڕوایێ‌کردنی هۆشمەندی‌یانە

ڕاناوەستێ و لە سنووری تێدەپەڕێت بۆ کارتێکردن لە سۆز [١٠] ئەم بیروڕایەی (جۆرجیاس) دەربارەی سروشتی ووشە و پێوەندیی دەروونی گوێگر و خوێنەر بەم سروشتەوە چوارچێوەیەکی فەلسەفیانەیە بۆ ڕێبازی سۆفستاییەکان لە ڕابەریی جەماوەر و بەدیهێنانی ئامانجە رامیارییەکانیاندا •

ئەوەی ناسراوە لە مێژووی فەلسەفەی یۆنانیدا سۆفستائییەکان کە بەرامبەر کۆمەڵێك دەدوان : بیروباوەڕەکانیان بە جوانترین ووشە و ڕازاوەترین ڕستە دەدەبڕی ، جگە لەوەی بە زمانێکی تەڕ و پاراو بڕوایان بە خەڵکی دەهێنا • پشتگریی بابەتێکیان دەکرد و لە هەمان کاتیشا دژی ڕادەوەستان • لایان گرنگ نەبوو ڕاستی ئەو بابەتە دەربخەن بەڵکوو هەموو ئامانجیان سەرنجڕاکێشان و گومانچاندن بوو •

بنچینەی ئەم ڕێبازەی سۆفستاییەکان خوڵقاندنی دەربڕینی تازە و لە خشتەبردنی واتای واژە و یاریکردن بە ووشە بوو •

بۆ نموونە ، گیورگیاس : لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (نەبوون) سێ بیرۆکەی سەرەکی دەسەلمێنی :

بیرۆکەی یەکەم : شتبوونی نییە •

بیرۆکەی دووەم : ئەگەر شتێ هەبێ مرۆڤ ناتوانێ هەستی پێ بکا و لێی تێبگا •

بیرۆکەی سێیەم : ئەگەر واداێێین کە یەکێك هەیە تێیگەیشتووە ، ناتوانێ ئەو تێگەیشتنەی دەرببڕێت و بیگەیەنێتە خەڵکی •

کەوابوو زمان لە لای (گیورگیاس) و هەموو سۆفستاییەکان هیچ

---

(١٠) بڕوانە کتێبی دراسات فی النقد الادبی ل ٧٣ .

سوودێکی نەماوە و وەکوو پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانی قسەکەر و قسەبۆکراو لە کارکەوتووە و ئەو زانستانەی کە بۆ لێکۆڵینەوە و دەست نیشان کردنی واتای ووشە بەرپابوون هیچ پێویستییەکیان پێ نەماوە؛ چونکە هەموو ووشەیەك دەشێ بۆ واتایەك و دژی ئەو واتایەش بێت و مرۆڤیش بوێ هەیە کە دەربڕینێك لە یەك کاتا بە واتای فەرهەنگی و بە ئاوەڵواتاکەی بەکاربهێنێت •

فەرامۆش کردنی مینەفۆر لە نێوانی سۆکرات و ئەفلاتۆندا

سوکرات کە لەسەرەتای ژیانیدا سۆفستایی بوو هەستی بە زیانی فەلسەفەی سۆفستاییەکان کرد و دەستی کرد بە بەرپەرچدانەوەی بیروڕاکانیان بە گشتی و وەڵامدانەوەی هەڵوێستەکەیان دەربارەی زمان و ئەرکی ووشە و دەربڕینی لە تێگەیاندنی جەماوەر بە تایبەتی • ڕاستە کە قسەکانی سوکرات ڕاستە و خۆ تۆمار نەکراوون و هەروەکوو ووتراوون بە دەستمان نەگەیشتوون ، بەڵام ئەفلاتۆن کە شاگردێکی دڵسۆز و بە وەفای بووە لە کتێبەکانیدا قسەکانی مامۆستاکەی بەوپەڕی ووردییەوە چەسپاندووە •

ئەوەی لەم قسانە پێوەندیی بە هەستیار و هۆنراو و کێشەی ئاوەڵواتای ووشە و دەربڕینەوە هەبێت لە بەشی دەیەمی کۆمارەکەی و دەمەتەقێی (ئەیون) و دەمەتەقێی (مێنوندا) بەردەست دەکەوێ •

بابزانین سوکرات لەبەر تیشکی سەرنجە گشتییەکانی دەربارەی هەستیار و هۆنراو چۆن ڕوانیویەتە ئاوەڵواتای ووشە کە بڕبڕەی دەربڕینی هونەرییە ؟ سەرنجە گشتییەکانی سوکرات لەم ڕووەوە لەسەر بناغەی نەظریەی نموونەکان [١١] دامەزراوە ، ئەم نەظەرییەیەش هەروەکوو لە

---

(١١) نموونەکان : المثل •

فەلسەفەی یۆنانیدا ئاشکرایە ، سێ جیهان بۆ زانیاری دەستنیشان دەکات:

یەکەم : جیهانی ئایدیالیستی [١٢] کە بارەگای نموونەی هەموو راستیەکانە •

دووەم : جیهانی هەستپێکراو : کە شانۆی ئەو شتانەیە کە ئادەمیزاد بە یەکێك یان زیاتر لە پێنج هەستپێکەرەکانی هەست پێ دەکات و لێی تێدەگات •

سێیەم : جیهانی سێبەر کە هونەرمەندەکان بە هۆی هونەرە جوانەکانە وە سازی دەکەن •

سوکرات لە سەر هێڵە گشتییەکانی ئەم نەظەرییەیە دەمەتەقێیەك لەگەڵ (جلۆکۆن) [١٣] دەکات و دەڵێت : « لە دووای بیرکردنەوە و ووردبوونەوە لە نێوان ئەو هەموو چاکانەی لە رژێمی کۆمارەکەماندا دەردەکەوێ ، هیچ شتێك لە یاسای تایبەتیی هۆنراو زیاتر خۆشحاڵم ناکات•

جلۆکۆن : ئەوە چیە پەنجەی بۆ درێژ دەکەی ؟

سوکرات : فڕێدانی هۆنراوەی لاسایی‌کەرەوە و گوێ‌رانەگرتنە بۆ هەستیاران » [١٤] •

لەم دەقەدا دوو بڕیاری سوکراتی دەربارەی هۆنراو بەرچاو دەکەون :

بڕیاری یەکەم : فڕێدانی هۆنراوەیە و گوێ‌نەگرتن لە خاوەنەکەیەتی کە هەستیارە •

---

(١٢) ئایدیالیستی : مثالي •
(١٣) جلۆکۆن : ناوی کابرایەکە کە ئیفلاتۆن لە کۆمارەکەیدا کردوویەتی بە هاودەمی سوکرات •
(١٤) بڕوانە (النقد) اسس النقد الادبی الحدیث ل ١٨ •

بڕیاری دووەم : تەماشاکردنی هۆنراو وەکوو بەرهەمێکی لاسایی‌کەرەوە •

بێ گومان بڕیاری یەکەم ئەنجامی دووەمە و ئەوانەی بڕوایان پێ هەیە پشت بەوە دەبەستن کە هۆنراو تەنها لاسایی‌کردنەوەی سروشت و کردەوەیە • بۆیە بابزانین سوکڕات دەربارەی سروشتی لاسایی‌کردنەوە بە گشتی چۆن دەدوێ ؟ •

سوکڕات لە دەمەتەقەکانیدا هەمیشە لە بابەتێکی گشتی دەدووێ ، ئەمجا بیروڕاکانی دەربارەی بابەتە تایبەتیەکە پێش‌کەش دەکات ، بۆیە لە سەرەتای بابەتی لاسایی‌کردنەوە باسی هونەری نیگارکێشان دەکات و دەڵێت :

«کەوابوو ئەی جلۆکۆن لێرەدا سێ جۆر چەرپایە هەیە و سێ هونەرمەند سەرپەرشتی دروست‌کردنیان دەکەن • خوا و دارتاش و نیگارکێش •

جلۆکۆن : بەڵێ لێرەدا سیانن •

سوکڕات : کەواتە خوا ئەگەر بۆ ئارەزوو یان بۆ پێویستیی خۆی تەنها یەك چەرپایەی لە سروشتدا خوڵقاندووە و زیاتر نیە جا ••• خوا ئەمەی زانیوە و ئارەزووی وابووە ، بۆ چەرپایەکی ڕاستی خۆی ببێ بە دروست‌کەرێکی ڕاستەقینە و نەبێ بە دروستکەرێکی ناسراو بۆ چەرپایەکی دیاری‌کراو • لەبەر ئەوە یەك چەرپایەی خوڵقاندووە و چۆنێتی‌یەکەی وا پێویست بوو کە تاقانە بێت •

جلۆکۆن : ئەی دەربارەی دارتاش چی‌دەڵێن ؟ ئایە ئەو دووبارە دروست‌کەری چەرپایە نیە ؟

سوکرات : بەڵێ •

جلۆکۆن : ڕات چیە دەربارەی نیگارکێش ؟ ئایا پێی دەڵێن دروستکەر ؟

سوکرات : بێ گومان نەء •

جلۆکۆن : ئەگەر دروستکەر نەبێ چ پەیوەندیەکی بە چەرپایەوە هەیە ؟

سوکرات : لەو باوەڕەدام ئەتوانین ناوی بەلاساییکەرەوەی ئەو شتانەی خەڵکی تر دروستی دەکەن بەرین •

جلۆکۆن : زۆر باشە ، ئایا سێیەمیش بە پێی زنجیرە سروشتیەکەی بە لاساییکەرەوە ناوی دەبەی ؟

سوکرات : بێ گومان ، هەروەها هەستیاری تراجیدیاش وەکوو لاساییکەرەوەکانی تر لاساییکەرەوەیە و سێ پلە لە ڕاستی و خواوە دوورە »[15] •

ئەم بڕیارەی سوکرات پرسیارێکی سەرەکی دەربارەی نرخی هونەری لاساییکەرەوە بەرپا دەکات ، خۆشی ئاگای لەمە هەیە ، بۆیە ڕوودەکاتە جلۆکۆن و دەپرسێت : «مەبەست لە هونەری نیگارکێشان لاساییکردنەوەی شتەکانە هەروەکوو خۆیان ، یان بە پێی دەرکەوتن یاخود بەگوێرەی ڕواڵەت یان ڕاستی ؟ •

جلۆکۆن : ڕواڵەت •

سوکرات : کەواتە جیاوازیەکی فراوان لە نێوان لاساییکەرەوە و

---

(١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢ •

راستیدا هەیە و لە توانایا هەموو شتێك ـ تەنها ـ بە دەستلێدانی پارچەیەکی بچووك ئەنجامبدات ئەو پارچەیەش ڕواڵەتییە و بەس ، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە نیگارکێش وێنەی دارتاشێك یان پینەدۆزێك یان هەر وەستایەکی تر دەکێشێ ، لەگەڵ ئەوەشا هیچ لە پیشەکانیان نازانێ ، ئەگەر هونەرمەندێکی لێهاتوو بێت لە توانایا هەیە منداڵ و ئەو کەسانەی ساکارن هەڵبخەڵەتێنێ ، کاتێ لە دەرەوە وێنەی دارتاشەکەیان پێشان دەدات ، وا هەست دەکەن سەیری دارتاشێکی ڕاستەقینە دەکەن .

جلۆکۆن : بە هەموو دڵنیایییەکەوە : وایە (١٦) .

کەوابوو نیگارکێش لە ڕوانگەی (سوکرات)ەوە درۆزنە و هونەرەکەی درۆیە و لە بەر ئەوەی هەستیاری بە هەمان چاو تەماشا کردووە و هۆنراوەکەی بە هەمان پێوانە پێواوە ، دەرهەق بە نووسەرانی تراجیدیا کە باشترین هەستیارانی سەردەمەکەی بوون دەڵێت : «لەبەر ئەوە ئەگەر گوێمان لێ بوو خەڵکی ووتیان نووسەرانی تراجیدیا وە لە سەرووی هەموویانەوە (هۆمیرۆس) لە چاکە و خراپە و هەموو بابەتی ئادەمیزاد و هونەر و کاروباری ئاسمانا شارەزان ، چونکە هەستیاری باش ناتوانێ هۆنراو دروستبکات هەتاکوو ـ زانیارییەکی تەواوی لە بارەی بابەتەکەی خۆیەوە نەبێ و ئەوەی ئەم زانیاریانەی نەبێ هەرگیز نابێ بە هەستیار ، ئەگەر گوێمان لەوە بوو پێویستە بڵێین : کە هەمان دەستخەڕۆیی پێشوو لەم قسەیەدا هەیە ، لەوانەیە ئەمانە تووشی هەندێ لاساییکەرەوە بووبن و بە ڕادەیەکی ئەوتۆ دەستخەڕۆکرابن هەستیان بەوە نەکردووە کە بەرهەمەکانی ئەم لاساییکەرەوانە سێ پلە لە ڕاستییەوە دوورن »(١٧) سوکرات لەسەر ئەم ڕێچکەیە زیاتر هەنگاو هەڵدەگرێ و چەند پرسیارێکی سەرسوڕمانی

---

(١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤ .
(١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٥ .

دەرهەق بە (هۆمیرۆس) دەچەسپێنی و دەڵێ : «ئایا وەکوو (کاسکلیۆس) نەخۆشەکانی چاك‌کردۆتەوە ، یان قوتابخانەیەکی پزیشـــکیی لـــە دووای خۆیەوە بەجێ‌هێشتووە ؟ ! ...ئێمە لەسەر ڕاستی دەبین ئەگەر پرسیارمان دەربارەی تەکنیکی جەنگی و ڕامیاری و فێرکردن لە (هۆمیرۆس)کرد ، کە لە هۆنراوەکانی‌دا گرنگترین و بەرزترین بابەتن ، بۆیە ئەیدوێنـــین و پێی دەڵێن : ئەی (هۆمیرۆس)ی هاوڕێ‌مان ئەگەر تۆ وا بووی ئەوەی دەیڵێـــی دەربارەی گەورەیی دوو پلە لە ڕاستی‌یەوە دووره نەوەك سێ پلە واتە تـــۆ دروست‌کەری سێبەر و لاسایی‌کەرەوە نیت و ، ئەگەر لـــە تواناتـــا هەیـــە جیاوازیی ئەو ڕێگایانەی سوود یاخود زیان بە ئادەمیزاد لە ژیانی تایبەتی یان گشتیی‌دا ئەگەیەنێ دەرخەیت و پێمان بڵێ کام دەوڵەت سوودی لە یارمەتیت وەرگرتووە [١٨] ئەم پرسیارانەی سوکرات بڕیـــارین و چـــاوەڕیی هیـــچ وەلامێك ناکەن و دەیانەوێ ڕاستی‌یـــەك دەربـــارەی ســـوودی هـــۆنراو بسەلمێنن و بڵێن هۆنراو هیچ سوودێکی نیە و ناشی بێت ، ئەم ڕاستی‌یەش سەرئەنجامێکی سروشتی‌یە لەو نرخ‌پێدانـــەی هونـــەرەوە بـــە گشـــتی هەڵدەقوڵێ ، چونکە ئەگەر هونەر سێ هەنگاو لە ڕاستی‌یەوە دووربێت و خوڵقێنەرەکەی درۆزن بێت هەڵبەتە هیچ کەڵکی بۆ ژیانی ئادەمیزاد نابێت و میللەت هەرگیزاو هەرگیز سوودی لێ نابینێت .

سوکرات بەمەوە ناوەستێ بەڵکوو ڕوو دەکاتە (جلۆکۆن)ی هاودەمی و دەڵێت . «کەچی ئێمە هێشتا خاڵە گرنگەکەمان لە تاوانباری‌یەکە نەخستۆتە بەرچاو ، ئەویش ئەوەیە هۆنراو توانای ئەوەی هەیە زیـــان بە ئادەمیـــزادە باشەکانیش بگەیەنێ [١٩]» سوکرات پاش ئەوەی ناوەڕۆك و بابەتی هۆنراو بەو جۆرە لە قەڵەم دەدات دێتە سەر باسی هۆی دەربڕین و دەڵێت :

---

(١٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٦ .
(١٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٧ .

«ئەم هەستیارانە بگرە لە (هۆمیرۆس)ەوە لە لاسایی‌کەرەوە یەك زیاتر هیچی تر نین ، لاسایی وێنەی چاکەیان کردۆتەوە و هەرگیز ناگەن بە ڕاستی• هەستیار وەکوو نیگارکێش و لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێـك لەپیشـەکەی نازانێ ، ئەوانەی لەو زیاتری لێ‌نازانن سەریان سوڕدەمێنێ کاتێ نیگارەکەی دەبینن و تەنیا لە دوو توێی دەنگ و روخسارەکەیا حوکمی بەسەرا دەدەن •

جلۆکۆن : تەواوە بەڵێ وایە •

سوکرات : بە هەمان ڕێگا هەستیار بە هۆی ووشە دەربڕینـەکانیەوە هونەری جۆربەجۆرمان پێشکەش دەکات لەو پێشکەش‌کردنەدا تەنها بـە ڕادەی لاسایی کردنەوەکەی لە سروشتی ئەو هونەرە دەدوێ و ، کەسانی تری هاوتەرازووی ئەو لە نەزانینا تەنیا لە ڕوانگەی ووشەکانیەوە حوکمی بە سەرا دەدەن و وا بە بیریانا دێت داهێنانی تێدا دەکەن بەڵام داهێنانەکەیان لە بارەی دروست‌کردنی پێڵاو یان تەکنیکی جەنگی ، یان هەر بابەتێکی ترەوە بێت تەنها بە پاڵپشتی کێش و ترپە و ئاواز ئەنجام دەدرێت • دەبێ زۆر جار بی‌نیبێتت ، حاڵی شانۆگەری ئەو هەستیارانە چیی بەسەر دێت کە لە قاڵبێکی دوور لە مۆسیقا و لە چوارچێوەی پەخشانێکی ساکاردا گێڕرابێتەوە •

جلۆکۆن : بەڵێ •

سوکرات : لە دەم و چاوێك دەکات بە منداڵی وەکوو گوڵ بووبێ و ئێستا لاوێتی بەسەر چوبێ [٢٠] » •

سوکرات لەم دەقەدا ڕاستەوخۆ فەرامۆشی ئەرکی ووشە و میتەفۆر و دەربڕینی هونەری ئاوەڵواتایی لە خولقاندنی هـۆنراوەدا دەکات و ئـەم خولقاندنەش دەگەڕێنێتەوە بۆ کێش و ترپە و ئاواز بە تەنیا ، جگە لەوەش

---

(٢٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٩ .

ئەو هۆیانەی بنیات نانی فۆرم و روخساری هۆنراوە بە چاوێکی تاوانباری‌یەوە تەماشا دەکات و بە ڕێگای هەڵخەڵەتاندنی خوێنەری هۆنراو و دەستخەڕۆکردنی بینەرانی شانۆگەری دەزانێ ، بۆیە بە هیچ جۆرێك باسی ووشە بە گشتی و ئاوەڵواتای ووشە بە تایبەتی ناکات ، زیاتر لەمەش سەرچاوەی هۆنراوی سوودبەخش و هۆنەری هۆنراوخوانی بە خورپە و ئیلهام دەزانێ ، بۆیە دەڵێ : (خوای هونەر خورپە و ئیلهام بە هەندێ کەس دەبەخشێ و ، لەم کۆمەڵەی کە خورپە و ئیلهامیان پێ بەخشراوە زنجیرەیەك پێك‌دێت ئەم خورپە و ئیلهامە کاریان تێ‌دەکات ، هەموو هەستیارە لێ‌هاتووەکان ئەگەر چی لە خاوەن داستانەکان بن یان هۆنراوەی گۆرانی ، هۆنراوە جوانەکانیان بە هۆی هۆنەرێك کە بە فیربوون چنگیان کەوتبێ ناهۆننەوە ، بەڵکوو هۆی ئەوەیە خورپە و ئیلهامیان پێ بەخشراوە ، هەروەکوو چۆن (کۆربنیتیە) (گێرەشێوێنەکان) بەبێ هۆشی سەمادەکەن ، هەروەها هەستیارەکانیش ئاوازە خۆشەکانیان دەهۆننەوە و بێ ئەوەی هەستی پێ‌بکەن ، خۆرپە و ئیلهام وەردەگرن و وەکوو حاڵ لێهاتوویان لێ دێت [٢١]» .

سوکرات بەم بیروڕایە دەربارەی هۆنراو و باری هەستیار و پێوەندیی بە خەڵکی‌یەوە دەرگا لە ڕووی هەموو زانستەکانی فێربوونی هۆنراو و لێکۆڵینەوەی وێژە دادەخات و دوپاتی دەکاتەوە کە لەبەر ئەوەی هەستیار بە خورپە و ئیلهام هۆنراوەکانی چنگ دەکەوێت هیچ پێویستیەکی بە زانستی زمان و هونەری ڕەوانبێژی و کێش و سەروا نیە ، هەروەها خوێنەران لەبەر ئەوەی حاڵی هەستیارەکان دەیانگرێ و بەم هۆیەوە چێژوچەشە لە هۆنراوەکانیان وەردەگرن هیچ سوودێك لە زانستی

---

(٢١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٣ .

ڕەخنەسازی وەرناگرن و بە بێ ڕەخنەساز لە هەموو بەرهەمێکی وێژەیـی تێدەگەن •

لەرستۆ و لیکۆڵینەوەی میتەفۆر

ئەوەی ئاشکرایە لە مێژووی زانستەکانی وێژەدا : ئەرستۆ یەکەمـین زانایە کە دەستێکی باڵای ئەوتۆی لەم کۆڕەدا هەبوو بـە دامەزرێنـەری بنچینەی لێکۆڵینەوەی هەموو زانستەکان دەژمێررێ •

مێژووشوناسی زانستەکانی زمان ئەگەر بیەوێ لەبـەر تیشـکی ئەو ڕاستیـیەدا نـرخی لێکۆڵینـەوەی ئەرستـۆ لـە زانستی ئاوەڵواتـادا هەڵبسەنگێنێ ، دەبێ دوو ڕاستی ڕەچاو بکات و هەمیشە بیانهێنیتەوە یاد:

ڕاستییەکەم : ئەوەیە کە سۆفستاییەکان جڵەوی بەکارهێنانی ووشە بە گوێرەی واتا فەرهەنگییەکانیان و ئاوەڵواتاکانیان بەرەڵلاکرد و بە بـێ سنوور مافیان بە دوێنەران و وێژەران دا کە بە ئارەزووی خۆیان ووشـە بەکاربهێنن و دەربڕین سازبکەن و ڕەخنەسازان بە بێ دەستوور ڕاڤەی دەقە وێژەییەکان بکەن و تأویلی نابەجێ بە زۆرەملێ بەسەر ووشە و ڕستەکاندا بسەپێنن •

ڕاستی دووەم : ئەوەیە سوکرات و ئەفلاتۆن هەرچەندە بەو ئیشـە نارەوایەی سۆفستاییەکان قایل نەبوون و هەڵوێستێـکی بە پێچەوانـەی ئەوانیان هەبوو ، بەڵام لە بـاسی میتەفـۆردا هیـچ لێکۆڵینەوەیەکیـان بەجێنەهێشت و نەیانتوانی لـە میـانی واتـای ووشـەدا ڕێـگا بـەو گێرەشێوێنییەی سوفستاییەکان بگرن :

ئەم دوو ڕاستییە ، بە لای ئێمەوە ـ هۆیەکی سەرەکین لەو هۆیانەی کە پاڵیان بە ئەرەستۆوە نابێت بۆ یەکەم جار لە مێژووی زانستەکانی زماندا

لێکۆڵینەوەیەکی پێگەیشتوو دەربارەی میتەفۆر و ئاوەڵواتــا پێــش کەش بــکات •

ئەرستۆ کە بینی هەندێك لە وێژەران بە کارتێکردنی سۆفستاییەکان بە ئارەزووی خۆیان ووشە بۆ واتا ناسراوەکانیان بە کارناهێنن و دەربڕیــن بە بێ دەستوور بۆ واتای نوێ دادەتاشن و ئەگەر هاتوو لەم کارە ناڕەوایە ڕەخنەیان لێ گیرا دەڵێن :

ئێمە لەم ئیشە هونەرییەماندا میتەفۆر سازدەکەین ، دەستی کرد بە سنوور کێشانی میتەفۆر •

ئەرستۆ بۆ ئەوەی ئەم سنوورکێشانەی زانستییانە بێت پێناسەیــەکی وورد و دەستنیشانکراوی میتەفۆری دانا و ووتی :

«میتەفۆر گواستنەوەی ووشەیەکە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر[٢٢]»
ئەرستۆ لەم پێنــاسەیەدا هەستی بــەوە کرد ئەگەر بێتو بناغەی پتەو بــۆ ئەم گواستنەوەیە دانەمەزرێنێ هێشتا دەروازەی یــاری کردن بــە واتــای ووشەکان بە بەرەڵڵایی دەمێنێتەوە ، سەرئەنجــام دووا بــە دووای ئــەم پێناسەیە ووتی : «گواستنەوەش یان لە ڕەگەزەوە [٢٣] بۆجۆر [٢٤] یان لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز یان لە جۆرەوە بۆ جۆر یان بــە پێی لێکچوانــدن [٢٥] دەبێ [٢٦] » •

کەواتە وێژەر و لێکدەرەوەی دەقی وێژەیی و ڕەخنەساز تەنها لەسەر یەکێك یان پتر لەو چوار بناغەیەدا بۆیان هەیە ووشەیەك لە واتایەکەوە بــۆ

(٢٢) کتێبی فن الشعر ل ٥٨ •
(٢٣) ڕەگەز : الجنس •
(٢٤) جۆر : النوع •
(٢٥) لێکچواندن : التمثیل والمشابهة •
(٢٦) کتێبی فن الشعر ل ٥٨ •

واتایەکی‌تر بگۆیزنەوە • ئەرستۆ بە نیازی پتەوکردنی ئەو بناغانە یەکە یەکە دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەیان و ووتی «مەبەستم لەم قسەیە لە ڕەگەزەوە بۆ جۆر ، بە بەڵگەی : «کەشتی‌یەکە لێرەدا وەستا » ؛ چونکە لەنگەرگرتن جۆرێکە لە وەستان ئەمەش نموونەی جۆرە بۆ ڕەگەز : (بەڵێ ئۆرسیۆس) [٢٧] هەزاران کاری بە نرخی کردووە) لەبەر ئەوەی (هەزارەها) مانای زۆر ئەگرێتەوە ، بۆیە هەستیار لەبری ووشەی زۆر بەکاری‌هێناوە• نموونەی میتەفۆر لە جۆرەوە بۆ جۆر ئەمەیە : (بە شیری مس گیانی لیَ‌سەند) (ژیانی بە جامێکی مسی تیژ پچڕا) چونکە سەندن لێرەدا بە واتای پچڕاندن دێت پچڕاندنیش واتاکەی جۆرێکە لە سەندن لێرەدا بە واتای کۆتایی‌هاتنی ژیانە ـــ مردنە •

مەبەستم لەم قسەیەم : بەپیی (لێکچوون) هەموو ئەو حاڵەتانەیە کە ئەبیَ ڕێژەی ڕادەی دووەم بۆ ڕادەی یەکەم وەك ڕێژەی چوارەمە بۆ سیَ‌یەم، چونکە هەستیار وای بە کاردەهێنیَ کە چوارەم لەبری دووەمە و دووەمیش لەبری چوارەمە و لە هەندیَ کاتدا ئەو ڕادەیەی کە پێوەندیی بە ووشە گواستراوەکەوە هەیە دەخرێتە سەر میتەفۆرەکە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەم بە نموونە دەڵێم : کە ڕادەی نێوان (پێك) و (دیونیس) [٢٨] هەمان ڕادەی نێوان (قەڵغان)و (ئەرس)ە[٢٩] ، بۆیە هەستیار لە بارەی پێکەوە دەڵێت ئەمە (قەڵغانی دیونیسە) و لە بارەی قەڵغانەوە دەڵیَ (پێکی ئەرس)ە ، هەروەها ڕادەی نێوان پیریێتی و ژیان هەمان ڕادەی نێوان شەووڕۆژە ، بۆیە هەستیار لە بارەی شەوەوە هەمان قسەی (ئەنبارۆتلیس) دەکات و دەڵیَ : پیریەتی ڕۆژە و لە بارەی پیریەتی‌وە دەڵیَ : (تاریکایی

---

(٢٧) لە ئۆدیساوە وەرگیراوە ، سرودی یەکەم ل ١٨٥ .

(٢٨) دیۆنیس : خوای‌مەی .

(٢٩) ئەرس : خوای جەنگ .

ژیانە) یان ، (ئاوابوونی ژیان)ە و لە هەندێ باری لێکچواندندا ناوی تیادا نیە ، بەڵام لە بارەی ڕێژەوە دەڵێ : بۆ نموونـە بەبڵاوکردنـەوەی تـۆو ئەووترێ (وەشاندن) بـەڵام بۆ دەربڕینـی کاری خـۆر ئەویـش کـە بڵاوکردنەوەی تیشکەکانیەتی هیچ ووتەیەك نیە ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕادەی ئەم کارە بۆ تیشکی خۆر هەمان ڕادەی (وەشـاندن)ە ، بۆ تـوۆ ، بۆیـە دەووترێ (ڕووناکیخوایی بڵاو دەکاتەوە) • هەروەها دەتوانرێ هەمـان شێوە لە میتەفۆر بە شێوەیەکی کە بە کاربهێنرێ ، پاش واتاگەیاندنی شتێك بە ناوێك بۆ شتێـکیتر دانرابـێ تایبەتیـەکی ئـەم نـاوە دوایی‌یـە پشتگوێ دەخەین : بۆ نموونە لەبری ئەوەی دەربارەی (قەڵغان) بڵێـین پێکی (ئەرس)ە ئەڵێین «پێکێکی بێمەی»ە [٣٠] ئـەم ڕوونکردنـەوەیەی ئەرستۆ ، بنـاغەکانی میتەفۆر بە جۆرێکی قایم و پتەو دەچەسپێنێ ، جگە لەوەی دەرگای بەرەڵلایی بە کارهێنانی ووشە دادەخات و بۆ یەکەم جـار ڕێبازێکی دەستووری بۆ شیکردنەوەی میتەفۆر پێشکەش دەکات •

ڕەنگە هەندێ لە ڕەخنەسازان توانج لەم ڕێبازە بگرن و سەرنج بـۆ ئەوە ڕابکێشن کە ڕێبازێکی لۆجیکی ڕووتە و ئەگەر هاتو وێژەر پەیڕەوی کرد بەهرەی خوڵقاندنی وێنەی هونەری لە دەربڕینەکانیدا بە دەستی خۆی دادەمرکێنی • بەڵام ئەم جۆرە ڕەخنەسازانە دەبێ بزانن کە ئـەم ڕێبـازە ڕەنگدانەوەیەکی دژواریە لەو دەرفەتەوە هەڵقوڵاوە کە زمانی وێژەیی بـە هۆی سۆفستایی‌یەکانەوە ئاڵۆزاو بوبوو سەرەڕای ئەمەش لە هەموو کاتێکدا سنوورێکی زانستی‌یانە دەربڕینی وێژەیی لە گێرەشێوێنی دەپارێزێ و ڕێگای بەدیهێنانی ئەرکی سەرشانی وێـژەر کە پێوەندیکردنـە بە جەمـاوەری خوێنەرانەوە خۆش‌دەکات •

---

(٣٠) بڕوانە کتێبی فن الشعر ل ٥٩ •

ووشه و واتا له لای هۆراس‌دا

یه‌که‌م ڕه‌خنه‌سازی ڕۆمانی له‌پاش نه‌مانی ده‌وڵه‌تی یۆنانیه‌کان که باسی ووشه‌ی کردبێ و ده‌می ژه‌نییێته میته‌فۆر (هۆراس)ه• ڕووداوه‌کانی ژیانی (هۆراس) هه‌رچه‌نده له ڕووی ڕاستی و ناڕاستی‌یه‌وه جێگای مشتومڕی زاناکانی هاوچه‌رخمانه ، به‌ڵام ئه‌وه‌ی چه‌سپاوه : ئه‌م ڕه‌خنه‌سازه له شاری «ڤینۆسیا» ساڵی (٦٥) پێش‌زایین له‌دایك‌بووه و گومان ده‌کرێ که بێگانه‌بووه و ڕۆمانی نه‌بووه ، چونکه باوکی له سه‌ره‌تای ژیانی‌دا به‌نده‌بووه ، بۆیه شاره‌زاکان له‌و بیروڕایه‌دان که ئه‌غریقی‌یه و له ساڵی (٨) پێش‌زایین‌دا کۆچی دوایی کردووه [١] •

هۆراس گه‌ڵی هۆنراوه و ووتاری جۆربه‌جۆری بۆ به‌جێ‌هیشتوین ، ئه‌وه‌ی پێوه‌ندی به باسه‌که‌مانه‌وه هه‌یه له‌م به‌رهه‌مانه لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی ڕه‌خنه‌سازی‌یه • وا باوه ئه‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ی هۆراس مه‌به‌سته سه‌ره‌کی‌یه‌که‌ی شیی‌کردنه‌وه و لێکدانه‌وه‌ی ڕه‌گه‌زه‌کانی هۆنراو نیه ، چونکه به په‌خشان نه‌نووسراوه‌ته‌وه و له قه‌واره‌ی هه‌ڵبه‌ستێك‌دایه و به‌کێش و سه‌روا و له شێوه‌ی نامه‌یه‌کدا ڕێکخراوه •

ئه‌وه‌ی ڕاسته (هۆراس) خۆی لێکۆڵینه‌که‌ی ناونابوو Epistola. ad. Pisones واته (نامه‌یه‌ك بۆ خێزانی بیزۆ) که له سه‌رده‌می ژیانی (هۆراس)دا خێزانێکی ده‌سته‌ڵاتدار بوون• هه‌روه‌کوو له ناوه‌رۆکی ئه‌م نامه‌یه‌دا ده‌رده‌که‌وێ نووسه‌ره‌که‌ی ویستوویه‌تی له عاستی نرخ‌پێدانی هۆنراوه و چۆنیه‌تی ڕێکخستنی ئامۆژگاریی لاوه‌کانی ئه‌م خێزانه بکات •

له‌م ڕۆژانه‌دا ئه‌م هه‌ڵبه‌سته‌ی (هۆراس) به دوو ناونیشان ناوبانگی

---

(١) بڕوانه کتێبی فن الشعر هۆراس ل ٢٢ .

دەرکردووە : ناونیشانی یەکەم Ars Poetica واتە : هونەری هۆنراوە •
ناونیشانی دووەم : Dearte Poetica واتە : دەربارەی هونەری هۆنراوە •

جا لەبەر ئەوەی ئەم دوو ناونیشانە هیچ پێوەندیەکیان بە هۆراسەوە نیە و نەبووە و لەسەر دەمی ژیانیدا باویان نەبووە ، بابزانین لە چیەوە هاتوون و بۆچی ناونیشانە ڕەسەنەکەی خۆی (نامەیەك بۆ خێزانی پیزۆ) پشت‌گوێ‌خراوە ؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و هەموو پرسیارێکی تر لەم سووچەوە بە هیچ کلۆجێك ئاسان و زانستیانە نیە ؟ بەڵام تاقە هۆی ، کە ڕەنگە لە ڕاستی‌یەوە زۆر دوور نەبێت و بتوانێ ئەم دوو ناونیشانەی لیکۆڵینەوەکەی (هۆراس) ڕوونبکاتەوە بابەتی هەڵبەستەکەیە ، بۆیە زۆربەی زاناکان لەو بڕوایەدان کە ئەو دوو ناونیشانە دەشێ لەوەوە هاتبن کە بابەتی هەڵبەستەکە دەربارەی سروشت و چەشنەکانی هۆنراوەیە :

گرنگترین بیرۆکە لەم هەڵبەستەدا کە تا ئەندازەیەکی فراوان زادەی بلیمەتیی (هۆراس) بێت و لە داهێنانیدا شوێن پێی ڕەخنەسازە یۆنانیەکانی هەڵنەگرتبێت ــ باسی ووشە و واتایە •

هۆراس لەم باسەدا دەڵێت : «ئەی ئەوانەی دەنووسنەوە ، بابەتێك هەڵبژێرن لەگەڵ ووزەتاندا بگونجێ ، لەوە دوور کەونەوە کە ناتوانن قورسیی بارەکەی هەڵبگرن یاخود شانتان بۆ بارکردنی دەست‌نادات ، ئەگەر مرۆڤێك لە هەڵبژاردنی بابەتەکەیدا سەرکەوتوو بوو ، هەرگیز پەنهانی دەربڕین مافی لێ‌ناگرێت و دارشتنی ڕەوان مل‌کەچی لێ‌ناکات »[٢] • لەم چەند دێڕانەدا هۆراس گرنگیی بە بابەت و واتا دەدات و دەربڕین و ووشە بە پلەی دووەم دەژمێرێ • ئەگەر لەبەر تیشکی مێژووی زانستی میتەفۆرا ئەم

---

(٢) بڕوانە کتێبی فن الشعر هوراس ل ١١٠ــ١١٢ •

سەرنجە هەڵبەسەنگێنرێ بە هەنگاوێکی پێشکەوتن‌خوازانە لە قەڵەم دەدرێ ، چونکە هەروەکوو ئاشکرایە ڕەخنەسازە یۆنانیەکان بە گشتی و (ئەرستۆ) بە تایبەتی میتەفۆریان کە بڕبڕەی لیکۆڵینەوەی وشەیە دوور لە بابەت و واتاوە باس‌کردووە و بە ڕواڵەت تێیان ڕووانیووە و تەنها لە چوارچێوەی مانای زمانەوانی و واتای میتەفۆری هەڵیان‌سەنگاندووە و چەند دەستوورێکی تەنگەبەر و ووشك بۆ گواستنەوەی ووشە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تریان سەپاندووە .

بەڵام (هۆراس) وای لێ‌نەکردووە و بە پێچەوانەی ڕەخنەسازە یۆنانیەکانەوە بابەت و واتای بە سەرچاوەی ووشە و دەربڕین داناوە و سەلماندوێتی کە ویژەر ئەگەر هات و لەگەڵ بابەتەکەی‌دا ئاشناییەکی قووڵی هەبوو واتاکانی لە دڵو دەروونی‌دا پێ‌گەیشتبوون ئەوا بە ئاسانی دەربڕینی بەرز و ووشەی هونەری ساز دەکات .

کەوابوو دەربڕین و ووشە لە لای (هۆراس) بەرهەمی بابەت و واتان ، بۆیە ئەم ڕەخنەسازە ڕوو دەکاتە خوێنەر و گوێ‌گرەکانی و دەڵێت : «هەروەها ئەگەر هات و لەوانە بووین کە لە گونجاندنی نێوانی واتا و ووشەکانیان‌دا هونەرمەندن ، دەرفەتی ئەوەت دەبێت بە سازدانی ئەو دەربڕینانە کە ووشەی کۆن لە ناویاندا دەبنە ووشەی نوێ بگەیتە هونەری ڕەوانبێژی »[٣] بێ‌گومان گونجاندنی ووشەکان و ڕێکخستنیان ڕووداوێکی بابەتی‌یە و لە ڕازاندنەوەی ڕستە و یاری‌کردن بە دەربڕینەوە دوورە ، بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕاستی‌یە ئەوەیە (هۆراس) دەرگای سازکردنی ووشەی نوێ و بۆ گەیاندنی واتای تازە دەخاتە سەرگازی پشت و دەڵێت : «ئەگەر هات و واتای شارراوەی وا هەبوو بۆ ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی پێویستی بە ووشەی نوێ‌باو هەبوو بۆ مرۆڤ هەیە واژەی وا سازبکات

---

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١١٢-١١٤ .

که بەرگوێی (سێتیجۆس) [٤] نەکەوتبێ ، ئەگەر هات و بە دەستکاری‌یەکی کەمەوە لەسەر چاوەیەکی ئەغریقی‌یەوە هەڵقوڵابوو • ئایا مافێـــك هەیـــە ڕۆمانیەکان بە خەڵات بیدەن بە (کایسیلۆس) [٥] و «بلاوتۆس» [٦] • بەڵام لە هەمان کاتدا لە (فێرجێل) [٧] و (ڤاریۆس)ی [٨] قەدەغە بکەن » [٩] •

(هۆراس) لەم چەند دێڕانەدا بەوپـــەڕی ئازایەتی‌یـــەوە بەشـــداریی زۆرانبازیی نەمری نێوان کۆن و تازەدەکات و بەرگری لە تازەکەرەوەکانی وێژە و زمانی هونەری دەکات و بە شێوەی پرسیار بڕیاری ئەوە دەدات کە لەبەر ئەوەی خەڵکی ڕێگایان لە وێژەرەکۆنـــەکان وەکوو (کایسیلیوس و بلاوتوس) لە داهێنانی وشەی نوێ‌باو ئەگرتووە و مافی ئەوەیان پێ‌داوون دەربڕینی نوێ سازبکەن ، پێویستە هەمان ڕەفتار لەگەڵ وێژەرە سەردەمیەکان وەکوو : (فرجیل و فاریوس) بکەن و نابێ لەم ڕەفتارکردنە سڵ لە کۆنـــە پەرستان بکەنەوە •

ئەم بڕیارەی هۆراس ئەگەر لەگەڵ بناغەکانی (ئەرستۆ) لە گواستنەوەی ووشە لە واتای فەرهەنگی‌یەوە بۆ ئاوەڵواتـــا بـــەراووردی بکەیـــن بـــە هەڵوێستێکی شۆڕش گێڕ دەژمێررێ •

---

(٤) سیتیجۆس : واتە لەبەرکەری چەشنە بەرگێکی نەتەوایـــەتیی کـــۆنی ڕۆمانی : هۆراس ئەم ووشەیەی بۆ ڕۆمانیە کلاسیکی‌یەکان کە بڕوایان بە هیچ گۆڕرانێك نەبووە بە کارهێناوە •

(٥) کایسیلیۆس : هەستیارێکی ڕۆمـــانی‌یە بـــە هۆنینـــەوەی هەڵبـــەستی گاڵتەوگەپ بە ناوبانگ بوو ، لە ساڵی ١٦٨ پ ــ ز کۆچی دوایی‌کردوە.

(٦) بلاوتۆس : بەناوبانگترین هەستیاری گاڵتەوگەپی ڕۆمانی‌یە لە ســـاڵی ٢٥٤ پ ــ ز لەدایك‌بووە •

(٧) فیرجیل : گەورەترین هەستیاری ڕومانی‌یە ، لەسەردەمی (هۆراس)دا ژیاوە و ساڵی (١٩) پ ــ ز مردووە •

(٨) فاریوس : هەستیارێکی ڕۆمانی‌یە لەگەڵ (هۆراس)دا ئاشنایەتی هەبووە.

(٩) هەمان سەرچاوەی پیشوو ل ١١٢ــ١١٤ •

بەڵێ (هۆراس) لە ئازادیپێدانی وێژە تازەکەرەوەکان بۆ سازدانی ووشەی نوێباو سنوورێك لە بەرزی و بەهێزیی چێژ و بە دەستکاریەکی کەمەوە لە سەرچاوەیەکی یۆنانی وەرگرتن کێشاوە ، بەڵام بە بێ مشتومڕ ئەم سنووورە لە چاوی چواربناغەکەی (ئەرستۆ)دا یەکجار فراوان و بەرینە و بە هیچ جۆرێك ڕێگا بە لەدایكبونی زاراوەی نوێ و میتەفۆری پێویست ناگرێت •

جا با لەم ڕووەوە گوێ لەم ڕەخنەسازە بلیمەتە بگرین کە دەڵێت : «بۆچی شایەنی قایلبون نیە ئەگەر هات و تواناى ئەوەم هەبوو هەندێ ووشەی نۆیباو بخەمە سەرخەزنەی زمانەکەمان کەچی بەرهەمەکانی (کاتووانیوس) [10] ڕێگای ئەوەیان پێدرابوو بە داتاشینی ووشەی تازە بۆ واتای جۆربەجۆر زمانی باوك و باپیرانمان دەوڵەمەند بکات » [11] •

(هۆراس) لێرەدا ئەرکی زمانیی سەرشانی ڕەخنەساز بەدیدەهێنێ و ڕاستییەکی (سیمانتیکیمان) بۆ رەچاو دەکات و دەڵێت :

نابێ دەرگای خەزنەی زمان کە سامانێکی نەتەوایەتییە لە ڕووی گۆڕانی ژیان دابخرێ ، دەبێ بە داتاشینی ووشەی نوێ واتا هەمیشە لەدایكبووەکان دەربخەین و ئەو خەزنەیە دەوڵەمەند بکەین • ئەگەر لە (هۆراس) بێینە پێشەوە و بپرسیت بۆچی ئەم رەخنەسازە لە نەریتی کۆمەڵایەتی و یاسای سروشتەوە وەلامت دەداتەوە و دەڵێت :

«بە هەموو وەچەیەك ڕێگا دراوە و هەمیشە رێگایان پێدەدرێ بە گوێرەی باوی سەردەمەکەیان ووشە ساز بکەن ، هەروەکوو چۆن دارستان

---

(١٠) کاتووانیوس : ڕەخنەسازێکی ڕۆمانییە لە سالی ١٤٩ پ ـ ز کۆچی دووایی کردووە .

(١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١١٤ .

پاش تێپەڕبوونی ساڵ گەڵاکانی دەگۆڕێتەوە و ئەوەی لە پێش‌دا سەوز بووبوو دەڕزێت ، هەروەها ووشەکانیش کۆترینیان زووتر بەرەو نەمان دەڕۆن ، بەڵام نۆی‌کانیان وەکوو وەچەیەکی تازە و پێ‌گەیشتوو و سەوز و بەهادارن »(١٢) هەڵبەتە ئەمە دەستووری ژیانە : هەموو سەردەمێك بیروباوەڕ و واتای تایبەتی خۆی هەیە ، بۆ ئەم بیروباوەڕ و واتایانە ووشە و زاراوە و دەربڕینی گونجاو چەسپێنراوە، بەڵام ئەم سەردەمە ووردە ووردە بەرەو مێژوو دەکشێتەوە و هەموو دەسەلاتێکی لەگەڵ خۆی‌دا دەپێچێتەوە و دەرفەت بە دەسەلاتی سەردەمێکی نۆی دەدات کە بیروباوەڕی تازە و واتای نوێ دەهێنێتیە کایەوە، ئەمجا ئەگەر وێژەران و زمانەوانانی ئەم سەردەمە زانستیانە نەیەن بە پیری ڕوداوەوە ووشە و دەربڕینی گونجاو بۆ پێویستی‌یەکانی سەردەمەکەیان بە هوێ داتاشین و لێکدان و ئاوەڵواتاو ڕێگاکانی تری خولقاندنی فەرهەنگی زمان ساز نەکەن ئەوە بە دەستی خۆیان نەونەمامەکانی زمانی نەتەوەکەیان ووشك دەکەن •

لە هەمان کاتدا بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر هات و بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستان و مافی سروشتی و فەرمانەکەیان بەجێ‌هێنا و بەگوێرەی چێژی نەتەوایەتیان و لەبەر تیشکی دەستووری زمانەکەیاندا ووشەی نوێ‌یان سازکرد هونەرمەندانە نەونەمامەکانی زمانەکەیان ئاو دەدەن و ڕێگای نەشونما و خەملاندنیان بۆ بەرەلا دەکەن ، هەتاکوو دەبنە دارستانێکی سەوز و بەهادار • ئا بەم جۆرە (هۆراس) باسی ووشە و واتا بەر لە دوو هەزار ساڵ بەرپادەکات و دوو بنەواشەی زانستی و هونەریمان بۆ دادەڕێژێ :

بنەواشەی یەکەم : ووشە شوێن‌پێ‌هەڵگر و بەرهەمی واتایە •

بنەواشەی دووەم : هەموو زمانەوانێك دەبێ خولیای سازکردنی

---

(١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١١٤ •

ووشەی تازە بۆ واتای نوێ بخوات و نابێ دەستەوئەژنۆ بەرامبەر بە گۆڕانی ژیان دانیشێت و زمانەکەی بە هەژاری بهێڵێتەوە ، یاخود بە ووشەی بێگانە بۆ پێداویستی‌یەکانی سەردەمەکەی زمانە شیرینەکەی پینە بکات • ڕەخنەسازی هاوچەرخمان گەر بیەوێ ئەم دوو بنەواشەیە هەڵبسەنگێنێ و پلەی (هۆراس) لە جیهانی زانستی ڕەخنەسازی و ئاوەڵواتادا دەست‌نیشان بکات بۆی هەیە کە بڵێت : قسەکانی (هۆراس) هەموویان نەظەرین و پێویستیان بە بەڵگە و نموونە هەیە ، بەڵام ئەم ڕەخنەسازە نابێ ئەوە لە یاد بکات کە هۆراس باسەکەی لە قەوارەی هەڵبەستێکدا ئەنجام داوە و هەڵبەستیش — بێ‌گومان — کۆڕی نموونە و بەڵگەهێنان و لێکدانەوە و شی‌کردنەوەی بیروڕانیە • بۆیە نە ئێمە و نە کەسانی تر دەتوانن فەرامۆشی نرخی (هۆراس)بکەن و وەکوو ڕێ‌پێشاندەرێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە و تەنگ و چەڵەمەی ووشەی نوێ‌باوو وێنەی هونەریی‌تازە و ئاوەڵواتای پێویست نەی‌دەنە قەڵەم •

لۆنجنیۆس و دەربڕینی مێتەفۆری

لە ڕەخنەسازیی ڕۆمانیدا کتێبێك بە ناونیشانی (بەرزیی هونەری ڕەوانبێژی) [١٣] ناوبانگێکی فراوانی دەرکردووە ، دانەری ڕاستەقینەی ئەم کتێبە نەناسراوە و مێژووشوناسەکان و ڕەخنەسازەکانیش لەسەر ناوی ئەو دانەرە یەك نین : هەندێکیان دەڵێن دانەرەکە ناوی (کاسیوس لونجانیوس) بووە •

ئەم ناوەش تا سەدەی سێ‌یەمی زایین بە کتێبەکەوە لکابوو ، بەڵام هەندێکی تریان دەڵێن : دانەرەکە ناوی (لۆنجانیۆس)ە • هەرچۆنێك بێت لێکدانەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە دانەرەکەی لە سەدەی

(١٣) بەرزیی هونەری رەوان بێژی : سمو البلاغة .

یەکەمی زایینیدا ژیاوە و لەوانەیە ناوبانگی لە چارەکی کۆتایی ئەم سەدەیەدا دەستی کردبێ بە بڵاوبوونەوە •

دانەری (بەرزیی هونەری ڕەوانبێژی) لەسەر شێوازی ئەفلاتوون لە دانانی کتێبەکەیدا کە دەمەتەقێیە بیروڕاکانی خۆی دەگەیەنێ بە خوێنەران• هەرچەند نابێ ئەوە تێبگەین کە ئەم دانەرە لە بیروڕاکانی دەربارەی هۆنەری ڕەوانبێژی لاسایی ئەفلاتوون دەکاتەوە و لەسەر ڕێچکەی ئەو دەڕوات • بەڵگەشمان لەسەر ئەم ڕاستییە ئەوەیە ، دانەر باسی سروشتی لێکۆڵینەوەکەی دەکات و دەڵێت :

«لەوانەیە بێتەوە یادت ئەی (بوسنویاس تیرتیانوس)ی خۆشەویستم ئێمە کاتێك ووتارەکەی (سسلیام)مان لە بەرزیی (هونەری ڕەوانبێژی)دا پشکنی بینیمان ئەو مافی تەواوی بابەتەکەی نەداوە، هەروەها نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ڕوون هەست بە خاڵە بنەڕەتییەکان بکات و هیچی بۆ خوێنەران نەهێناوەتەوە تەنها ئەوە نەبێ لە کۆمەڵکاریدا کەمێك یارمەتی داوون ، لە کاتێکدا دەبێ ئەو یارمەتییە ئامانجی سەرەکی نوسەر بێت •

هەموو ووتارێکی بژارکراو پێویستی بە دوو بابەت هەیە :

یەکەم : لێکدانەوەی بابەتەکە •

دووەم : ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێگایانەی دەمان گەیێنێتە مەبەست[14]

دانەر لێرەدا هونەری ڕەوانبێژیی بە بابەتێك لە بابەتەکانی زانست دەزانێ کە شایەنی فێرکردن و فێربوونە و پێویستی سەرشانی بە ڕوونکردنەوەی ئەم فێربوونە و ئەم فێرکردنە دەستنیشان دەکات ، بە پێچەوانەی ئەفلاتوونەوە کە هەروەکو بینیمان ئەم بابەتە لە بیروڕایدا دەستکەوتێکی خوایییە و وێژەر بە هۆی خۆرپە و ئیلهامەوە لە خواکانەوە وەریدەگرێت و بە هیچ

(١٤) کتێبی النقد الادبی اسس النقد الادبی الحدیث ل ٣٩ •

جۆرێك لە ڕێگای مامۆستای فێرکەر و زانای دانەرەوە فـێری نـابێت • سەرەنجام ئەم دانەرە بلیمەتە لەبەر تیشکی تیڕوانینێکی زانستیانە دەقی وێژەیی شیدەکاتەوە و دەڵێت : «بەرزیی زمان گوێگرەکان ڕازی ناکات ، بەڵکوو خۆشی دەخـاتە دەروونیانـەوە ، بـەڵام لەڕێـگای هونـەری ڕەوانبێژیەوە بەرزەکاریگەریەکی بێهاوتا و هێزێکی بە تەوژم بەسـەر دڵی گوێگرەکاندا زاڵ دەبێـت ، لێهـاتوویی لە داهێنـان و پەیـڕەو و ڕێكخستن لە بابەتەکەدا لە کارێك یان لە دوو کارەوە هەڵناقوڵێ ، بەڵکوو زادەی کارێکی زۆر گرانە کە بە گشتی لە سازکردن و داڕشتنی بابەتەکەدا دێتە بەرهەم (١٥) » کەوابوو دەقی وێژەیی بە لای ئەم دانەرەوە بەرهەمێکی یەكگرتووە : بەرزیی زمانەکەی بە تەنها ڕەنگە خۆشیەکی کاتی ببەخشێ ، بەڵام هێزە نەمرەکەی لە بەیەکداچوونی زمان و بابەت و داڕشتن سازکردنیان لە جۆرێکی هونەریەوە هەڵدەقوڵێ • بۆیە ئەم دانەرە کە نزیکەی هەزار و نۆسەد ساڵ لەمەوبەر ژیاوە بە هیچ جۆرێك ناڕوانێتە دەقی وێژەیی وەکوو یەکیەتیەکی دەستکرد لە نێوانی زمان و بابەت یاخود فۆرم و ناوەرۆك ، بەڵکوو بە بەرهەمێکی تێکسمڕاوی وای لەقەڵەمدەدا ئەگەر هـات و لـە بنـاغەدا لە چەند توخم و ڕەگەزێك پێكهاتبێ هەمیشە وەکوو بوونێـکی تاقە ڕەگەزیی هاتۆتەکایەوە •

جا با بزانین پێوەری دانەرەکەمان لەبەر تیشکی ئەم چەمەکە زانستیانەی دەربارەی بوونی دەقی وێژەیی لە هەڵسەنگاندنی دەربڕینی هونەریدا چیە و لەسەر چ بناغەیەکدا نرخی میتەفۆر دەستنیشان دەکات ؟ دانەر لە هەموو تێبینیە رەخنەسازیەکانیدا دوو هەنگاو هەڵدەگرێ :

یەکەم : دەقێکی وێژەیی تۆمار دەکات وەکوو ئەم دەقە : «چەپـکە

---

(١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٣ .

گڕێك وەكوو شەپۆلی دەریا بەرەو ئاسمان هەڵدەدەم ، سەرباقەكان دەسوتێنم و دەیانكەم بە مشتێك خۆڵەمێش ، نەخێر سرودەكەی ئێستا ئاوازێكی بەرز نی‌یە ، (بۆریاس) جگە لە بلوێرژەنێك هیچی تر نیە [١٦]».

دووەم : هەڵسەنگاندنی دەربڕینە میتەفۆریەكانی دەقەكە بە چەند بڕیارێكی ڕەخنەسازی كە لەسەر بناغەی بەراووردكردن و شی‌كردنەوە ئەنجامیان دەدات ، هەروەكوو ئەم بڕیارانە كە دەقەكەی پێشوو لێك‌دەدەنەوە و دەڵێن :

« ئەم وێنانە هیچ كارەساتێكیان تێدا نیە ، بەڵكو دەست‌كرد و درۆن : (چەپكەگڕ) و (هەڵدان بۆ ئاسمان) و لێكچواندنی (بۆریاس) بە (شمشاڵژەن) و هەموو ئەوانەی كە ماونەتەوە چەند لێك‌چوونێكی دەربڕینی شڵەژاوون وێنەی ئاڵۆزیان كراوە بەبەردا زیاتر لەوەی كە بەرهەمی هێزی سۆز بن ، ئەگەر هەر یەكێك لەمانەمان لەژێر ڕووناكی ڕۆژدا پشكنی وورده وورده لە شتێكی ترسناكەوە دێنە خوارەوە بۆ شتێكی هیچ و پووچ. فووی بەتاڵ تەنانەت لە تراجیدیاشدا چاوی لێ ناپۆشرێ كە خۆی لە سروشتیا قەبەیە و ڕوو دەكاتە دەربڕینی دەنگ‌دەرەوە ، بۆیە وا بیردەكەمەوە كە ئەمە لەگەڵ گێڕانەوەی ڕاستی و ڕیالیزمدا ناگونجێت [١٧] » ئەم بڕیارە ڕەخنەسازیانە كە ئەو دەربڕینە میتەفۆریانە لە ئاولواتاو لێكچوون هەڵدەسەنگێنن نەخشەی ڕێبازێكی زانستیانە دەكێشن : میتەفۆر دەبێ بەرهەمی كارەسات و سۆزبێت و ڕازانەوەیەكی ڕووكەشی نەبێت ، ئەگینا وەكوو فووی بەتاڵ و قسەی درۆ بە بەر گوێ‌دا دەڕوات و هیچ شوێنەوارێك لە هەست و دڵی گوێ‌گر و خوێنەردا بە جێ ناهێڵێ . هەروەها دەربڕینی میتەفۆری لە بیروڕای دانەرەكەماندا دەبێ لە شوێنی

---

(١٦) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٢ .
(١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٨ .

خۆی‌دا بێت و ڕووەکی کێڵگەی خۆی بێت ، هەموو بابەتێك پێویستی بە میتەفۆر نیە و نابێ نووسەر هەمیشە و بە بێ پێویست پەنابباتە بۆ بەری بۆیە هەندێك لە دەربڕینە میتەفۆریەکانی (زەینەفۆن) لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا (ڕژێمی فەرمانڕەوایی لای اللاسیدیمونیەکان) هەڵدەسەنگێنی و دەڵێت :

«بیستنی دەنگەکانیان زەحمەت ترە لە بیستنی دەنگی پەیکەرە مەڕمەڕیەکان • گوڕێنی چاو تێبڕینەکانیان گەلێ گرانترە لە لات لە گۆڕینی چاوتێبڕینی پەیکەرە برۆنزیەکان ، لە چاوەکانیاندا کچی زیندووت بۆ دەردەکەوێ کە خۆمان لەمان زیاتر شەرمن ترین • ناونانی بیلبیلەی چاو بە (کچی زیندوو) شایەنی قەڵەمی (أمفکرتیس)ە نەك قەڵەمی زەینەفۆن ، خوایە چەند سەیرە ئەگەر باوەڕمان وابێ کە بیلبیلەی چاوی ئەوانە شەرم دەردەبڕێت لەگەڵ ئەوەی کە ئەم پەندە بڵاوە دەڵێت :

(خۆشەویستیی کەسێك شتێك دەرنابڕێ چەشنی چاو) هەر وەکوو (هۆمیرۆس) دەڵێت : (ئەی سەرخۆش ، دوو چاووت هەیە لە چاوی سەگ دەچن) »[١٨] • دانەر لەم دەقەدا بێ‌گومان دەیەوێ بڵێ : دەربڕینی میتەفۆری بە کەڵکی پەخشانی زانستی وەکوو کتێبەکەی زەینەفۆن کە دانراوێکی یاساگەری و ڕامیاری‌یە نایەت و بە ئاوازێکی ناساز دەبیسترێ، چونکە ئەم چەشنە دەربڕینانە بەرهەمی سۆز و ئەندێشەن و لە کارگەی هەست و دەروون و دڵی هەستیاردا سازدەکرێن و بە هیچ کلۆجێك بە هۆشمەندی و لۆجیکی نووسەری بابەتێکی مەوزوعی ئەنجام نادرێت •

بەراستی ئەم بیروباوەڕانە لە هەڵسەنگاندنی میتەفۆر و دانانی سنووری بەکارهێنانی و شی‌کردنەوەی سەرچاوەکانی جێگای سەرسوڕمانی مێژووشوناسی ڕەخنەسازییە ، چونکە تەمەنیان نزیکەی بیست سەدە

---

(١٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٠ .

دەبێت و لەو مێژووە دێرینەدا توانیویانە رێبازێکی زانستیانە بۆ ئەم بابەتە گرنگە لە رەخنەسازیدا بەرپا بکەن •

رەنگە نرخی ئەم رێبازە لەمەولا زیاتر بۆمان دەربکەوێ کە دەبینین زۆربەی نووسەرە کوردەکانمان لە باسەکانیاندا دەربارەی خوازە و خواستن و درکە ، شوێنپێی رێبازێکی ووشك و برپاردەری دوور لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی سەرچاوەکانی ئەم هونەرە هەڵدەگرن •

بـەشی دووەم

مەجاز لە ڕەخنەسازیی عەرەبیدا

- سەردەمی پێش ئیسلام و باسی مەجاز .
- قورئانی پیرۆز و زمانی عەرەبی .
- لەدایکبوونی زاراوەی مەجازی عەرەبی .
- فەرامۆشکردنی (المجاز) لە رەخنەسازیی عەرەبیدا .
- رێبازی شیکردنەوەی مەجاز لە رەخنەسازی عەرەبیدا .

سەردەمی پێش ئیسلام و باسی مەجاز

تەمەنی کۆنترین دەقی وێژەیی عەرەبی کە گەیشتۆتە دەستمان لە هەزار و حەوت سەد و پەنجا ساڵ پتر نیە ، ئەوەی لە مێژووی وێژەدا دانی پیانراوە ڕەخنەسازی لە دوای پەیدابوونی وێژەوە لەدایكبووە ، بۆیە وا چاوەڕێ دەکرا داهێنانی زانستی مەجازی عەرەبی کە بەشێکە لە ڕەخنەسازی لە دەوروبەری سەرەتای ئەو مێژووەوە دەستی پێ کرابێ ، بەلام ئەم چاوەڕێکردنە بێ ئەنجام بوو چونکە بە درێژایی سەردەمی جاهیلی کە لە سەدەی یەکەمی زایینەوە دەستپێدەکات و لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینی بە پەیدابوونی ئاینی ئیسلامی پیرۆز کۆتایی هاتووە هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و زانستیمان لەو ڕووەوە چنگ ناکەوێت :

هەندێ دەنگ و باسی پچڕپچڕ لە چەند سەرچاوەیەکی کۆندا وەکوو کتێبی (الأغانی) [1] دەماودەم دەگێڕنەوە کە لە کۆتایی سەردەمی جاهیلیەت و لە بازاڕی (عوکاز)دا بە بۆنەی وەرزی کڕین و فرۆشتنەوە خێوەتێك بۆ هەستیارێکی بە ناوبانگ کە نازناوی (النابغـة الذبیانی)یە هەڵـدەدرا ، هەستیارەکانی عەرەب لەو خێوەتەدا هۆنراوەکانیان بۆ (نابیغة) دەخوێندەوە، ئەمجا ئەمیش بڕیاری لەسەر پەسندی و ناپەسندیان دەدا .

ئێمە ناتوانین لێرەدا بڕیارەکانی (نابیغة) وەکوو ڕووداوێکی مێژوویی هەڵبسەنگێنین ، بەلام ئەوەی بە دڵنیاییەکەوە دەتوانین بیسەلمێنین زاراوەی

---

(١) دانەری ئەم کتێبە (ئەبو فەرەجی ئەصفەهانی)یە .

(مەجاز) لەم سەردەمەدا بەکارنەهاتووە ، هەرچەندە چەند بابەتێکی مەجازی یاخود نزیك بە بابەتی مجازی وەکوو بەکارهێنانی دوو ووشە بۆ یەك واتا و لادان لە بەکارهێنانی ووشەیەك بۆ ووشەیەکی تر و سازدانی ووشەیەکی نوێ بۆ واتایەکی تازە بە جۆرێکی سادە و ساکار لێیان کۆڵراوەتەوە •

قورئانی پیرۆزو زمانی عەرەبی

ئاشکرایە کە قورئانی پیرۆز ڕووداوێکی هونەری بەرزە جگە لەوەی پەیامێکی ئایینی پیرۆزە ، هەموو ئەو بەراووردانەی نێوانی ناوەڕۆکی قورئان و بابەتەکانی هۆنراوەی سەردەمی جاهیلی کراوون ، تاقە سەرەنجامێکی زانستییان دووپاتکردۆتەوە ، ئەم سەرەنجامەش ئەوەیە : ناوەرۆکی قورئانی پیرۆز لە ڕووی بابەت و بیرۆکەوە بە هیچ جۆرێك لە زۆربەی واتاکانی هۆنراوی جاهیلی ناچێت و هیچ وێژەرێکی عەرەبی سەردەمی جاهیلیەت و سەرەتای سەردەمی ئیسلام بە هۆنراو و پەخشان و قسەی ڕۆژانە توخنی واتای سوورەتەکانی قورئان نەکەوتوون و ئەم واتایانە کە لە باسی بیروباوەڕی ئایین و ئیسلام و یاسادانان بۆ کۆمەڵ و ڕێکخستنی پێوەندیی ئادەمیزاد بە ئادەمیزادەوە پێکهاتوون تازە و خوڵقێنراوون •

تازەیی و خوڵقێنراوی واتاکانی قورئان لە ئاستی واتاکانی وێژەی سەردەمی جاهیلیەت و ئیسلام ڕاستییەکی سەرەکی دەچەسپێنێ ، ئەم ڕاستییەش لە جیهانی زانستی زمانەوە کە بابەتی (مەجاز) یەکێکە لە لقەکانی سەر دەردەهێنێ و دەڵێت : قورئانی پیرۆز کە زمانی عەرەبی بۆ گەیاندنی واتا و بابەتەکانی هەڵبژارد ، ئەم زمانە پێویستی بە گۆڕاێکی قوڵ و فراوان هەبوو بۆ ئەوەی لە ڕادەی بابەتەکانی وێژەی سەردەمی

جاهیلی بەندبێتەوە و خۆی بگەیەنێتە ڕادەی واتــا و مەبــەستە تــازە و خولقێنراوەکانی ئایینی ئیسلام •

لێکۆڵینەوەی زمانی قورئــانی پــیرۆز و بــەراووردکردنی واتــای ووشەکانی لەگەڵ واتای هەمــان ووشــە کە لە ســەردەمی جاهیلیەتــدا بەکارهاتوون ، گەیشتوونەتە سەرەنجامێك کە دەڵێ : ڕێگای (مجــاز) فراوانترین هۆی بووە لەبەر دەستی زمانی عەرەبیدا بۆ دەربڕینی بیرۆکە و واتا تازەکانی ئەم کتێبە پیرۆزە •

بۆ نموونــە لە ســەردەمی جاهلیەتدا ووشەی (الزكاة) بە واتــای (نەش‌ونماکردنی ڕووەك) هاتووە و ووشەی (الشريعة) بۆ واتای (ئــاوی سازگار) بەکارهاتووە و ووشەی (الركوع) بۆ واتای (قاچ‌هەڵخلیسکاندن) سازکراوە •

بەڵام ئەم ووشانە لە قورئانی پیرۆزدا لە ڕێگای مەجازەوە واتاکانیان گۆڕراوون : ووشەی (الزكاة) بۆ مەبەستی (باجێکی ئایینی) دێت و ووشەی (الشريعة) بۆ دەربڕینی مانای یاسای ئایینی ئیسلام ئەنجام دراوە و ووشەی (الركوع) (بۆ گەیاندنی بزووتنەوەیەك لە بزووتنەوەکانی نوێــژی ئــایینی ئیسلام) بەکارهاتووە •

بە تێڕوانینێکی تایبەتی خۆمان پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گەیشتینە ئەوەی کە لە زمانی قورئانی پیرۆزدا سێ چەشن لە مەجاز هەیە :

یەکەم : مەجازی ئایینی :

ئەم چەشنە مەجازە لە کۆمەڵە ووشەیەك پێك‌هاتووە کە بۆ سیفــاتی خوای گەورە و میهرەبان بەدی‌دەکرێن : وەکوو ووشەی (دەست)و (قاچ)و (لا)و (عەرش)و (هاتن)و (چوون) هتد •

بێ گومان لە قورئانی پیرۆزدا کە دەووترێ (ید اللــه) مەبەست لە ووشەی (ید) دەستی ئادەمیزاد نیە و واتای (جنب) (لا) نیە و (عرش) بۆ واتای کورسی و شتێکی قەوارەدار نەهــاتووە و (جاء) مەعنای هــاتنی شتێکی هەستپێکراو ناگەیەنێت • کەوابوو ئەم ووشانە مەجازن و دەبــێ لەبەر بڕوامان بە ئایینی ئیسلام کە (خوا)ی گەورە و میهرەبان بە بێ هاوتا و تاقانە بە ئێمەی ناساندووە ، واتای ئەو ووشانە و ئەوەی لە زمانی قورئاندا لەو ووشانە دەچن بە جۆرێکی وا دەستنیشان بکەین کە لە مانای زمــانی پێشووەکانیان نەچن و جیاوازییــەك لە نێوانیــان و مەبەستەکانیــان لــە فەرهەنگی عەرەبیدا سازبکەین •

دووەم : مەجازی زاراوەیی :

قورئانی پیرۆز ژمارەیەك لە ووشەی عەرەبــی وەکوو (الفســوق) و (الزکاة) و (الرکوع) و (الشریعة) و (السجود) و (الدین) و (الصلاة) ••• هتد • لە واتا عەرەبیە پێش ئیسلامیەکانیانەوە بۆ چەند واتایــەکی نــوێ گواستەوە و کردنی بە زاراوەی وا کە لە فەرهەنگی عەرەبیــدا بۆ واتــا تــازەکانیان بەکارهاتوون و ئەم فەرهەنگەش وەکوو ووشەیەکی نوێبــاو شوێنیان بۆ کردۆتەوە و واتا تازەکانیان بە سەربەخۆیی لە واتا دێرینیەکانیان دەستنیشان کردووە •

سێیەم : مەجازی هونەری :

مەبەستی قورئانی پیرۆز لە گەیاندنی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام بــە خەڵکی بە دوو هۆ هاتۆتەدی •

یەکەم : ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕ و تێگەیاندنی •

دووەم : بزواندنی هەست و نەست و کارتێکردن •

ئەم دوو هۆیەش بە ووشە و دەربڕینــی مەجــازی ئەنجامدراوون

بۆنموونە ، کە خوای گەورە و مەزن فەرمودەی ملکەچ‌کردنی ڕۆڵە بـۆ دایکی و باوکی داوە ، لەم ئایەتەدا دەری‌خستوە : « واخفض لهمـا جنـاح الذل من الرحمة» (٢) واتە : باڵی ملکەچی بۆ دایکت و باوکت شۆڕکە • لێرەدا بە دەربڕینێکی مەجازی لە قەوارەی باڵندەیەکدا نوێنراوە ، ڕۆڵەش کە دەبێ یەو ڕووداوە هەستێت لە وێنەی باڵدارێکی الاواز لـە خزمـەتی باوك و دایكدا ملکەچ و وەڵامدەرەوەی هەموو داواکاریەکانیان بێـت • ئەم چەشنە مەجازە کە بە ئاوەڵناوی هونەری ناومان بردووە بڕبڕەی زمانی قورئانی پیرۆزە و یەکێکە لـە هەرەتایبەتیـەکانی ڕوخسـاری زۆربـەی سوورەتەکانی قورئانی پیرۆز • ئەگەر لـە ڕادەی ڕۆشن‌بـیری خێـزانی موسڵمانان لە سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆز بکۆڵینـەوە بـۆ ئەوەی بزانین ئایا هەموویان لە چۆنیەتی تێ‌گەیشتنیان لەیەك ڕادە بوون ، بۆمان دەردەکەوێ کە بە هیچ جۆرێك وا نەبوون : چونـکە لە نـاو ئەو خێزانەدا جگە لە میللەتی عەرەب بێگانە و نەزانی زمانی عەرەبی هەبوو شان بەشانی ئەمانەش خوێندەوارو نەخوێندەوار و پـیر و لاو و ژن و پیـاو بەرچاو دەکەوتن • جا لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات و دەپرسێ : ئایـا موسڵمانەکانی سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئـانی پـیرۆز کـە ڕادەی ڕۆشن‌بیریان یەکسانی نەبوو : پێویستیان بە لێکدانەوەی چەشنەکانی مەجاز لە زمانی قورئانی پیرۆزدا هەبوو یاخود بە بێ لێکدانەوە ڕاستەخـۆ لـەم زمانە تێ‌دەگەیشتن ؟ •

دەگێڕنەوە کە ئایەتی (وكلوا واشربوا حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود) (٣) : واتە بخۆن و بخۆنەوە هەتاکوو هێڵی سپی لـە هێڵی ڕەش بۆتان جیا دەبێتەوە • هاتەخوارەوە ، یەکـێك لە هاوڕێکانـی

---

(٢) سوورەتی (الاسراء) : ئایەتی ٢٣ .

(٣) سورەتی البقرة : ئایەتی ١٨٧ .

(پێغمەر) (د•خ) ناوی (عدی کوڕی حاتم) بوو پەتێکی سپی و یەکێکی ڕەشی لە ژێر سەرینەکەیدا دانابوو لە شەوانی رەمەزاندا هەر خەریکی دەرهێنان و تەماشاکردنی ئەو دووپەتە بوو • هەوڵی دەدا کە سپیەکە لە ڕەشەکە جیابکاتەوە ، بۆ ئەوەی بزانێ کاتی ڕۆژووگرتن دەستی پێ‌کردووە یان نەء ؟ ڕۆژێ لە ڕۆژان (عەدی) ڕووی کردە پێغەمبەر (د•خ) پرسی ئایە مەبەست لەم ئایەتە پیرۆزە چیە ؟ دەزووی سپی و دەزووی ڕەشە ؟ پێغمبەر (د•خ) لە وەڵامدا فەرمووی :

پیاوێکی ملهوڕی لەم ئایەتە تێ‌ناگەیت ؟ مەبەست جیاکردنەوەی شەوە لە ڕۆژ (٤) ئەم ڕووداوە دوو ڕاستی مێژوویی دەربارەی لێکۆڵینەوەی مەجاز لە ڕەخنەسازیی عەرەبیدا ڕەچاودەکات :

راستی یەکەم :

لیکۆڵینەوەی مەجازی عەرەبی لە سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆزەوە بەردی بناغەکەی دانراوە ، کەوابوو تەمەنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو سەردەمەوە هەتا ئێمڕو نزیکەی هەزار و چوارسەد ساڵ دەبێ •

راستی دووەم :

سەرەتای لێکدانەوەی مەجازی قورئانی پیرۆز لە سەر دەستی پێغمەر (د•خ) بۆ تێ‌گەیاندنی موسڵمانەکان لە زمانی بەرزییەونەری قورئان ئەنجام دراوە •

لەدایکبوونی زاراوەی مەجازی عەرەبی

مێژوونوسی مەجازی عەرەبی بۆی هەیە لێرەدا بپرسێ ئایا لە سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆزدا بە گشتی و فەرموودەکانی

(٤) بڕوانە کتێبی (معانی القران) بەرگی یەکەم ل ١١٤ •

(پێغەمەر) (د•خ) کە مەجازی قورئانیان لێکداوەتەوە بە تایبەتی زاراوەی مەجاز هاتووە ؟

پشکنینی هەموو دەقەکانی ئەم سەردەمە وەلامی ئەو پرسیارەدەداتەوە و دەلێ : نەخێر ، هەرچەندە لەم سەردەمەدا تا رادەیەك لە مەجازی قورئاندا کۆلراوەتەوە ، بەلام هیچ کاتێك زاراوەی مەجاز بەکارنەهێنراوە •

هەروەکوو بۆمان دەرکەوتووە ئەم زاراوەیە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچیدا لەدایكبووە : دەگێرنەوە (الجعدی کوری درهم) کە سالی سەد و هەژدەی کۆچی مردوە و بە یەکێك لە خاوەن ئەهـواء دەنـاسرێ ووتویـەتی :

« ئەگەر هاتو منداڵ بەرهەمی ژنهێنان بێت مـن دروسـتکەری منداڵەکانی خۆمم و کەسێکی تر دروستکەریان نیە ، کە دەووترێ خـوا خولقێنەرە یا نە ، ئەم ووتەیە مەجازە و حەقیقـەت نیە [1] لەم دەقـەدا دوو ووشەی کە دژی یەکترین (المجاز) و (الحقیقة) بەکارهاتوون : ووشـەی مەجاز کە کێشەکەی (مفعله) و لە بنچینەدا (مەجـوز) بووە لە دەربرینـی (جاز المکان اذا تعداه) وەرگێرراوە : واتە لە عەرەبیدا دەووترێ : (جـاز المکان جوازا و مجازا وهذا مجاز القوم) • کەوابوو (المجاز) ناوێکە بـۆ ئەو شوێنەی کەپێیدا تێدەپەرێ و چاوگێکی میمیـە بۆ کردارەکەی ، بەلام ناوی شوێنەکە مەبەستی زاناکانی بەلاغەیە کە ئەم زاراوەیەیان بـۆ گواستنەوەی ووشەیەك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێـکی تر بەکارهێنـاوە ، زاراوەی (الحقیقة) بۆ ئەو ووشەیە بەکاردەهێنرێ کە لە شوێنی خۆیەتی و واتاکەی نەگۆرراوە •

بەم پێیە (الجعد کوری درهم) کە زاراوەی (مجاز)ی لەو مێژووەدا

---

(١) کتێبی (الفصل فی الملل والاهواء والنحل) بەرگی چوارەم ل ١٥٣ .

به واتای دژواری (الحقیقة) بەکارهێناوە : مەبەستی ئەوە بووە کە بـڵێ : دروستکەری ڕاستەقینەی منداڵ باوك و دایکە و بەس ، ئەم مەبەستەش هەتا ئەمڕۆ بە جۆرێکی وا بەم زاراوەیەوە لکاوە و لێی جیانابێتەوە .

فەرامۆش‌کردنی (مەجاز) لە ڕەخنەسازیی عەرەبیدا

هەستیار لە سەردەمی جاهیلیەتدا پلەیەکی بەرزی هەبوو بە سەرکردەی خێڵەکەی دەژمێررا ، بۆیە ئایینی ئیسلام هەڵوێستی تایبەتی خۆی دەربارەی ناوەڕۆکی هۆنراو نواندو قورئانی پیرۆز لە باسی هەستیاران فەرموویەتی : (بسم الله الرحمن الرحيم والشعراء يتبعهم الغاوون . الم تر أنهم في كـــل واد يهيمون . وانهم يقولون ما لايفعلون . الا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وذكروا الله كثيرا وانتصروا من بعد ما ظلموا وسيعلـــم الذيـــن ظلمـــوا اي منقلب ينقلبون) (٢) واتە بەدکردارەکان شوێن‌پێی هەستیارەکان هەڵدەگرن کە لە هەموو کۆڕێکدا سەرگەردانن و کرداریان لەگەڵ گوفتاریاندا یـەك نیە ، جگە لەوانەی بڕوایان هەیە و کردەوەی چاك دەکەن .

هەستیارەکان لەبەر تیشکی ئەم ئایەتانەدا دوو تاقمن : ئەگەر بمانەوێ ئەم دوو تاقمە هەڵبسەنگێنین و بزانین تا چ ڕادەیەك ئەم هەڵوێستەی ئایینی ئیسلام دەربارەی هۆنراوە کاری کردۆتە سەر باسی «المجاز» لە ڕەخنەسازیی عەرەبیدا دەتوانین بڵێین : تاقمی یەکەم لە هەستیاران : قورئانی پیرۆز بـــە دووڕوو داوئیەتە قەڵەم چونکە هەڵبەستەکانیـــان لە ڕاستیـــەوە دوورن و هەرچی وێنەی هونەری بە گشتی و (مجاز) بە تایبەتی لە ڕوخسارەکانیانـــدا بەکارهاتوون درۆن .

تـــاقمی دووەم :

کە قورئانی پیرۆز بە ڕێزەوە باسی کردوون : پەیام دار و ڕاستگۆن ،

---

(٢) سورەتی الشعراء : ئایەتی ٢٢٤ــ٢٢٧ .

بێ گومان زمانی هەڵبەستەکانیشیان ڕاست و لە درۆبەدەرن ، ئەم هەڵوێستەی ئایینی ئیسلام لە چاو تێڕوانینەکەی سوکرات و ئەفلاتون کە بە گشتی بڕیاری بێکەڵکی و ناڕاستی هەستیار و هۆنراوەی داوە زۆر وورد و زانستییە ، کەچی هەندێ لە زمانەوانان و مامۆستاکانی ڕەوانبێژی و زانا ئایینیبە موسڵمانەکان بە چاوێکی گومانەوە ڕوانیانە هۆنراو و باسی مەجازیان فەرامۆش کرد .

بۆ نموونە (سیبویە) [٣] کە زانایەکی دەستووری زمانی عەرەبییە و بە دورودرێژی لەم زمانەی کۆڵیوەتەوە دەربڕینی (المجاز)ی بە درۆ لەقەڵەم داوە و ووتویەتی :

«دەربڕینێك هەیە لە ڕووی واتاوە درۆیە هەروەکو بڵێت چیاکەم هەڵگرت و ئاوی دەریاکەم خواردەوە» [٤] هتد کەواتە : (سیبویە) هەموو دەربڕین و ڕستەیەکی مەجازی هەرچەندە لەسەر دەستووری زمان ڕۆیشتبێت و بە پێچەوانەی دارشتنی ڕێزمانی نەهاتبێ درۆیە و لەگەڵ هۆشمەندی و لۆجیك‌دا ناگونجێت . جا لێرەدا ڕەنگە بۆ هەندێ مێژوونووسەکانی ڕەخنەسازیی عەرەبی هەبێ کە بڵێن : ئەم بڕیارەی (سیبویە) هیچ پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە هەڵوێستەکەی ئایینی ئیسلامەوە دەرهەق بە تاقمی یەکەمی هەستیارەکانەوە نیە ، بگرە لەسەر چاوەیەکی یۆنانیەوە هەڵقوڵاوە .

بەڵام جگە لە (سیبویە) بە دەیان زانا سوورن لە سەر ئەوەی کە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی (پێغمەر)دا (دەخ) هیچ ووشەیەکی (مەجاز)ی نەهاتووە و لە زمانی عەرەبی‌دا مەجاز نیە ، لەم زانایانە (محمد

---

(٣) سیبویە : ساڵی سەد و هەشتا و هەشتی کۆچی مردووە .
(٤) بڕوانە کتێبی (الکتاب) ب ١ ل ٨٧ .

کوڕی الکرام) و (علی کوڕی حزم)وە زۆر ئاشکرایە ئەم تاقمە کە ئینکاری بوونی مەجازیان دەکرد و هەڵوێستەکەیان لە سۆزێکی ئایینییەوە هەڵقولابوو، باپشتیان بە هیچ باسێکی زمانەوانی و ڕەوانبێژییەوە نەدەبەست .

ڕاستە کوڕی (حزم) هەوڵی دا کە بە قیاس و منطق ئەو هەڵوێستە بسەلمێنێ ، بەلام تا ڕادەیەکی زۆر لە زمان و ڕەوانبێژی و ڕەخنەسازیەوە دوور بوو ، هەتاکوو کوڕی (تیمیە) کە سالی حەوتسەد و بیست و هەشتی کۆچی مردووە هاتە ئەم کۆڕەوە و بەرەنگاری ئەم پرسیارانە بوو : ئایا لە زمانی عەرەبیدا ووشە هەیە یاسادانەری ئیسلام لە واتا پێشوەکەیەوە بۆ واتایەکی نوێی گواستبێتەوە؟یاخود ئەم ووشانە لەیاسای ئیسلامدا بە واتا پێشووەکانیان ماونەتەوە ، بەلام (یاسادانەری ئیسلام) لە ئەحکامەکانیاندا زیادەیان خستۆتە سەر و بە هیچ جۆرێك واتاکانیان نەگۆڕیوە ؟ .

ئایا (یاسادانەری ئیسلام) هەروەکوو چۆن خەلکی بە گوێرەی (نەریت) واتای ووشە دەگۆڕن دەستکاری ووشەکانی کردووە و ئەم ووشانە لە چاوی زماندا (مەجاز)ن و لە چاوی (نەریت)ی یاسادانەری ئیسلامدا حەقیقین ؟ .

کوڕی (تیمیە) وەلامی ئەم پرسیارانەی داوەتەوە و ووتویەتی : « یاسادانەری ئیسلام نە ئەم ووشانەی گواستۆتەوە و نە دەستکاری کردوون ، بەلکو بە جۆرێکی سنووردار بەکاریهێناون »(٥) . ئەم زانایە لەبەر تیشکی ئەو تێبینییەدا کێشەیەکی زانستیانە لەگەڵ ئەوانەی دەلێن لە زماندا مەجاز هەیە بەرپاکرد و چوار بناغەی چەسپاند :

یەکەم : ووشە خۆی لە خۆیدا نە حەقیقەتە و نە مەجاز .

دووەم : ئێمە ناتوانین واتای یەکەمی ووشەیەك بە بەلگەی مێژووی

---

(٥) بڕوانە کتێبی (الایمان) ل ٢٧ .

ڕاست دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی بڵێین ئەم واتایە حەقیقیە•

سێیەم : واتای مەجازی ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت •

چوارەم : واتای ووشەی بە ڕستەکەی دەچەسپێ و ئەو ووشانەی کە لە گەڵیا بەکارهاتوون واتەکەی دەستنیشان دەکەن •

سەرەنجام (کوڕی تیمیە) بڕیارێك دەدا و دەڵێت : «دابەش کردنی ووشە بەسەر حەقیقەت و مەجازدا ناڕەوایە ، بۆیە واتای هەموو ووشەیەك لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمەردا (د•خ) بەو ووشانە بەستراونەتەوە کە بە ڕستە مەبەستەکەیان دەخەنە ڕوو ، لە ئاکامدا هیچ ووشەیەکیان مەجاز نیە بەڵکوو هەموویان حەقیقین »[٦] •

بە لای ئێمەوە ئەم ڕێبازەی کوڕی (تیمیە) هەرچەندە هۆی بەرپابوونی سۆزێکی ئاینیەو ، بەلام لەسەر بناغەیەکی زمانەوانی پتەو دامەزراوە و لەگەڵ سروشتی زمانی عەرەبیدا دەگونجێ کە واتای ووشەکانی بە هۆیڕستەکانیەوە نەبێ هەرگیز دەستنیشان ناکرێت •

بۆ بەڵگە واتای ووشەی (الدائرة) دەشێ (بازنە) بێت وە دەشێ بارەگایەکی میری بێت ، بەلام ئەگەر هاتو لە ڕستەیەکدا بەکارهێنرا و ووترا «رسمت الدائرة» ئەوە ڕاستەوخۆ واتاکەی دەردەکەوێ و تێدەگەیت کە مەبەستی قسەکەر بازنەیەکە و بارەگای میری نیە ، هەروەها ئەگەر ووترا (ذهبت الی الدائرة) ئەم ڕستەیە دەیسەلمێنێ کە ووشەی الدائرە بە واتای بارەگایەکی میری هاتووە •

هەرچۆنێك بێت ڕێبازەکەی کوڕی (تیمیە) و قسەکانی ئەوانەی بەر لە کوڕی (تیمیە) فەرامۆشی مەجازیان کرد و دانیان بە بوونی لە زماندا

---

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٩ •

نەنا ، دەنگدانەوەیەکی بە تینە دژی ڕێبازێکی تر ، کە بە بێ سنوور بە بێ دەستوور دەقە ئاینییەکانیان لەسەر بناغەی مەجاز لێكدەدایەوە و پەیڕەوی کەرەکانی کە ئەندامانی تاقمە مەذهەبی و فەلسەفیەکان بۆ سەلماندنی بیروڕا تایبەتیەکانیان زمانی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمەریان (د•خ) ڕاڤە و تأویلدەکرد •

کوڕی (قتیبە) [٧] کە سالی دووسەد و حەفتا و شەشی کۆچی مردووە باسی چۆنیەتی ئەو سەلماندنەی کردوە و ووتویەتی : هەموو ووشەیەك واتایەکی دەستنیشانکراوی هەیە ، ئەگەر هات و بە مەجاز بەکارهێنرا و دەبێ بۆ چەند واتایەکی ناسراو هاتبێت ، بەلام هەندێك لەوانەی خۆیان بە موسلمان دەژمێرن پەیڕەوی ئەم ڕاستیە زمانیەیان نەکردووە •

ئێمە نازانین تا چ ڕادەیەك ئەم تاقمە شوێنپێی سوفستاییەکانیان لە ڕەخنەسازیی یۆنانیدا هەلگرتووە و ئایا ئەم ڕیبازەیان لەوانەوە وەرگرتووە؟ بەلام ئەوەی بە دلنیاییەوە دەتوانین دووپاتی بکەینەوە ڕاستیەکە دەلێت: بە هوێ ئەم ڕێبازەوە واتاکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمەر (د•خ) خەریك بوون لە خشتەی بەرن و مەبەستە پیرۆزەکانیان تێکدەن ، ئەگەر ئەو ڕێبازەی کوڕی (تیمیە) نەبوایە • هەرچەندە هەردوو ڕێبازی فەرامۆشکردنی مەجاز و ئینکارکردنی لە زماندا و ڕێبازی سەپاندنی مەجاز بە بێ سنوور و بە بێ دەستوور نەبوون بە هۆی گۆڕران و پەرەسندنی باسی مەجاز لە ڕەخنەسازیی عەرەبیدا •

---

(٧) بڕوانە کتێبی تأویل مشکل القرآن ل ٢٠٢ •

ڕێبازی شیکردنەوەی مەجاز لە ڕەخنەسازیی عەرەبیدا

زۆربەی زمانەوانەکان و زاناکانی ڕەوانبێژیی عەرەبی دژی ڕێبازی فەرامۆش‌کردنی باسی مەجاز و ئینکاری بوونی لە زماندا ڕاوەستان و دەستیان بە بەرپەرچدانەوەی کرد • بەم جۆرە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچیەوە دەست‌کرا بە باسی مەجاز لە زمانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمەردا (د•خ) و هۆنراوە و پەخشانی عەرەبی و گەلێ کتێبی تری بە نرخ لەم باسەدا سازکرا وەکوو کتێبی (مجاز القرآن) دانانی (ابو عبیده) کە سالی ٢١٣ك مردووە •

ئەم بەرهەمە ڕەنگە یەکەم کتێبی عەرەبی بێت لەم ڕووەوە کە بە دەست گەیشتبێت ، دووا بە دووای ئەم کتێبە بە دەیان دانراو لە باسی مەجاز و هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی کە پەیوەندیان بە مەجازەوە هەیە دانراوون وەکوو کتێبی (تأویل مشکل القرآن) دانانی کوڕی (قتیبە) و کتێبی (البدیع) دانانی کوڕی (المعتز) و کتێبی (اسرار البلاغة) و کتێبی (دلائل الاعجاز) دانانی (عبدالقاهر الجرجانی) بەڕاستی ئەم کتێبانە لە بەرەبەیانی داهێنانی زانستی رەوانبێژیی عەرەبی‌یەوە لەسەر بناغەی چێژی هونەری و ڕێبازی شیکردنەوە و لێکدانەوەی نموونەی بەرز لە ئایەتی قورئان و هۆنراوە و پەخشان باسی مەجازیان کردووە ، بەلام وورده وورده بە هۆی زاڵبوونی زانستی لۆجیك و منطق و کزبوونی بزووتنەوەی وێژەیی ڕەسەن بەشداربوونی چەند دانەرێك لە زانستەکانی رەوانبێژیی عەرەبیدا کە لە چەشەی هونەریەوە دوور بوون باسی مەجاز لە چێژی نموونەی هونەریەوە دوورکەوتەوە و لە چوارچێوەی لێکدانەوەی لۆجیکی و گفتوگۆی ڕو کەشیدا نوقمی‌خوارد و سیس و ڕەق هەڵگەڕا •

هەرچۆنێك بێ ئەگەربمانەوێ هەموو باسە عەرەبییەکان دەربارەی

مەجاز کۆبکەینەوە و پوختەی ئەو باسانە بە بێ سەرنجدان لە جیاوازیی نێوان بیرورای زاناکان پێش کەش بکەین دەتوانین بڵێین : مەجاز بەشێکە لە چوار بەشەکانی زانستی (ڕوونبێژی) [1] ، کە لە (لێکچواندن) [2] و (خوازە)[3] و (خواستە)[4] و (درکە) [5] پێك هاتووە •

بەشی (خوازە) دووا بە دووای بەشی (لێکچواندن) کە لەژێر ناونیشانی (خوازەی زمانی)دا [6] باس دەکرێ و بەوە دەناسێنرێ (ووشەیەکە بۆ مانا زمانیەکەی بە کارنەهاتووە بەڵکوو بۆ واتایەکی تر لەبەر پێوەندییەك بە کارهێنراوە لەگەڵ بەڵگەیەکی وا کە نەهێڵێ مەبەست لەو ووشەیە (مانا زمانیەکەی) بێ پێوەندیی مانا زمانیەکەی ئەو ووشەیە و واتا تازەکەی دەشێ لێکچواندن بێت و ڕەنگە لێکچواندن نەبێ • بۆ نموونەی بەشی یەکەم دەڵێین : (لەگەڵ شێرێکدا قسەمکرد)• ووشەی (شێر) لەم ڕستەیەدا بە مانای شێری ڕاستەقینە نەهاتووە ، بەڵکوو بە واتای مرۆڤێکی ئازا هاتووە • پێوەندیی نێوانی شێری بە مانای دڕندە و شێری بە واتای مرۆڤێکی ئازا لێکچوونی ئازایەتیە •

بۆ نموونەی بەشی دووەم دەووترێ (پۆلەکەهات) • بێ گومان ووشەی پۆل بۆ مانای (ژوری وانە) بەکارنەهێنراوە ، بگرە بە واتای قوتابی هاتووە •

پەیوەندیی پۆل بە مانای ژووری وانە بە پۆلەوە بە واتای قوتابی بێ گومان لێکچوون نیە ئەم پێوەندیە لە دانیشتنی قوتابی لە پۆلدا وەرگیراوە

---

(١) ڕوونبێژی : البیان .
(٢) لێکچواندن : التشبیه .
(٣) خوازە : المجاز .
(٤) خواستە : الاستعارة .
(٥) درکە : الکنایة .
(٦) خوازەی زمانی : المجاز اللغوی .

واته پەیوەندیەکی شوێنی‌یە • بەڵگەی (٧) خوازەش ڕەنگە دەربڕینێك بێت وەکوو ڕستەی (قسەمکرد) لە نموونەی (لەگەڵ شێرێکدا قسەمکرد) ڕەنگە واتایی بێت و لە چەمکی (٨) ڕستەکەوە وەرگیرابێت •

دووا بە دووای ئەم باسە (خوازەی زمانی) لەسەر بناغەی پێوەندیی نێوانی مانای زمانی ووشە و واتا نوێکەیدا بەسەر دوو لقدا دابەش‌دەکرێت:

لقی یەکەم پێی‌دەووترێ خواستە و لقی دووەم بە (خوازەی بەرەڵلا)(٩) ناودەبرێت • پێناسەی خواستە بەوە پێشکەش دەکرێت کە چەشنێکە لە (خوازەی زمانی) و لە بنچینەدا لێکچواندنێکە (١٠) ، بەلام یەکێك لە هەردوو بناغەکەی فڕێدراوە و پێوەندییەکەی هەمیشە لێك‌چوونە • واتە کە دەڵێین : (لەگەڵ شێرێکدا قسەمکرد) ئەم ڕستەیە لە بناغەدا بەم جۆرە بووە (لەگەڵ مرۆڤێکدا قسەمکرد کە وەکوو (شێر) ئازا بووە) : ووشەی (مرۆڤ) کە (لێچواوە) و ووشەی (وەکوو) ئامرازی لێکچواندنە و ووشەی (ئازا) ڕووی لێکچواندنە ئەمە هەموویان فڕێدراوون و لەبریاندا ووشەی (شێر) کە (پێ‌لێچواوە) ماوەتەوە و ئەو ڕستەخواستەیەی ساز کردووە •

خواستە بە گشتی دوو جۆرە :

جۆری یەکەم : خواستەی (ڕاستەوخۆیە) (١١) کە ووشەی (لی‌چواو) لە ڕستەدا لێکچواندنیەکەی فڕێدراوە • وەکوو ئەوەی کە دەووترێ (دەستی گوڵەکەم گوشی) •

---

(٧) بەڵگە : القرینة •

(٨) چەمك : المفهوم •

(٩) خوازە بەرەڵلا : المجاز المرسل •

(١٠) لێکچوواندن لە دوو بناغە و دوو ڕەگەزی ناهەمیشەیی سازدەکرێ بناغەی یەکەم ؛ پێی دەووترێ (لێچواو) ، بناغەی دووەم بە ناوی (پێ‌لێچواو) ناودەبرێ • دوو ڕەگەزە ناهەمیشەییەکە ، یەکێکیان (ئامرازە) و یەکێکیان (ڕووی لێکچواندنە) •

(١١) خواستەی راستەوخۆ : الاستعارة التصريحية •

جۆری دووەم: (خواستەی شاراوە [١٢])یە کە ووشەی (پێ‌لێچواوەکە)ی لە ڕستەکەدا فڕێدراوە ، وەکوو ئەم ڕستەیە : (ئەگەر مردن چڕنووکی گرت هیچ نووشتەیەك کەڵکی نابێت) .

ئەم ڕستەیە لە بناغەدا بەم جۆرەی خوارەوە بووە (ئەگەر مردن کە وەك پڵنگە ، چڕنووکی گرت هیچ نووشتەیەك کەڵکی نابێت) ، ووشەی پڵنگ کە (پێ‌لێچواوە) فڕێدراوە و لەجیاتیدا ووشەی مردن (لێ‌چواوە) بەکارهێنراوە .

پاش ئەو دابەش‌کردنەی خواستە دووبارە لەسەر ڕەسەنی خواستراو بۆ دووپەل دابەش دەکرێ .

ئەگەر هات و خواستراو ناوێکی ڕەگەز [١٣] بوو واتە وەرگیراو نەبوو وەکوو ووشەی (شێر) کە ناوی ڕەگەزێکە و وەکوو ووشەی (کوشتن) کە چاوگێکە پێی دەووترێ (خواستەی ڕەسەن) [١٤] ئەگینا بە (خواستەی ناڕەسەن) [١٥] ناودەبرێت ، چونکە ئەم لقە خواستەیە بۆکردار و ناوی وەرگیراو بەکارهاتووە پاش ئەوەی لە چاوگدا بەکارهێنراوە و هەروەها لە ئامرازدا بەکارهاتووە دوایی بۆ واتا گشتی‌یەکەی ئەو ئامرازە سازکراوە .

ئەگەر هات و لە ڕستەی خواستەییدا چەند ووشەیەکی تری پێوەندی‌دار بە خواستراوەوە هاتبوون خواستە بەسەر سێ بەشدا دابەش‌دەکرێ :

یەکەم : خواستەی (دووپات‌کراو [١٦]) کە جگە لە بەڵگەکەی ووشەیەکی گونجاو پتر لەگەڵ لێ‌خواستراوەکەی هاتووە وەکوو ئەم ڕستەیە کە دەڵێ

---

(١٢) خواستەی شارەوە : الاستعارة المكنية .
(١٣) ناوی رەگەز : اسم جنس .
(١٤) خواستەی ڕەسەن : الاستعارة الأصلية .
(١٥) خواستەی ناڕەسەن : الاستعارة التبعية .
(١٦) خواستەی دووپات‌کراو : الاستعارة المرشحة .

(شیرێکی کوڵکدارم لە گەرماو دی) لەم ڕستەیەدا ووشەی کوڵك لەگەڵ لێخواستراو کە دڕندەکەیە گونجاوە واتای خواستەکە کە پیاوێکی ئازایە و بەهێزە دووپات دەکاتەوە •

دووەم : خواستەی نادووپاتکراو (١٧) کە بە ووشەیەکی گونجاو یان پتر لەگەڵ بۆ خواستراوەکەی بەر چاو دەکەوێ وەکوو ئەم ڕستەیە (شێرێکی پڕ چەکم لە گەرماوەکە دی) • لەم ڕستەیەدا ووشەی (پڕچەك) لەگەڵ بۆ خواستراو ـ پیاوەئازاکە ـ گونجاوە واتای خواستەکە لاواز و نادووپاتکراو دەکات •

سێهەم : خواستەی (نەبەستراو) (١٨) کە ووشەیەکی گونجاو لە تەك لێخواستراو یان بۆ خواستراو نەهاتووە وەکوو (شێرێکم لە گەرماوەکە دی) •

خواستە لە ڕووی ژمارەی ووشەوە دوو بەشە •

یەکەم : (خواستەی سادە) کە لە یەك ووشە پێكهاتووە •

دووەم : (خواستەی لێکدراو) کە بەدەربڕینێك یاخود ڕستەیەکی تەواو کە زۆر جار پەندێکی پێشینانە ئەنجام دراوە •

سەرەڕای ئەم هەموو دابەشکردنە باسەکە دەگەڕێتەوە سەر خوازە و دەڵێت : خوازە دوو بەشە :

یەکەم : خوازەی ژیری (١٩) :

کە فەرمانێك یان ووشەیەك لە واتادا لە فەرمان چووبێت پاڵی بە

---

(١٧) خواستەی دوپاتکراو : الاستعارة المحددة .
(١٨) خواستەی نەبەستراو : الاستعارة المطلقة .
(١٩) خوازەی ژیری : المجاز العقلي .

ووشەیەکەوە درابێت کە بوێ نەبێت ، لەگەڵ بەڵگەیەکی وا ئەو بۆنەبووە بسەلمێنێ :

وەکوو (بەهـار گوڵ دەچێنێ) لـەم ڕستـەیەدا چـاندنی گـوڵ پاڵدراوە بە ووشەی بەهارەوە ، بەڵام ژیریی ئادەمیزاد بڕوا بەوە ناهێنـێ وەکوو کارێکی ڕاست ، چونکە دەزانێ پاڵپشتی ڕاستەقینەی گوڵچـاندن خوایـە .

دووەم : خوازەی بەرەڵڵا (٢٠) :

کە ووشەیەکە بۆ واتا ڕاستەقینەکەی بەکارنەهێنراوە ، بەڵکوو بـۆ واتایەکی نوێ گواستراوەتەوە لەگەڵ بەڵگەیەك لە ڕستەکەدا کە بەکارهاتووە. ئەم بەڵگەیەش نیشانەیەکە بۆ واتا نوێکە و لادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی .

بێ گومان لە نێوانی واتا ڕاستەقینەکەی خوازەی بەرەڵـڵاو واتـا نوێکەیدا دەبێ پێوەندیەك هەبێت ، بۆیە ئەم چەشنە خوازەیە لەبەر تیشکی جۆر بە جۆری ئەم پێوەندیە بەسەر سیانزە چەشنی (٢١) سەرەکیدا دابـەش دەکرێت کە ئەمانەی خوارەوەن .

یەکەم : ناونانی پارچەك لە شتێك بە ناوی هەموویـەوە ، وەکـوو (پەنجە دەخەنە گوێچکەیانەوە) واتە سەری پەنجە ، چونکە سەری پەنجـە پارچەیەکە لە پەنجە .

دووەم : بەکارهێنانی بەشێك لە شتێك لەجیاتی هەمووی وەکو (چاوێك وا گوێمان لێدەگرێ) واتە سیخوڕێك چونکە چاو پارچەیەکە لە سیخوڕەکە.

سێیەم : بەکارهێنانی ناوێکی تایبەتی لەجیاتی ناوێکی گشتی وەکوو (ئێمە پێغەمەری خوای جیهانین) واتە : پیغمبەرەکان .

---

(٢٠) خوازەی بەرەڵڵا : المجاز المرسل .
(٢١) بڕوانە کتێبی (الاتقان فی علوم القران) بەرگی دووەم ٦٧ــ٩٨ .

چوارەم : بەکارهێنانی ناوێکی گشتی لەبری ناوێکی تایبەتی وەکوو (بۆ ئەوانەی لەسەر زەویدان دەپارێنەوە) واتە بۆ خواپەروەرەکان •

پێنجەم : بەکارهێنانی سەرەنجام لەجیاتی هۆیەکەی وەکوو : (لە ئاسمانەوە بەرهەمتان بۆ دەنێرینە خوارەوە) واتە هویَ بەرهەم کە بارانە •

شەشەم : بەکارهێنانی هۆ لە شوێنی سەرەنجام وەکوو : (توانای گویَڕاگرتنیان نەبوو) واتە بڕواهێنانیان بە خوا کە سەرەنجامی گویَڕاگرتنە •

حەوتەم : ناوبردنی شتێك بە ناوێك کە لە ڕابوردوودا بویَ بەکارهاتووە وەکوو (ماڵی هەتیوەکان بدەنەوە) هەتیو کە تەمەنی دەگاتە هەژدەساڵ بۆی هەیە ماڵی خویَ وەرگرێتەوە ئیتر لەو کاتەدا بەم ناوەوە ناونابرێت •

هەشتەم : ناونانی شتێکە بە ووشەیەك کە لە ئایندەدا بویَ بلوێت ، وەکوو (مەیدەگوشم) واتە تریَ دەگوشم چونکە مەی ناوی تریَیە پاش ئەوەی دەگوشریَ •

نۆیەم : ناوبردنی شوێنێك بە ناوی ئەوەی تییَدایە ، وەکوو (لە ڕەحمەتی خوادا ئەوان نەمرن) واتە لە بەهەشتدا کە شوێنی ڕەحمەتی خوایە•

دەیەم : ناوبردنی تاقمێك بە ناوی شوێنەکەیانەوە ، وەکوو (بە پۆلەکەم ووت) واتە بە قوتابیەکانم ووت •

یازدەهەم : ناونانی شتێك بە ناوی هۆیەکەیەوە وەکوو (زمانی عەرەبی زۆر پەرەی سەندووە) واتە ئاخاوتنی ووشەی عەرەبی کە هۆکەی زمانە •

دووانزەهەم : فەرامۆش‌کردنی ووشەیەك بە بەکارهێنانی دژوارەکەی لە جیاتیدا وەکوو (مژدەی ئێش و ئازارێکی گەورەیان بدەریَ) ، ووشەی

مژده بۆ هەواڵێکی خۆش بەکاردێت بەڵام لەم ئایەتەدا بۆ هەواڵێکی ناخۆش بەکارهاتووە .

سیازدەهەم : بەکارهێنانی دارشتەیەك [1] لەبری دارشتەیەکی تر وەکوو بەکارهێنانی چاووگ لەبری بکەر [2] بەبەکارهێنانی پێکراو [3] لەبری چاوگەکەی و بەکارهێنانی مێینە لەبری نێرینە .. لە پاشدا ئەم باسە (خوازەی بەرەڵڵا) وەکوو خواستە لە ڕووی ژمارەی ووشەوە دەکاتە دوو لقەوە :

خوازەی بەرەڵڵای سادە و ، خوازەی بەرەڵڵای لێکدراو .

لە زانستی واتادا [4] باسی خوازەی عەرەبی شوێنێکی فراوان بۆ خۆی دەکاتەوە و قسە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکات :

بەشی یەکەم : (هەواڵ) [5] واتە ئەو قسەیە کە خۆی لە خۆیدا دەشێ ڕاست بێت و دەشێ درۆ بێت .

بەشی دووەم : (دەربڕین) [6] قسەیەکە کە لە خۆیدا نەڕاستە و نە درۆ ، هەواڵێش دوو بەشە :

یەکەم : هەواڵی ڕاستەقینە ، کە مەبەستەکەی گێڕانەوەی زانیارییەکە بۆ کەسێك کە نەزانێ ، وەکوو (چیای هیمالایە بەرزترین چیایە) .

دووەم : (هەواڵی خوازەیی) [7] کە مەبەستەکەی گێڕانەوەی زانیارییەك

---

(١) دارشتە : الصیغة .
(٢) بکەر : الفاعل .
(٣) پێکراو : المفعول به .
(٤) زانستی واتا : علم المعانی .
(٥) هەواڵ : الخبر .
(٦) دەربڕین : الانشاء .
(٧) هەواڵی خوازەیی : الخبر المجازی .

نیه ، بەڵکوو مەبەستێکی تری هەیە ئەم مەبەستەش بە گوێرەی نیازی قسەکەر و دەرفەتی قسەکە لێکدەدرێتەوە .

دەربڕینیش دوو بەشە :

دەربڕینی داخوازی و دەربڕینی بێداخوازی . دەربڕینی داخوازیش پێنج بەشە . فرمان و نەهی و پرسیار و تکاکردن و ئاواتخواستن . هەر بەشێکیش لەم پێنج بەشە لەسەر بناغەی مەجاز دوو جۆرە :

جۆرێکیان حەقیقی و جۆرێکیان مەجازی‌یە .

کەوابوو فرمانی حەقیقی و فرمانی مجازی نەهی حەقیقی و نەهی مەجازی تکاکردنی حەقیقی و تکاکردنی مەجازی ئاواتخواستنی مەجازی و ئاواتخواستنی حەقیقی پرسیاری حەقیقی و پرسیاری مەجازی . لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەربارەی باسی مەجازی عەرەبی و ڕێبازی شی‌کردنەوەی لە ڕەخنەسازیی عەرەبیدا ڕاستی‌یەکمان بۆ دەسەلمێنرێ ، ئەم ڕاستی‌یەش ئەوەیە کە مەجاز لەگەڵ زۆربەی بابەتەکانی ڕەوانبێژی و زمان و زانستی زمان و بڕوای ئایینی‌دا تێکەڵاو بووە و هەروەکوو خوێ وایە کە هیچ چێشتێک بە بێ ئەو تامی نیە .

توێژەرەکانی سەردەمە دواکەوتووەکانیش بە ڕوکەش شیان‌کردۆتەوە و وەکوو دیاردەیەکی ڕواڵەتی لە قەڵەمیان داوە ، بە بێ ئەوەی بە دووای سەرچاوەکەی بگەڕێن کە سۆز و هەڵچوونە و بە بێ ئەوەی سەرنج بۆ ئەرکی ئەندێشە لە ئەنجامدانیدا ڕابکێشن .

بـــەشی سێیـــەم

میتەفۆر لە رەخنەسازیی ئەوروپیدا

- زانستی میتەفۆر و رەخنەسازیی ئەوروپی •
- ڕێبازی شیکردنەوەی میتەفۆر لە رەخنەسازیی ئەوروپیی‌دا •

زانستی مینەفۆر و ڕەخنەسازیی ئەوروپی

سەرچاوەی سەرەکیی هەموو چالاکیەکانی نەتەوە ئەوروپییەکان لە سەردەمی ڕاپەڕینی زانستیدا ڕۆشنبیری یۆنانی و ڕومانی بوو ؛ بویە مێژووناسەکان بە دڵنیاییەوە دووپاتی دەکەنەوە کە ڕەگ و ڕیشەی هونەر و وێژەی ئەو نەتەوانە لە کێڵگەی سامانی یونانی و ڕومانیدا خۆی داکوتاوە •

بەڵگەش ئەوەیە یەکەم هەنگاوی سەردەمی ڕاپەڕین بە وەرگێڕانی کتێبەکانی ئیفلاتون و ئەرەستۆ و شانۆگەریەکانی نووسەرە تراجیدیەکان و کۆمیدیەکانی یۆنان هەڵگێراوە •

ئەوەی لەم کتێبە وەرگیراوانە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە کتێبی (بیوتیکا)ی ئەرەستۆیە کە جۆرجیوڤلا Giorgio Valla لە شاری بەندەقیە لە ساڵی ١٤٩٨ ـ زاینی بۆ یەکەم جار وەری گێڕایە سەر زمانی لاتینی و بڵاوی کردووە •

هەروەها نوسەرێکی ئەڵمانی کە ناوی (هرمن) بوو لە سەدەی سیانزەهەمی (١) زایینیدا وەری گێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی و لە چاپیدا •

بەم جۆرە کتێبی (بیۆتیکا) بوو بە چرایەك بە دەست لێکدەرەوە ڕەخنەسازە ئەوروپییەکانەوە و لەسەر ڕێبازەکەی ئەرەستۆ لە ڕەخنەسازی بە گشتی و لە زانستی مینەفۆردا بە تایبەتی ڕابەری کردن •

ئەم ڕاستیە نابێ ئەوەمان لە یاد بکات کە زانستی مینەفۆر لە رەخنەسازیی

---

(١) بڕوانە کتێبی فن الشعر ل ١٢ـ١٣ •

ئەوروپیدا لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ڕەچاو و یەکگرتوو نەبوو ، بەڵکوو زۆر جار بە ئاڵۆزاوی و تێکەڵوپێکەڵی دێتە بەرچاو .

نموونەی ئەم ئاڵۆز و تێکەڵوپێکەڵە ئەوەیە زاراوەی میتەفۆر کە لە لای ئەرەستۆدا پێناسەیەکی دەستنیشانکراوی بۆ دانرابوو ، لە ڕەخنەسازیی ئەوروپیدا زۆر جار دەکشێ و چەندەها بابەت لە بابەتەکانی هونەری ڕەوانبێژی دەگرێتە خۆی .

هەندێ لە ڕەخنەسازە ئەوروپیەکان ئەم کێشەیان دەستنیشانکردووە و سەرنجیان بۆ ڕاکێشاوە ، لەم ڕەخنەسازانە نووسەری ئینگلیزی بەناوبانگ (کرستیان)ە کە دەربارەی تێکەڵبوونی میتەفۆر بە لێکچواندن دەڵێ : «تیکەڵکردنی باسی میتەفۆر لەگەڵ باسی لێکچواندندا کارێکی سەرسوڕهێنەرە ، چونکە ئەم کارە هەر تەنها لە مەیدانی ڕۆژنامەگەریدا ڕووی نەداوە بەڵکوو لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکانیشدا کە دەربارەی زمانی هونەری سازکراوون بەرپابووە .

ڕاستی ئەوەیە زۆربەی ڕەخنەسازەکان میتەفۆر و لێکچواندنیان بە یەك دیاردە لە قەڵەم داوە ، ئەرەستۆ دەڵێ : لە نێوانی میتەفۆر و لێکچواندندا جیاوازیەکی ساکار و ڕوکەش هەیە :

میتەفۆر لێکچواندنێکی کورتە و هەر یەکێك لەم دوو باسە واتە (میتەفۆر) و (لێکچواندن) جێگای یەکتر دەگرن و شوێنەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن ، بەڵام لێکچواندن درێژترە بۆیە کارتێکردنی کەمترە و وەکوو میتەفۆر خۆشیەکی کاریگەر نابەخشێ .

بەم پێیە (سیزارو) لەو بڕوایەدا کەمیتەفۆر وێنەیە کە لە لێکچواندنەوە وەرگیراوە و لە یەك ووشەدا گوشراوە » (٢) .

---

(٢) Agrammar of metaphor (P. 13—14).

ئەوەی شایانی باس بێت ئەم بارەی زانستی میتەفۆر لە ڕەخنەسازیی ئەوروپیدا زۆربەی ڕەخنەسازەکانی خستە سەر گەردانیەوە و تووشی چەند هەڵەیەکی مێژوویی دەربارەی ئەم باسەکردن : بۆ نموونە هەردوو ڕەخنەساز (وندت)و (کلینر)(٣) هەڵوێستە دێرینەکەی هەندێك لە زانا عەرەبەکان لە هەڵسەنگاندنی میتەفۆر دووپات دەکەنەوە و سوورن لەسەر ئەوەی میتەفۆر لە زماندا نیە ، بە بیانووی ئەوەی ووشە تەنها نیشانەیەکە بۆ هەستێکی گشتی و هەموو کاتێك جیاوازیەکی فراوان لە نێوانی دوو شتا بەدی دەکرێ ، سەرەنجام هیچ بەراووردێکی هەستپێکراو ئەو دوو شتە ناهێنێتە بەر چاو و سنووری لەیەك نەچونیان ناشکێنێ .

ڕەخنەسازی ئینگلیزی (هربت‌رید) دیارە هەستی بەوە کردوە کە دووپات کردنەوەی هەڵەی فەرامۆشکردنی میتەفۆر و ئینکاربوونی لە وێژەدا بە گشتی هەڵوێستێکی ناپەسەندە و لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەدەی بیستەمدا بەرپەرچی دەداتەوە ، بۆیە نەیتوانی بڵێ میتەفۆر لە هەموو چەشنەکانی وێژەدا نیە ، بەڵام دەرگای پەخشانی لە ڕووی ئەمهونەرە ووشەیی‌یە داخست و ووتی : «میتەفۆر تەنها لەگەڵ جیهانی هۆنراو دەگونجێت و لە زمانی هەڵبەستدا بەدی‌دەکرێ »(٤) .

(ریتشاردز) لە هەمان ڕووانگەوە کە دەیڕوانیە دەیان دەربرین وەکوو (پێی‌کورسی) و (قۆناغەی تفەنگ) و (ملی شوشە) دەی‌گوت : ئەم دەربڕینانە و سەدەهای دەربرینی‌وا لە یەکچوونێکی ڕواڵەتی نێوانی لەشی ئادەمیزاد و پارچەکانی قەوارەی بێ‌گیانەوە هەڵقوڵاون و تازە لە لێشاوی ووشەکانی زمانی ڕۆژانەدا توێنراونەتەوە و هیچ کاتێك هەست بەوە ناکەین

---

(٣) Agrammar — of metaphor — p — n — 12.

(٤) بڕوانە کتێبی English Prons Style. P. 31.

که دەربڕینی میتەفۆرین ، بۆیە بڕیاردەدات کە میتەفۆر دوو جورە و دەبێ ئەم دوجۆرەش لە یەکتر جوێ بکرێتەوە :

یەکەم : میتەفۆری زمانی کە هیچ پێوەندیەکی بە هونەری میتەفۆریەوە نەماوە و خوێ لە فەرهەنگدا وەکوو ووشەیەکی یەك واتایی و سەربەخۆ چەسپێنراوە .

دووەم : میتەفۆری هونەری کە گیانی هۆنراوە و بەرهەمی ئەندێشەیە (جۆرج کامبل) لەم دابەشکردنەی میتەفۆردا شوێنپێی (ریتشاردز)ی هەڵدەگرێ و دەڵێ : جۆری میتەفۆر بابەتێکی ڕێزمانیە و زمانەوانەکان تەنها مافی لێکۆڵینەوەیان هەیە ، بەڵام چەشنەکەی تری میتەفۆر واتە (میتەفۆری هونەری) باسێکی ڕەخنەسازیە و لە پسپۆری ڕەخنەسازەکاندایە . بەم پێوەرە (جۆرج کامبل) هەروەکوو لە قسەکانیەوە دیارە زانستی ئاوەڵواتا لە نێوانی زمان و ڕەخنەسازیدا پارچە پارچە دەکات و لە یەکتریان جوێ دەکاتەوە .

زانای بەناوبانگ (فونت) زیاتر بەرەو ئەم ڕێگایە سنگ دەباتە پێشەوە و دەڵێ : نابێ بە هیچ جۆرێك نموونەکانی جۆری یەکەم بە میتەفۆر ناوببرێت چونکە هیچ فڕێکیان بەسەر زمانی هونەریەوە نی یە [٥] هەرچۆنێك بێت نابێ وا تێبگەین کە ئەمبارەی زانستی میتەفۆر لە ڕەخنەسازی ئەوروپیدا جێگای لە توێژینەوەی ئەم هونەرە گرتووە و نەیهێشتووە ڕەخنەسازە ئەوروپیەکان قەڵەمی لێکۆڵینەوە لە کۆڕە فراوانەکەیدا بەکاربهێنن و بۆن و بەرامێکی نوێ و هاوچەرخی بدەنێ و سامانە دێرینەکەی بخەنە گڕ و هەنگاوی گۆڕان و پەرەسەندنی پێ هەڵبگرن .

---

(٥) بڕوانە کتێبی (نظرية الأدب) ل ٢٥٣ .

ڕێبازی شیکردنەوەی میتەفۆر
لە ڕەخنەسازی ئەوروپیدا

هەروەکوو لەمەوبەر ووتمان باری ئینکاری‌بوونی میتەفۆر و فەراموش‌کردنی لە ڕەخنەسازیی ئەوروپیدا ڕێگای بە باس‌کردنی نەگرت و دەرگای لێکۆڵینەوەی لە ڕووی هەموو ڕەخنەسازەکاندا داخست ، بەڵگەشمان لەسەر ئەم ڕاستیە ئەوەیە کە بە دەیان کتێب و ووتاری بە نرخ لە ڕەخنەسازیی ئەوروپیدا بە هەموو زمانە ئەوروپیەکان لە باس‌کردن و شی‌کردنەوەی میتەفۆر دانراون •

ئەوەی لەم ڕووەوە شایەنی تێبینی و سەرنج لێدانە ئەو کتێب و ووتارانەیە کە لە ڕێبازی شی‌کردنەوەی میتەفۆردا پەیوەندیەکی پتەویان بە ڕەخنەسازیی یۆنانی و ڕومانی‌یەوە هەیە •

دانەرەکانیان هەرچەندە بە هۆی کارتێکردنی زانستەکانی هاوچەرخ وەکوو زانستی دەروون و زانستی کۆمەڵ تا ڕادەیەکی زۆر لەو ڕێبازانەدا چەشنە گۆڕان و زیادە خستنەسەریان بەرپاکردووە ، بەڵام نەیانتوانیوە لە شوێنەواری (ئەرستو) و (لونجینۆس) خۆیان بپارێزن •

بۆیە ڕەخنەسازیی ئینگلیزی بەناوبانگ (کریستیان بروك رۆز) لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا [٦] کە لە ڕێبازەکانی شی‌کردنەوەی میتەفۆر دەکۆڵێتەوە و دەڕوانێتە سامانی یۆنانی و ڕۆمانی لە باسی میتەفۆردا ، ئەمجا ئەم ڕێبازانە بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکات :

---

(٦) دەستووری خوازە : Agrammar of metaphor

یەکەم : ڕێبازە فەلسەفیەکان کە بەلای ناوەرۆکی بیری و هۆشمەندیەوە دەشکێنــن •

دووەم : ڕێبازە زمانی‌یەکان کە خۆیــان بــە بابەتــەکانی ڕێزمــان و زمانەوانی‌یەوە دەبەستن •

ڕێبازە فەلسەفیەکانیش لە لای ئەم ڕەخنەسازەدا چوار نموونەی هەیە•

نموونەی یەکەم : دابەش‌کردنە بەناوبانگەکەی (ئەرستۆ)یە کە لەسەر بناغەی ڕەگەز و جۆری لۆجیکی میتەفۆر ، شی‌دەکاتەوە •

نموونەی دووەم : دابەش‌کردنی میتــەفۆرە لــە ســەر بنەواشــەی گیانلەبەر و بێ‌گیان ، ئەم بنەواشەیەش لە لایەن هاوبیرەکانی (ئەرستۆ)وە پەیــڕەوی کراوە و لەبەر تیشکی‌دا چوار چەشن لە گواستنەوەی وشەی میتەفۆری دەست‌نیشان‌کراون :

یەکەم : گواستنەوە لە گیان لەبەرەوە بۆ (بێ‌گیان) وەکوو دەربڕینی (برۆی چیا) : وشەی (برۆ) بۆ گیان لەبەرە ، بەلام لەم دەربڕینەدا بۆ (چیا) کە بێ‌گیانە بەکارهێنراوە •

دووەم : گواستنەوە لە (بێ‌گیانەوە بۆ گیانلەبەر) وەکوو (ناوبردنی دوژمن بە شمشێر) وشەی (شمشێر) بێ‌گیانــە لە دوژمــن هــاتووە کــە گیانلەبەرە •

سێ‌یەم : گواستنەوە لە (گیانلەبــەرەوە بــۆ گیانلەبــەر) وەکــوو بەکارهێنانی وشەی (شێر) بۆ ئادەمیزادێکی ئازا وشەی (شێر) و وشــەی ئادەمیزادی (ئازا) هەردوکیان بۆ گیانلەبەر بەکاردێت •

چوارەم : گواستنەوە لە (بێ‌گیانەوە بۆ بێ‌گیان) وەکوو (بەکارهێنانی

لغاو بۆ کەشتی) لەم بەکارهێنانەدا (لغاو) و (کەشتی) هەردوکیان بۆ بێ گیان بەکارهاتوون •

نموونەی سێیەم : دابەش‌کردنی میتەفۆر لە ڕێگای بیرەوە • ئەم وێنەیە ئاساترین ڕێبازە بۆ دابەش‌کردن و شی‌کردنەوەی میتەفۆر ، بەلاّم هەتا سەدەی نۆزدەهەمی زایین بە جۆرێکی تەواو ڕەچاو و پەیڕەوی نەکراوە •

بناغەی ئەم ڕێبازە لە مێژووی پەیدابوونیدا بۆ (سیزارو) دەگەڕێتەوە کە دەڵێ : (هیچ شتێك لەم جیهانەدا ووشە بێت یان واتا بۆ چەند شتێکی تر لەسەر بناغەی پەیوەندی بۆ بەکارهێنان نەشێت و ڕەوا نەبێت) •

نموونەی چوارەم : شی‌کردنەوەی میتەفۆر لەبەر تیشکی پەیوەندیەکی گشتی و هاوبەشیدا :

ئەم شی‌کردنەوەیە لەسەر لایەك یان پتر لە یەکچوونی واتای وشەیەك و ئاوەڵواتاکەیدا دەڕوات و پشت بە پەیوەندی نێوانیان دەبەستێت •

(کریستیان) دووای ئەوەی سەرەنجی خوێنەرەکان ڕادەکێشێ بۆ نموونەیەکی تر لە ڕێبازە فەلسەفیەکان بۆ دابەش‌کردن و شی‌کردنەوەی میتەفۆر ، ئەوەش نموونەی پێنجەمە کە مەبەستەکەی لێکدانەوەی ئامانجی میتەفۆرە واتە : (چێژوەرگرتن و خۆشی بینین لە میتەفۆر) • ئەم ڕێبازە پووچەڵ دەکاتەوە و بەرپەرچی دەداتەوە ، ئەمجا ڕێبازە زمانیەکان کە بە لایەوە پەسندن پێش‌کەش‌دەکات و دەڵێت : (چەشنەکانی میتەفۆر هەرچیەك بن لە واتایەکی گشتیەوە بۆ واتایەکی تایبەتی لە گیان‌لەبەرەوە بۆ بێ گیان لە مەبەستێکەوە بۆ مەبەستێکی تر گواسترابنەوە ـ دەبێ ڕێبازێکی زانستی وورد هەبێ بۆ چوونە ناوەوەیان و شی‌کردنەوەیان) • ئەم ڕێبازەش پشت بەستنە بە پارچەکانی ئاخاوتن ، چونکە میتەفۆر لە

ئاخاوتنەوە هەڵدەقوڵێ و کەرەسەی بڕبڕەی زمانی هونەریە •

لێرەدا (کریستیان) بیروڕای (تیبرسن) لە دەستنیشانکردنی پێنج پارچە سەرەکیەکەی ئاخاوتن کە (فەرمانو ، ناو و ، ئاوەڵناو ، و ئامراز ، و ڕاناو)ن دەهێنێتەوە یاد و دەڵێت : ئەم پارچەیە بنەڕەتی بن یان تەواوکەر بن لە زمانەکانی بنەماڵەی هیندو ئەوروپیدا بەدیدەکرێن ، بۆیە هەموو هەستیارێکی ئینگلیزی دەبێ بۆ میتەفۆر بەکاریان بهێنێ •

سەرەنجام (کریستیان) میتەفۆر لەسەر پارچەکانی ئاخاوتن دابەشدەکات و کتێبەکەی [٧] کە گرنگترین باسە لە شیکردنەوەی ئاوەڵواتا سەردێرەکانی بەو پارچە ڕێزمانیانە ناونراون ــ ئاوەڵکردار ــ ئاوەڵناو ••• هتد لەبەر دەستی ئەم ڕێبازەی (کریستیان)دا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ و دەپرسێ : تا چ ڕادەیەك ئەم ڕەخنەسازە لە کاتی شیکردنەوەی دەربڕینە ئاوەڵواتایەکاندا بە تیشکی ڕێبازە زمانیەکەی خۆی لە تەوقی ڕێبازە فەلسەفیەکان ڕزگاری کردووە ؟ •

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئێمە بیروڕامان وایە کە (کریستیان) تەنها لە ڕێكخستنی بەشەکانی کتێبەکەیدا پەیڕەوی ڕێبازە زمانیەکەی کردووە • بەڵام لە شیکردنەوەی نموونە میتەفۆریەکانی ئەم باسانە ڕاستەوخۆ ڕێچکەی هەنگاوەکانی ڕێبازە فەلسەفیەکانی گرتووە •

بۆ بەڵگە کە سەرنجی لە ڕستەکەی (جۆفری فینسۆف) (مێرگەکان پێدەکەنن) داوە ووتویەتی : وشەی (پێدەکەنی) لە جێگای دەربڕینی (خۆشی بە گوڵ و گوڵزار) هاتووە • یاخود بە وەرگێڕانی وشە بە وشە لە جیاتی دەربڕینی (پڕ لە گوڵ و گوڵزار) بەکارهێنراوە •

بەڵام پێش ناوێ ئەم وەرگێرانە پێشکەش بکەین هەروەکوو پرۆفیسۆر

(Agrammar of metaphor) P. 4—5.

(کیز) دەڵێ : ئێمە لە یەکچوونی نێوانی دوو قسەی لە یەکنەچوودا تێدەگەین بەڵام بە هیچ کلۆجێك پێویست نیە ئەو لە یەك چوونە بهێنینە بەرچاومان و پەنجەی بۆ ڕابکێشین ، هەروەکوو چۆن ڕەفتار لەگەڵ دەربڕینێکی سادە و ساکار وەکوو ڕستەی (گوڵێکم دی) دەکەین چونکە ووشەی (گوڵ) واتا زمانییەکەی دەبەخشێ ئەگەر هات و نەمانزانی بۆ واتا میتەفۆری یەکەی (ئافرەتێکی جوان) بەکارهێنراوە. کەچی وێنەی (میرگەکان لەکاتی پێکەنیندا ڕاستەوخۆ بە باڵی هێزی ئەندێشە دەگاتە زەینمان) ، هەروەها ووشەی (مێرگەکان) دەبێتە گیانلەبەر و قەوارەدارێکی زیندوو. ئەم سەرنجلێدانەی (کرێستیان) بێ گومان ڕاستییەك ڕەچاودەکاتەوە و دەیسەلمێنێ کە ئەم ڕەخنەسازە هەرچەندە دروشمی پووچکردنەوەی ڕێبازە فەلسەفیەکانی هەڵگرتووە ، بەڵام لە کاتی شیکردنەوەی دەربڕینە میتەفۆریەکاندا پێویستی بە تیشکێك هەبووە لە ڕوونالکردنەوەی ئەم ڕێبازە .

بەشی چوارەم

خوازە لە ڕەخنەسازیی کوردیدا

- خوازە لە لای مامۆستا سجادی .
- مامۆستا عەزیز گەردی و باسی خوازە .
- دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف و لێکۆڵینەوەی مەجاز .
- ئێمە و ئاوەڵواتا .
- سیماتنیك و ئاوەڵواتا .
- زاراوەی ئاوەڵواتا بۆچی ؟
- چەشنەکانی ئاوەڵواتا .
- ئاوەڵواتای فەرهەنگی .
- ئاوەڵواتای هونەری .

خوازه له ڕەخنەسازیی کوردی‌دا

لەو گەشتەی لەگەڵ میتەفۆر و مەجاز لە رەخنەسازیی یۆنانی و ڕۆمانی و عەرەبی و ئەوروپی‌دا کردمان ، کە نزیکەی دوو هەزار و پێنج‌سەد ساڵی خایاندوە وێنەی جۆر بە جۆری لە لێکۆڵینەوەی ئەم هونەرە پێش‌کەشی‌کردین ، بۆیە دەبێ ڕاستیەك ڕەچاوبکەین و هەمیشە بیهێنینە یادمان ئەم ڕاستیەش ئەوەیە :

باسی میتەفۆر و مەجاز لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیە و هەرچەندە لەسەر ڕێبازی زانستیانە لێکۆڵراوەتەوە ، بەڵام بۆن و بەرامەی زمانەکەی و دەرفەتی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی نەتەوایەتی خاوەنی ئەو زمانەی پێوەیە.

جا بزانین تا چ ڕادەیەك ئەم ڕاستیە لە باسی خوازە : واتە میتەفۆر و مەجاز لە ڕەخنەسازیی کوردیدا دەنگی داوەتەوە ؟ .

ئایا ئەوانەی باسی ئەم هونەرەیان لە ڕەخنەسازیی کوردیدا کردووە لاسایی‌کەرەوە و شوێن پێ‌هەڵگرن، یاخود بە گوێرەی سروشتی زمانەکەیان و گیانی هاوچەرخ بەهرەدار و داهێنەرن ؟ .

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەم بەشەی کتێبەکەماندا باسی خوازە و مەجاز لە لای مامۆستایان : (علاءالدین سجادی) و (عەزیز گەردی) و (دکتور عبدالرحمن مارف) دەکەین . ئەمجا سەرەنجی تایبەتی خۆمان پێش‌کەش‌دەکەین بە هیوای گەیشتن بە چەسپاندنی باشترین ڕێباز لە

لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەم باسە گرنگە کە بڕبڕەی پشتی ڕەخنەسازییە •

خوازە لە لای مامۆستا سجادی

ئەوەی بیەوێ چەمکی [1] میتەفۆر و مەجاز لە لای مامۆستا علاءالدین سجادی‌دا دەست نیشان بکات و بزانێت ئەم ڕەخنەسازە کوردە لە چ سەرچاوەیەکەوە بیروڕاکانی لەم باسەدا هەڵدەهێنجێ پێویستە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ناوەرۆکی ناونیشانی (هونەرە قسەییە ئاشکرایەکان)دا [2] بڕوا ، چونکە مامۆستای ناوبراو لە دوو توێی ئەم ناونیشانەدا لابەلا لە میتەفۆر و مەجاز دەکۆڵێتەوە •

دەربڕینی (فنونی بەیانیە) کە مامۆستا سجادی بە (هونەرە قسەییە ئاشکرایەکان) وەری گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی لە زانستی ڕەوانبێژیی عەرەبیدا بابەتێکی کۆنە : مامۆستاکانی ئەم زانستیە پاش ئەوەی ئەم بابەتەیان پێ‌گەیاند لە چوارچێوەی‌دا باسی سێ هونەری سەرەکیان کردووە کە (تشبیەو ، مجازو ، کنایەن) • کەچی مامۆستا سجادی گەڕاوەتەوە بۆ کۆنترین قۆناغی پێگەیشتنی ئەم بابەتە و چاوی بڕیوەتە کتێبی (البدیع)ی کوڕی (المعتز) کە لە نیوەی دووەمی سەدەی سێهەمی کۆچی‌دا ، وەکوو سەرەتایەکی ساکار لە عەرەبیدا دانراوە • بەڵگەشمان ئەوەیە مامۆستا سجادی لەم کۆڕەدا شوێن‌پێی کوڕی (المعتز)ی هەڵگرتوە کە ساڵی دووسەد و نەوەدو شەش کۆچی دوایی کردووە ، لە ژێر ناو نیشانی (فنونی بەیانیە)دا باسی (ڕەگەز دۆزی) ــ جناس ــ دەکات [3] کە هیچ پەیوەندیەکی بەم ناونیشانەوە نیە و مامۆستاکانی ڕەوانبێژیی عەرەبی پاش ئەوەی لقەکانی ئەم

---

(١) چمك : المفهوم •

(٢) بڕوانە ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی ل ٨٢ •

(٣) بڕوانە (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی) ل ٨٢ •

زانستە لەسەر دەستیان دامەزراوە و پەرەیان سەندووە لە بابەتی (علم البدیع)دا لێی دەکۆڵنەوە •

هەرچۆنێك بێت مامۆستا سجادی (هونەرە قسەییە ئاشکرایەکان) تەنها لەبەر دوورو درێژی و تێکەڵبوونی زانستی (البیان) و (البدیع)ی عەرەبی بابەتەکانی (البدیع) باس ناکات و خێرا لاپەڕەکانی کتێبی (جواهر البلاغة فی المعان والبیان والبدیع) کە دانەرەکەی (احمد الهاشمی‌یە) و نووسەرێکی هاوچەرخە هەڵدەداتەوە و خۆی دەگەیێنێتە بابەتەکانی (البیان)ی عەرەبی و دەست بەوەرگێرانیان دەکات و بۆ هەر بابەتێکیان نموونەیەك لە وێژەی کوردی دەهێنێتەوە ، یان شاهدێکی عەرەبی دەکاتە کوردی •

لە سەرەتادا وەکوو هەموو باسکەرێکی ڕەوانبێژیی عەرەبی لە بابەتی (التشبیه) بەسەر دێڕی (لێچوون و لەوچوون) (المشبه والمشبه بە)[٤] دەکۆڵێتەوە ئەمجا دەچێت بۆ بابەتی (خواستن) کە بەرامبەر بابەتی (الاستعارە)ی عەرەبی دێت •

جا با بزانین ئایا ئەم چوونە زنجیرەی باسەکەی لە مامۆستا سجادی پچڕاندوە و ڕێبازی زاناکانی ڕەوانبێژیی عەرەبی کە باش بابەتی (التشبیه) و بابەتی (المجاز) باس دەکەن تێکداوە ، چونکە (الاستعارە) لە لایاندا بەشێکە لە مەجاز ، یاخود هەر دەیەوێ شت بە بێ نەخشە وەربگرێ ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگ نیە بەڵام ئەوەی بە لامانەوە گرنگە ئەوەیە: مامۆستا سجادی لە ڕێبازی شیکردنەوەی خواستن لەسەر ڕێچکەی دواکەوتووترین ڕێچکەکانی ڕێبازی عەرەبی لە لێکۆڵینەوەی (الاستعارە) دەڕوات و هیچ ئاوڕێك لە ڕەخنەسازیی هاوچەرخی خۆی ناداتەوە کە بە شێوازێکی نوێ و ڕێبازی خوڵقێنراو لەم هونەرە دەکۆڵێتەوە •

---

(٤) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٨٦ •

مامۆستا (سجادی) له باسی خواستن‌دا دەڵێت : «وێنه بۆ (خواستن)یش وەکوو ئەم هۆنراوەی بێخودە :

که دەرکەوت مانگی دوو حەفته سەراپا پەردەی منەوەرکرد .
به عنوانی سەفا دەستی جفای لەو ناوەدا دەرکرد .

(مانگی دوو حەفته) مانگی شەوی چواردەیە هونەرمەند هێناویەتی و خواستوویەتی بۆ ڕوومەتی خۆشەویستەکەی وەکوو سەیردەکەین هەموو باسەکانی خواستن ئەم هۆنراوە دەگرێتەوە ، چونکە ئەوەبوو ووترا له خواستن‌دا یەکێ له ئەوزاری به هێزی تشبیەکەی دەووترێ و هیچی تر . واته لێچوون یا لەوچون ئیتر ئەوانی تر ناووترێن لێرەدا (لەوچون) که مانگی دووهەفتەیه ووتراوه (لێچوون) که ڕوومەتی یاره نەووتراوه (ڕووی لێچۆن) که ڕووناکیه و ئەوزار نەووتراون . دیاره ئەوزاریش هەر نەووتراوه »[٥] .

ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ مێژووی ڕەوانبێژیی عەرەبی‌دا هەبێت باش دەزانێ که مامۆستا سجادی ئەم قسانەی لەو کتێبانه وەرگرتووه که له سەرەتای ئەم سەدەیەدا بۆ فێرکردنی قوتابیان وەکوو کتێبی (البلاغة الواضحة) دانراون ، تەنانەت دێڕە شعرەکەشی که بۆ شی‌کردنەوە هێناوێیەتیەوە یەکێکه لەو دێڕە کوردیانه که له هونەری وشەسازی‌دا لاسای ڕەوانبێژیی عەرەبی دەکەنەوە و جوانی ڕوومەتی خۆشەویستەکانیان به لێکچوواندنی (البدر) دەردەخەن .

هەرچۆنێك بێت مامۆستا سجادی سەرەڕای ئەمانه هەمووی دەبوایه له کۆتایی ئەو قسانەدا دەربارەی خواستن باسی مەجازی بکردایه ، بەڵام نازانین بۆچی چووە سەر لاپەڕەکانی باسی (الکنایه) له کتێبه عەرەبیەکاندا و

---

(٥) بڕوانه هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٨٨-٨٩ .

فەرامۆشی لاپەڕەکانی ئەم کتێبانەی کرد کە پێش (الکنایـه) لـه (المجـاز) دەکۆڵنەوە ؟ •

بێ گومان هیچ مەبەستێکمان نیە گەر هوێ ئەم ڕووداوە سەیرە لـە هەڵەی ڕیزکردنی لاپەڕەکانی ئەو سەرچاوە عەرەبی‌یە بەدی‌بکەین کە لەبـەر دەستی مامۆستا سجادی‌دایە و هەموو قسەکانی لەوەوە وەرگرتووە ، چونکە هیچ هۆیەکی تر نیە کە پاڵ بە مامۆستای ناوبراوەوە بنێ دوابەدوای بابەتی خواستن باسی (گۆشە ــ درکە) (کنایە) بکات و (خوازە ــ مەجاز) لەدووای کنایەوە تۆمار بکات ، ڕەنگە شوێنی بـاس‌کردنی خـوازە بـە ڕواڵـەت مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ نەبێت ، بە تایبەتی ئـەگەر هـات و لەگـەڵ چۆنیەتی ئەم باس‌کردنەدا بەراوردکرا و پەردە لەسەر ڕادەی تێگەیشتنـی مامۆستا سجادی لە بابەتی‌خوازەدا ڕاماڵ‌کرا •

مامۆستا سجادی کە (خوازە)ی لە (خواسـتن) جیـاکردەوە و لـە نێوانیاندا باسی کنایەی چەقاند ، خوێنـەر بۆیەکەم جـار وا دەزانـی کە مامۆستای ناوبراو هیچ نەبێ جیاوازی (خواستن) لە (خوازە) بەلایەوە زۆر ئاشکرایە و ڕوونە کەچی ئەو نموونـەیەی کە بـۆ خـوازە هێناویەتـەوە نموونەیەکە بۆ خواستن • جا با بزانین ئەم نموونەیە چی‌یە ؟ •

مامۆستا سجادی کە لە باسی گۆشە ــ واتە کنایە ــ بوەوە ووتی : «ئەم باسە کە بۆ گۆشە کرا هەر چەشنە باس‌کردن و ناساندنێك هەبێ بـۆ کنایە بۆ (خوازە)ش ئەوەندە هەیە ، لە خوازەدا نیشانەیەکی تایبەتی هەیـە بۆ ئەوە کە گوزارە ئەسلیەکە مەبەست نەبێت ، وەکوو لـەم هـۆنراوەی سالمدا ئەمەمان بۆ دەردەکەوێ لە کاتێکدا کە دەڵێ :

شێر لە بێشە دەرپەڕێ غورش کونان نەعرە زەنان

دەست بە خەنجەر ، ڕوو بە ڕوو ئەیدا لە زوومرەی دوژمنان

وشەی (شێر) گوزارەیەکی ئەسڵی هەیە و یەکێکی خوازەی ئەسڵیە کە دڕندەکەیە خوازەییەکە پیاوی ئازایە لێرەدا بێ خوازەییەکەیە ئەو نیشانە تایبەتیەش بۆ ئەوە کە خوازەیی‌یەکە بێ ئەوەیە کە دەڵێ (دەست بە خەنجەر، ڕوو بە ڕوو ئەیدا لە زومرەی دوژمنان) دیارە دەستدانە خەنجەر لە کردەوەی ئادەمیزادە نەوەك لە هی شێرێك کە جیایە لە ئادەمیزاد .

ئەم نیشانە تایبەتیە وشەی (شێر) لە هۆنراوەکەدا کە باسەکەی ئێمەیە دەبڕێ بەسەر زەلامەکەدا و دووری دەخاتەوە لە گوزارە ئەسڵیەکە «[٦] ئەوەی تۆزقاڵێك شارەزایی لە ڕەوانبێژیی عەرەبی‌دا هەبێت و لابەلاسەرنجی لە باسی میتەفۆری یۆنانی و ئەوروپیدا دابێت بە لایەوە جێی سەرسوڕمانە کە وشەی (شێر) لەم دێڕە هۆنراوەیەدا خوازەبێت ، چونکە پێوەندی نێوانی گوزارە (واتا) ئەسلیەکەی (شێر) کە دڕوندەکەیە و واتا خوازەییەکەی کە ئادەمیزادێکی ئازایە لێکچوونە ، پەیوەندی لێکچوونیش ــ بێ گومان ــ بناغەی خواستنە و نیشانەی جیاکردنەوەیەتی لە خوازە کە پەیوەندیەکی لێکچوونی نیە .

نازانین مامۆستا سجادی بۆچی تووشی ئەم هەڵەیە بووە و ڕێگای شوێن پێ‌هەڵگرتنی مامۆستاکانی ڕەوانبێژیی عەرەبی لە خۆی تێکداوە . لە کاتێکدا کە زۆر سوورە لەسەر بڕینی ئەم ڕێگایە و وە ویستوویەتی تەنانەت لایەنە ڕووکەشەکانی باسی مەجازیش لەبەر کتێبەکانی ئەم مامۆستایانە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی ، وەکوو باسکردنی جۆرەکانی خوازەکە کە خۆی لێیان قوتار ناکات و دەڵێت : «هەروەها ئەبێ ئەوەش بزانین کە (خوازە)ش دوو جۆرە یەکێکیان (ژیری ــ عقلی) یەکێکیان (زمانی‌ـلغوی) ژیریەکە ئەوەیە کە نیسبەتی شتێك بدرێتە لای شتێکی تر کە ئەم ڕادەیە لە

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٩٢ــ٩٣ .

ڕاستیدا حەق نیە لەو بدرێ ، وەکوو دەڵی : (کۆشکێکم دروستکرد) ئەمە ڕاستە ئەو کەسە کە ئەمە دەڵێ بووە بە هۆ بۆ دروستکردنی ، بەڵام ئەسڵی دروستکردنەکە کرێکارەکان دروستیان کردووە •

جا ئەم جۆرە خوازەیە پێی دەووترێ خوازەی ژیری ، چونکە ژیریەکە ئەم فەرمانە دەدات • زمانیەکە کە لۆغەوییەکەیە • ئەوەیە کۆشکەکە لەکاتی دانانیا بۆ شتێکی تایبەتی دانراوە • وەکوو ئەوە لە کاتی مەتحکردنی پیاوێکا کە قسەی لێوە دەکرێ دەڵێ :(شێرێکم چاوپێکەوت) دیارە دەبێ پەیوەندی و نیشانە ـــ قەرینە ـــ یەك هەبێ لە بەینی گوزارە بۆ دانراوەکەدا و بەینی گوزارە خوازەییەکەدا • وە مەبەست لەم پەیوەندیەش پەیوەندیەکی حسیە لە بەینی هەردو گوزارەکەدا ئەوەك پەیوەندیی ڕاستەقینە و جیابونەوەیە لە وێنەکەی ئێمەدا پەیوەندیەکی حسی هەیە لە بەینی ئەوپیاوە و شێرەکەدا کە زات بە جەرگی هەردوولایانە ـــ نیشانەکەیشی باسکردنی پیاوێکی ئازایە و نەبوونی شێرێکی ڕاستەقینە لەو شوێنەدا ، وەیا دەووترێ (شێرێکم چاو پێکەوت لە حەمامدا) نیشانەکەی حەمامەکەیە چونکە شێری ڕاستەقینە ناچێتە حمامەوە»[٧]• ئەم قسانەی مامۆستا سجادی بە بێ مشتومڕ لە ڕووی واتا و نموونەوە و ڕێبازی شیکردنەوەوە بیروڕاکانی کتێبە عەرەبیەکان بە جۆرێکی میکانیکی دووبارە دەکاتەوە ، بەڵگەشمان بۆ سەلماندنی ئەم میکانیکیە ئەوەیە مامۆستای ناوبراو لەسەر هەمان قسە دەڕوات و دەڵێت : «ئەمە و دیسان جیایی لە بەینی دوو شتەکەدا لێكچوون تشبیە مشابە ـــ بوو ئەوە خواستنە ئەگەر غەیری لێكچوون بوو خوازەیە »[٨] •

ئەم ڕستەیە ئەوە دەردەخات کە مامۆستا سجادی جیاوازیی نێوانی (خوازە و خواستن)ی وشە بە وشە لە زمانی عەرەبیەوە وەرگێڕاوەتەوە

(٧) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٩٤ •
(٨) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٩٤ •

سەر زمانی کوردی بەڵام چونکە لە دێرە هۆنراوەکەی سالمدا وشەی (شێر)ی بە خوازە لە قەڵەم داوە دیارە ئاگای لەم جیاوازیە نەبووە و بە جۆرێکی میکانیکی تەنها خەریکی وەرگێڕان بووە •

زاراوەی خوازەش کە مامۆستا سجادی بەرامبەر بە هونەری مەجازی عەرەبی دایناوە وەرگێڕانێکی وشەیی‌یە بۆ لێکدانەوەی چمکی وشەی مەجازی عەرەبی بە (نقل)و (منقول)و (مشتق)و (مأخوذ) •

کەوابوو باسی (خوازە) [٩] لە لای مامۆستا علاءالدین سجادی‌دا دەنگدانەوەیەکی باسە ڕەوانبێژیە عەرەبیەکانی سەردەمە دوا کەوتووەکانە و هیچ پەیوەندیەکی هونەری و زانستی بە سروشتی ئەم دیاردە زمانی و هونەریەوە لە زمانی کوردیدا نیە •

مامۆستا عەزیز گەردی و باسی خوازە

مامۆستا عەزیز گەردی هەروەکو لە پێشەکیی کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا) باس‌دەکات ، ڕەنگە یەکەم نووسەری کوردبێت کە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی دەربارەی هونەری ڕەوانبێژیی گەلاڵە کردبێ • خوێنەری ئەم کتێبە لەسەر ئەم بناغەیەدا چاوەڕێ دەکات لێکۆڵینەوەکەی بەرهەمی تازە و داهێنراو بێت و دوا بە دووای باسەکەی مامۆستا علاءالدین سجادی لە لێکدانەوەی خوازەدا هەنگاوێکی نوێی هەڵگرتبێ ، بەڵام مامۆستا عەزیز گەردی خۆی نایەوێ ئەو چاوەڕێیە زۆر بخایەنێ ، چونکە بە خوێنەرانی لێکۆڵینەوەکەی ڕادەگەیەنێ و دەڵێت : «بۆ سەرچاوەکان ناچار بووم هێز بدەمە سەرچاوەکانی عەرەبی ، خۆ ڕەوانبێژیش لە هەموو ئەدەبێکا واتە لە ئەدەبی هەموو میلەتێکا هەر یەکە ،

---

(٩) بڕوانە کتێبی (خۆشخوانی) مامۆستا علاءالدین سجادی چاپخانەی مەعاریف ١٩٧٨ کە لە باسی (خوازە)دا هەمان بڕیار دەگێڕێتەوە .

ئەوەندەی هەیە زمانی نووسینەوە نموونەکان ئەگۆڕن و بەس)[10] •

ئێمە ئامانەوێ ئەم بیانووەی مامۆستا عەزیز گەردی یەکالا بکەینەوە و بیسەلمێنین کە بڕیارێکی گشتی‌یە بەلام دەپرسین ئەگەر هات و مامۆستای ناوبراو ناچار بوو بێت پەنا بەرێتە بەر سەرچاوە عەرەبیەکان ئەم سەرچاوانە بەرهەمی چ سەردەمێکی عەرەبین و لەسەر چ ڕێبازێك دانەرەکانیان باسی ڕەوانبێژیان کردووە ؟ •

مامۆستا عەزیز گەردی ڕاستەوخۆ وەلامی ئەم پرسیارە ناداتەوە ، بەلام کە لە زانستەکانی ڕەوانبێژی دەدوێ ، دەلێ : «ڕەوانبێژیی کوردی هەروەکوو ڕەوانبێژی هەر زمانێکی تر ئەکرێ بە سێ بەشەوە :ـ

ڕوونبێژی ـ البیان ـ واتاشناسی ـ المعانی ـ ، جوانکاری ـ البدیع ـ[11] بێ گومان عەزیز گەردی هیچ نزیك نیە لە ڕاستیەوە کە دەلێ ڕەوانبێژیی هەر زمانێکی تر بەو جۆرە دابەش‌دەکرێ •

چونکە ئەم دابەش‌کردنە لە کتێبە ڕەسەنە هونەرییەکانی ڕەوانبێژیی عەرەبی‌دا نابینرێ و بۆ یەکەم جار بە چەشنێکی سەرەتایی لە کتێبی (مفتاح العلوم) دانانی (السکاکی) کە سالی (شەش سەد و بیست و شەش)ی کۆچی مردووە بەرچاودەکەوێ •

کەوابوو مامۆستا عەزیز گەردی لەم کتێبەدا شوێنپێی مامۆستا سەردەمە دوواکەوتووەکانی ڕەوانبێژی عەرەبی هەلگرتووە و ئاگای لە کتێبە ڕەسەکانی ئەم ڕەوانبێژیە نیە و هیچ سەرنجێك لە کتێبە ڕەخنەسازیە عەرەبیەیە هاوچەرخەکانمانی نەداوە ، وەکوو کتێبەکانی (امین الخولی)وە (دکتور محمد مندور) و (احمد امین) و (فؤاد الشایب) •

---

(١٠) کتێبی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی‌دا ل ٧ •
(١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٧ •

هەروەها بە هیچ جۆرێك پەیوەندیەکی زانستیانەی لەگەڵ ڕێبازە ڕەخنەسازیەکانی ئەم مامۆستایانە نەبەستووە •

دروستیی ئەم بڕیارەمان لە باسەکەی مامۆستای ناوبراودا دەربارەی خوازە بە تەواوی خۆی دەنوێنی و ئەو خوێنەرە کوردانە کە شارەزاییان لە مەجازی عەرەبیدا هەیە هیچ گومان لەوە ناکەن کە مامۆستای ناوبراو لە باسەکەیدا زیاتر لە وەرگێڕانی بابەتی مەجازی عەرەبی کۆن بەولاوە هیچ شتێکی تری نەکردووە • بۆ چەسپاندنی ئەم بڕیارەمان با بزانین مامۆستا عەزیز گەردی چۆن ئەم وەرگێڕانەی ئەنجام داوە و باسەکەی پێش کەش کردووە ؟ •

مامۆستا گەردی ناونیشانی باسەکەی بە زاراوەی (دروست‌وخوازە) وەردەگێڕی ئەم وەرگێڕانەش وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی (الحقیقة والمجاز)ی عەرەبییە •

ئەمجا دەست دەکات بە وەرگێڕانی بابەتی (الحقیقة) لە کتێبە ڕەوانبێژییە عەرەبیەکانەوە کە لەسەر ڕێبازی مامۆستا دێرینەکانی عەرەبی دانراون و باسی بەشەکانی (الحقیقة) [١٢] دەکات واتە دروستیی زمانی : (الحقیقة اللغویة) و دروستیی نەریتی (الحقیقة العرفیه) و دروستیی دەستوری (الحقیقة الشرعیة) •

کەم و کوڕی مامۆستا عەزیز گەردی لەم بەشەی کتێبەکەیدا تەنها لە وەرگێڕانی وشە بە وشەی باسەکەیدا خۆی نانوێنێت و بەس ، بگرە لە هەڵەیەکی لەمە گەورەتردا بەر چاو دەکەوێت ، ئەم هەڵەیەش ئەوەیە : مامۆستای ناوبراو ئاگای لەوە نیە کە ناونانی واتای نامەجازی ووشە لە ڕەوانبێژیی عەرەبیدا بە زاراوەی (الحقیقة) لە سۆزێکی ئاینییەوە

(١٢) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٥-٧٦ .

هەڵقولاوە و ئەو زانا عەرەبانە کە زاراوەی (الحقیقة) یان وەکوو دژوارێك بۆ زاراوەی (المجاز) داناوە ، ویستویانە بڵێین : مەجاز درۆیە و بەرامبەرەکەی واتە (الحقیقة) راستە ، بۆیە وشەکانی شرع وەکو : (الزکاة ــ الصلاة ــ الکفر ــ هتد...) بە (الحقیقة الشرعیة)یان ناوناوە •

جا ئەمە باری مامۆستا عەزیز گەردی بێت بێ گومان خوێنەر چاوەڕێی هیچ سەرەنجامێکی داهێنراو و بە کەڵکی لێ ناکات و بە تایبەتی کە سەرنج لە ناوەرۆکی باسەکەی دەدات کە بە پێناسەی خوازە دەست پێدەکات و دەڵێت : «خوازە بریتییە لەوە کە ووشەیەك بۆ مانای دروستی خۆی بەکارنەبرێ بەڵکوو بۆ مانایەکی تر بخوازێ و مەبەستێکی تر بگەیەنێ) :

احمد مختار بەگی جاف دەڵێ :

لە خەو هەستن مللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

کە دەڵێ (لە خەو هەستن) بێ گومان خەو بۆ مانای دروستی نەهاتووە کە نووستنە ، بەڵکوو بۆ دەربڕینی مەبەستێکی تر بەکارهاتووە کە غەفڵەتی و بێ ئاگاییە [١٣] •

ئەم دەقە هەروەکو دەزانین هیچ فڕی بەسەر لێکۆڵینەوەی هونەری ئاوەڵواتاوە نیە و پەیڕەوی کردنی کۆنترین بیروڕای ڕەوانبێژیی عەرەبییە لەم ڕووەوە و لە هێنانی شیعرەکەی احمد مختاری جاف بۆ مەشق و لێکدانەوەی پێناسە عەرەبیەکەی مەجاز بەولاوە شتێکی تری نەکردووە •

ئەگەر بەراووردی ئەم باسەی مامۆستا عەزیز گەردی دەربارەی

---

(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٨ •

خوازە لەگەڵ باسەکەی مامۆستا علاءالدین سجادیدا بکەین ، بە نیـازی ئەوەی بزانین کامیان لە شوێن پێهەڵگرتنی زاناکانی ڕەوانبێژیی عەرەبـی ووردترە ، دەبێ وەرگێڕانەکەی مامۆستا گەردی لە جۆرەکانـی خـوازە تۆماربکەین کە تێیدا دەڵێ : «خوازە بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە :

١ ــ خوازەی زمانی : ئەوەیە وشەیـەك لـە مـانای ڕاستەقینـەی دوور بخرێتەوە و بۆ ڕاگەیاندنی واتایەکی تر بەکاربهێنـرێ و پەیوەنـدیەکیش لە نێوانی مانای دروست و مانا خوازەییەکەدا هەبێت ئەوەش دوو جۆرە[١٤]:

أ) خواستن : ئەو خوازەیەیە کە پەیوەندیەکەی لێكچوون بێت .

ب) خوازەی بەرەڵلا : کە هەموو خوازەیەکی تری زمانی دەگرێتەوە کـە پەیوەندیەکەی (لیکچوون ــ مماثلة ــ نەبێ ، بۆیـە پێیدەووتـرێ خوازەی بەرەڵلا ، چونکە بە پەیوەندییەکەوە نەبەستراوە ، یا لەبـەر ئەوە کە پەیوەندیەکانی ئەکەونە نێوان مانـای دروسـت و مانـای خوازەییی وشەکە)[١٥] .

ئەم وەرگێڕانە هەروەکوو لە باسی مەجازی عەرەبیدا بۆمان دەرکەوت بە ئەوپەڕی ووردیەوە خۆی بە نەخشەی زاناکانی ڕەوانبێژیی عەرەبییـەوە بەستووە و خواستن و خوازەی بەرەڵلا لە ژێر ناونیشانی خوازەدا بـاسی دەکات و جیاوازیی نێوانیان دەردەخات کەچی مامۆستا علاءالدین سجادی هەروەکوو ووتمان لەو نەخشەیە لای داوە و بـە ئاڵـۆزاوی چەشنـەکانی مەجازی باسکردووە .

بەڵام ئایە ئەم ووردیەی مامۆستا عەزیـز گەردی هیچ نرخێـك بـە باسەکەی دەدات و بە لێکۆڵینەوەیەکی تازە و سوودبەخش دەیخاتە بەرچاو؟

---

(١٤) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٨ .
(١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٧٠ .

ئێمە لەو باوەڕەدا نین و هەموو نرخی ئیشەکەی ئەم مامۆستا بەرێزە ئەوەیە توانیویەتی بە زمانێکی رەوان و هێنانی نموونە لە وێژەی کوردیەوە زۆربەی بابەتەکانی زانستی بەیانی عەرەبی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی•

دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف و لێکۆڵینەوەی مەجازی

باسی مەجاز بە سەر زانستی ڕەوانبێژیدا دانەبڕاوە و بابەتێکی هونەری ڕووت نیە ، بەڵکوو لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زمانی و باسی فیلۆلۆجیشدا تێکەڵاوە و زمانەوانەکانیش بە زۆری و بە کەمی خەریکی دەبن •

دیارە ئەم ڕاستیە بووە کە قەڵەمی (دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف)ی ڕاکێشاوە بۆ ئەم کۆڕە وەکوو پسپۆڕێك لە زانستی زماندا چەند لاپەڕەیەك لە کتێبەکەی (ووشەی زمانی کوردی) بۆ لێکۆڵینەوەی واتای مەجازی تەرخان بکا •

جا با بزانین بەرهەمی ئەم چەند لاپەڕەیە چیە و ئەگەر مامۆستا سجادی و مامۆستا عەزیز گەردی لەبەر ناپسپۆریان نەیانتوانی لەم باسەدا شتێکی گرنگ پێش‌کەش بکەن ئایا دکتۆر و پسپۆری ناوبراو توانیویەتی کەلێنێك لە لێکۆڵینەوەی زمانی پڕ بکاتەوە ؟

دکتۆر ئەوڕەحمان لەبابەتی (واتاناسی) Semaslology دا لە مەسەلەی واتای ووشە دەکۆڵیتەوە و دەڵێ : «لە زمانی کوردیشدا وەکوو هەموو زمانەکانی تر ووشە هەن کە تەنیا یەك مانایان هەیە وشەش هەن کە مانایان زۆرە ، بۆ نموونە دەبینین کە هەندێ وشە وەك (شەو ، ئاشەوان ، دراوسێ ، ئەژنۆ ••• هتد » لە یەك مانا زیاتریان نیە ، بەڵام ووشەش هەن مانایان زۆرە و ئەو مانایەش لە یەك نزیکن وەك :

بەردانەوە :

١ـ بەردانی ئاوی گیراو •

٢ـ فڕێدانی شتێك لە بەرزیەوە •

جۆش‌سەندن :

١ـ هاتنە کوڵی شتی شل لەسەر ئاگر •

٢ـ بریتیە لە تاوسەندنی جیهان لە هاویندا •

٣ـ گەرم بوونی یەکێك لەکارێکدا •

پــووچ :

١ـ شتی بێ ناوکی کلۆر •

٢ـ بریتیە لە قسە و گفتوگۆی بێ‌هۆدە • [١٦] •

ووردبونەوە لەم دەقە ئەوە دەسەلمێنێ کە دکتــۆر ئەوڕەحمــان لــەم بابەتەدا جگە لە ڕوونووســکردنی ڕووداوە زمانیــەکە و هێنــانی چەنــد ووشەیەك و وەرگرتن و ڕاڤەکردنی نموونــەکانی لە چەنــد فەرهەنگێــکی کوردیەوە بە تایبەتی فەرهەنگی خاڵ ، هیچ شتێکی تری نەکردووە • نازانین بۆچی لە زۆری مانای هەندێ ووشەی کوردی لەسەر بناغەی مەجــاز کــە ڕێگای پەرەسەندنی واتای ئەو ووشانەیە نەکۆڵیوەتەوە و بە هیچ کلۆجێك لە پەیوەندیی نێوانی دوو واتاکەی ووشەی (بەردانەوە) و (پوچ) و ســێ واتاکەی (جۆش‌سەندن) نزیك نەبۆتەوە و چۆنیەتی گۆڕانــی ووشــەکان لەواتاکەیەوە بۆ واتایەکی تر شی‌نەکردۆتەوە ؟ ئەمە پرسیارێکە ــ بێ گومان ــ وەڵامەکەی لە گەڵیایەتی و بە ئاشکرا دەڵێ : دکتۆر ئەوڕەحمان لەم بابەتــە زمانیەدا شوێن‌پێی ڕێبازی وەصفی کە کۆنترین ڕێبازی زمانەوانە عەرەبەکانە،

(١٦) بڕوانە کتێبی ووشەی زمانی کوردی ل ٩ـ١٠ .

هەڵگرتووە و وەکوو دانەرە فەرهەنگیە دێرینەکان واتا جۆر بە جۆرەکانی چەند ووشەیەکی تۆمارکردوە و هەر بۆ ڕووکەش لە تەك سەردێڕە کوردی‌یەکەی (واتاناسی) زاراوەی Semaslology نووسیوەتەوە بە بێ ئەوەی پێویستیەکانی سەرشانی زانـاکانی زانستی ئەم زاراوەیە بەدی بهێنێ •

هەرچۆنێك بێت با ئەوەش بزانین کە دکتۆر ئەورەحمان دوا بە دووای ڕیزکردنی واتاکانی ئەو ووشانە لە کوتایی باسەکەیدا ووتویەتی :

«فرەواتایی بەشێکی زۆری ووشەکانی زمانی کوردی ئەوە نیشان‌دەدات کە بەم زمانە دەتوانرێ باش تەعبیر بکرێ ، هەروەها شایانی باسە زۆربەی ئەو ووشانە بە ڕەسەن کوردین و لە ناوجەرگەی کوردەواریدا هەڵقولاون » (١٧) •

ئەم ووتەیە تۆزقاڵێك لە بنەڕەتی باسەکە نادوێت و ئەوە دەردەخات کە نووسەر لە تەنگوچەڵەمەی زۆری واتای ووشە دوورکەوتۆتەوە و نەی‌ویستووە ڕوونی کاتەوە کە ووشە ئەگەر هات‌و سادە بوو وەکوو ووشەی پووچ خۆی لە خۆیدا لە یەك واتا زیاتری نیە و واتاکانی تری بە هۆی ڕستەوە دەست نیشان دەکرێن و لەسەر بناغەی مەجازدا ئەو واتایانە شی‌دەکرێنەوە و هەروەها نەچووە بە لای ئەوەی کە ووشەی لێکدراو وەکوو وشەی (جۆش‌سەندن) لەکاتی زۆری واتاکانیدا دەبێ چۆنیەتی لەدایك‌بوونی باس‌بکرێت و لە سەرچاوەکانی بکۆڵرێتەوە و پەیوەندی نێوانی واتاکانی وەکوو ووشەیەکی لێکدراو لە لایەکەوە و واتای هەر وشەیەکی سادە لە قەوارەکەیدا لە لایەکی‌ترەوە دەست‌نیشان بکرێت •

بۆ دکتۆر ئەورەحمان هەیە کە بڵێ : من ئەمانەم هەمووزانیوە ، بەڵام

(١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٠ •

لەبەر چەند هۆیەك زانینەکەم بەکارنەهێناوە ئێمەش دەبێ باوەڕمان بە نووسەری هاوڕێمان هەبێت ، بەڵام لە هەمان کاتدا با بزانین دکتۆر ئەوڕەحمان سەردێڕی (جۆری مانا)ی پاش ئەو ووتەیە چەقاندووە و دووبارە لە زۆربی واتای وشەی کۆلیوەتەوە و ئەم جارە ڕاستەوخۆ خۆی گەیاندۆتە باسی (الحقیقة والمجاز) لە رەوانبێژیی عەرەبیدا و هەنگاو بە هەنگاو ئەوەی پەیوەندی بە زۆربی واتای وشەوە بێت لەم باسەوە بە بێ ووردبونەوە وەری گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی •

دکتۆر ئەوڕەحمان لە سەرەتای سەردێڕی (جۆری مانا)دا دەڵێ : «لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ دوو جۆر مانای ووشەیی جیابکرێتەوە : —

١— مانای حەقیقی Divect (pvopev) meuning بەو مانایە دەوترێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی واقعی نیشان دەدات •

٢— مانای مەجازی Transfered meaning بەو مانایە دەوترێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی واقعی نیشان نادات ، بەڵکو لە ڕێگای پەیوەندیەوە لەگەڵ دیاردەیەکدا مانادەدات[١٨] ئاشکرایە کە دکتۆر ئەوڕەحمان لەم تێکستەدا لە سەرچاوەیەکی عەرەبی سەردەمە دوا کەوتووەکانەوە زاراوە و پێناسەی مانای حەقیقی و مانای مەجازی ووشەی وەرگرتووە ، ئەم وەرگرتنەش هەروەکوو لە تێبینییەکانمان دەربارەی مامۆستا علاءالدین سجادی و مامۆستا عەزیز گەردیدا بینیمان بۆ یەکەم جار لە زمانی کوردیدا ڕووی نەداوە ، بەڵام جێگای داخ ئەوەیە مامۆستایەکی پسپۆڕ دووبارەی دەکاتەوە و خۆی لە هۆ ئایینیە دێرینەکەی ناپارێزێ کە لە زانستی ڕەوانبێژیی عەرەبی کۆندا زاراوەی (الحقیقة) بەسەر واتای ووشەدا دابڕاوە• بەڕاستی جێگای سەرسوڕمان لەم ڕووەوە ئەوەیە کە دکتۆر ئەوڕەحمان

---

(١٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٠—١١ •

Divect (pvect) medning زاراوه جیهانیه‌که‌ی (الحقیقة)ی عه‌ره‌بی ڕوونوس‌کردووه ، که‌چی خۆی له واتای ئه‌م زاراوه‌یه که به عه‌ره‌بی (المعنی المباشر)ه لا ده‌دات و له پێناسه کوردی‌یه‌که‌یدا ووشه‌ی مه‌وزووعی و واقعی به‌کارده‌هێنێ و به بێ ئه‌وه‌ی ئاگای له خۆی بێت ڕای ده‌گه‌یه‌نی که وه‌کوو هه‌ندێ له زانا ئاینیه موسلمانه کۆنه‌کان له‌و بڕوایه‌دایه که واتای مه‌جازی درۆیه و ڕاست نیه . جگه له‌مه‌ش پێناسه‌ی مه‌جاز وه‌کوو پێناسه‌ی حه‌قیقه‌ت لای دکتۆر ئه‌وڕه‌حمان‌دا به جۆرێکی ڕوکه‌شانه‌ی وا وه‌رگێڕاوه که ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌ی نه‌داوه نموونه ووشه‌یی‌یه‌که‌ی له‌به‌ر تیشکی ڕێبازی یه‌کالا کردنه‌وه‌دا شی‌بکاته‌وه ، به‌ڵکو ئه‌وه‌ی پێی‌کراوه هه‌ر ئه‌وه‌یه که ووتویه‌تی : «به وێنه‌ی ووشه‌ی ئاگرنانه‌وه» له زمانی کوردیدا به مانای (ئاگربه‌ردانه به‌شوێنێکه‌وه که بسووتێ) و (هه‌ڵگیرساندنی شه‌ڕ و ئاشووبه‌نانه‌وه) دێت . مانای یه‌که‌می ئه‌م وشه‌یه (ئاگربه‌ردانه به شوێنێکه‌وه که بسووتێ) که مانایه‌کی حه‌قیقی‌یه ئاشکرا و دیاره که ڕاسته‌وخۆ دیارده‌یه‌کی مه‌وزووعی واقعی نیشان نادات ، چونکه ئاشکرا و دیاره که له‌م ڕووداوه‌یاندا (گڕگرتن و سووتاندن)ی تێدا نیه ، به‌ڵکو ئه‌م کاره (ناخۆشی و وێرانی و خراپی) له دووایه ، له ئه‌نجامی (گڕگرتن و سووتاندن)ه‌وه نزیکه ، به‌م جۆره له ڕێگای نزیکی و وێکچوونه‌وه په‌یوه‌ندی ئه‌و دوو ڕوداوه ، ووشه‌ی (ئاگرنانه‌وه) به‌و دوو مانایه ، واته حه‌قیقی و مه‌جازی هاتووه [(١٩)] خوێنه‌ره‌کانمان له به‌ر ده‌ستی ئه‌م ده‌قه‌ی دکتۆر ئه‌وڕه‌حمان ته‌نانه‌ت پرسیار له تازه و داهێنانی ئه‌م قسانه ناکه‌ن ، چونکه به‌رهه‌می هه‌مان ڕێبازه له لاسایی‌که‌ره‌وه‌که‌ی مامۆستا علاءالدین سجادی و عه‌زیز گه‌ردی‌یه ، به‌لام دووباره وه‌کوو ئێمه به داخه‌وه‌ن که ئه‌م مامۆستا پسپۆڕه نه‌یتوانی‌وه خۆی له هه‌ڵه‌ی تێکه‌ڵ کردنی مه‌جازی عه‌ره‌بی له‌گه‌ڵ ئیستعاره‌ی عه‌ره‌بی

---

(١٩) هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو ل ١١ .

بپارێزێ و بە جۆرێکی زانستیانە لە مەسەلەی پەیوەندیەکانی نێوانی دوو واتاکەی وشەی مەجازی بکۆلیتەوە ، سەرەڕای ئەمەش ئێمـە لە دکتـۆر ئەورەحمان ناگەین کە دەڵێ :

هەرچی مانای مەجازیە لە زمانی کوردیدا پەیـدا دەبێ لە ئەنجـامی (نزیکی و وێکچوونی) ووشەی (وێکچوونی) (التشابە)ی عەرەبیە ، بەڵام مەبەستی (لە نزیکی) ئەبێ چی بێت ؟ ..

لە هەندێ کتێبی عەرەبیدا ووشەی (التقارب) و (المناسبـة) کە بـۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندیی واتـای حەقیقی بە واتـای مەجازی‌یـەوە بەکارهێنراون ، بەڵام تێکەڵکردنیان لەگەڵ (المتشابـە والمشابـە) هەرگیز ڕووی‌نەداوە ، بەم جۆرە ڕەنگە بۆمان هەبێت کە بڵێین : باسی مەجاز لـە لای دکتۆر ئەورەحمان هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە نیە ئەگەر بێت و لەگەڵ هەنگاوەکانی مامۆستا علاءالدین سجادی و عەزیـز گەردیـدا بەراووردی بکەیـن .

ئێمـەو ئـاوەڵواتا

لە پێشەکی ئەم کتێبەماندا سەرنجی خوێنەرانمان بۆ سەرئەنجامێـك ڕاکێشا کە ویستمان بە هۆیەوە گومانێك لە دڵیاندا دەربـارەی دروسـتی زاراوەی خوازە و وەکوو دوو نـاو بۆ ڕوداوێـکی زمـانی و هونـەری بەرپابکەین و ووتمان : بە لای ئێمەوە لە بری ئـەم دوو زاراوەیـە زاراوەی ئاوەڵواتا باشتر دەستدەدات و بۆ ڕوونکردنەوەی ئـەو روداوە زمـانی و هونەری‌یە پڕ پێستی خۆیەتی :

سیمانتیك و ئــاوەڵواتا

بێ گومان ئێمە لەم بیرو ڕایانەماندا نامانەوێ ئەوەی بەر لە ئێمە لـە زانستی زمان و ڕەخنەسازیی کوردیدا بنیادنراوە تێکیبدەیـن ، بەڵــکوو بەهۆی پسپۆڕیمانەوە لە ڕەخنەسازی و ڕەوانبێژی بە گشتی و ڕێبـازەکانی شیکردنەوەی مەجازی قورئانی پیرۆز کە لە سەرچاوەی یۆنانی و عەرەبی و ئەوروپی دێرین و هاوچەرخەوە هەڵقوڵاوە بە تایبەتی بڕوامان بەوە هێناوە کە سامانە کۆنەکەی باسکردنی میتەفۆر و مەجاز و خـوازە بـە هـۆی پەیدابوونی چەند زانستێکی تازەوە وەکوو شوێنەوارێکی پاشماوە تەماشا دەکرێت و شوێنە راستەقینەکەی ئەتنیکەخانەیە نەك لە کتێبی هاوسەردەمدا بە با بکرێ •

لەو زانستانە : زانستی (سیماتنیك)ە کە لە واتای ووشە و دەربڕیـن دەکوڵێتەوە و چالاکی و بلیمـەتی چەندەها تاقـم لە فەیلەسووفـەکان و زمانەوانـەکان و زانـاکانی دەروون و ئەنثروبۆلۆجیـا و وێـژەرەکان و هونەرمەندەکان و شارەزاکانی ئابووری و سروشت [١] لەبەر هۆی جۆر بە جۆر دەهێنێتەکار •

هەڵبەت (سیماتنیك) بەم هەموو توانایەوە دەتوانێ بابەتی ئاوەڵواتـا لەسەر بناغەیەکی زانستی و هونەری ڕوون بکاتەوە و سروشتی ئەم ڕووداوە زمانیە بخاتە بەرچاو و ئەرکی سەرشانی لە زمان و وێژەدا دەستنیشان بکات • لەگەڵ ئەمەشدا وە نەبێ ئێمە بە تەنیا پشت بەم زانستە ببەستین و دووپاتیکەینەوە کە هیچ شتێکی دیکە بە تایبەتی ڕێبازی هەمە ڕەنــگەی ڕەخنەسازیی هاوچەرخ و تایبەتیەکانی زمانی کوردی گرنگیاننیە ، چونکە ئاوەڵواتا خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی سـادە و سـاکار نیـە ، بەڵــکوو

سەرئەنجامێکی لێکدراوە پەیوەندیی بە هۆشمەندی و سۆز و ئەندێشەی ئادەمیزاد و نەریتی کۆمەلایەتی و سامانی دێرینی نەتەوایەتیەوە هەیە ...

مەڵبەنــدی ووشــە

یەکێك لە هەرە جیاوازییەکانی نێوانی ئێمە و ئەوانــەی کە بــاسی میتەفۆر و خوازە و مەجازیان تا ئێستا کردووە چۆنیەتی تەماشاکردنی وشەیە: ئەوانەی بەر لە ئێمە ووشەیان وەکوو دەربڕینێکی بێ ڕەگوڕیشە و دەنگێکی زمانی تاقانە و لە ڕستە پچڕاو و نیشانەیەکی لە توێ فەرهەنگ و قســەی بەرگوێ کەوتوو لێکداوەتەوە، بەلام ئێمە نامانەوێ بیروباوەڕمان دەربارەی ئەم هەڵەیە زیندەبەچاڵ بکەین ، بۆیە پێش هەمــوو شتــێك دەپرســین : مەڵبەندی ووشە دەبێ چی بێت ؟ زمــان کە ئەنجــامی دەدا سەرچــاوەکەی چییە ؟ چۆن لە گوێ کاردەکــات و بۆچی دەبــێ وەکــوو گیاندارێــك تەماشابکرێ ؟ زاناکانی فیسیۆلۆجی و دەروون و زمان لەو بڕوایەدان کــە ئاخاوتن (خیوێك) [٢] نییە بەسەر زمانی دوێنەرەوە بێت و ئەمجا ئاوابێت، بەلکو شوێنەوارێکە لە هێزەکانی هۆشمەندییەوە لە دایك دەبێت . زانای بەناوبانگ (برۆکا) لەم ڕوووەوە تیوریەکی هەیە دەڵێت : مەڵبەندی ئاخاوتن لە توی سێیەمی مێشکدایە لە لای چەپیەوەیە [٣] ، مێشکیش پارچەیــەکی زیندووە ڕووداوەکانی هۆشمەندی بە هۆیەوە ئەنجام دەدرێــن ، بــەلام هۆشمەندی هەروەکوو زاناکانی دەروون دووپاتی دەکەنەوە کۆمەڵێکە لــە توانا و هێزەکانی ئادەمیزاد و پارچەیەکی هەستپێکراو لە مێشك نییە ... ئەوەی لە توانا و هێزی هۆشمەندی پەیوەندیی بە باسەکەمانەوە هەبێت دوو چالاکییە :

---

(١) بڕوانە کتێبی (مناهج البحث فی اللغة ل ٢٤ .

(٢) خێو : الشبح .

(٣) بڕوانە کتێبی (کتاب اللغة) ل ٣٧ـ٣٨ .

یەکەم : تۆمارکردنی ئەو وێنانەیە کە بە ڕێگای یەکێـك یان پتر لـە پێنج هەستپێکەرەکانی ئادەمیزادەوە لـە جیهـانی دەرەوە بـۆ مێشـك دەگوێزرێنەوە •

ئەم وێنانە لە ناو مێشکدا لە پەیدابوونی ڕواڵەتی شت لەسەر ئاوێنـە دەچن ، بەڵام دەبێ بزانین وێنە لە ئاوێنەدا بە لاچوونی قـەوارەکەی ئـاوا دەبێت ، کەچی وێنەکانی هۆشمەندی لە ناو مێشکدا تۆمار دەبن و ڕەگ و ڕیشە دادەکوتن و دەچەسپێن و بە لاچوونی قەوارەکانیان لاناچن •

دووەم : هێنانەوەی وێنە تۆمارکراوەکان :

ئەو وێنانەی کە لە نـاو مێشـکدا تۆمارکـراون ئەگـەر هـات و هەسپێکەرەکانی ئادەمیزاد تووشیان بوو بە توشی شتەکانیانـەوە یاخـود ئـەوەی پەیوەندەیـەکی بە شتەکانیانـەوە هەیـە یـاد دەکرێنـەوە و دەهێنرێنەوە بەرچاو زەین و ئەندێشە [٤] •

نیشانەی زمانی [٥] وێنەیەکی هۆشمەندی‌یە دوو ڕووی هەیە :

یەکەم : هێنانەوە یادی ئەو وشەیەیە کە بوێ دانراوە •
دووەم : یادکرنەوەی ئەو شتەیە کە بوێ دانراوە •

بۆ نموونە هەموو کەسێك دەتوانێ ناوی ئەو وێنە هۆشمەندی‌یە کـە دەربارەی (بەرد) لە مێشکی‌دا تۆمار بووە یاد بکاتەوە و ووشەکەی بهێنێتە فکری ، هەروەها دەتوانێ ڕواڵەتی بەردیش بهێنێتە بەرچاو و زەینی خۆی ، بەم پێیە ئادەمیزاد کە نیشانەی زمانیی بە دەست دەهێنی ئەگەر هـات و گوێی لەو ووشەیە بوو کە بۆ شتەکەی دانراوە یەکسـەر ئەو شتـە یـاد دەکاتەوە ، هەروەها ئەگەر هات و چـاوی بەو شتـە کـەوت ووشـەکە

---

(٤) بڕوانە کتێبی (محاضرات فی اللغة) ل ٢٨ــ٢٩ •
(٥) نیشانەی زمانی : الرمز اللغوی •

دەهێنێتەوە فکری خۆی • چالاکی هێنانەوە یادی ووشـــە و نـــاونراوەکەی یارمەتی ئەندامانی کۆمەڵ دەدا بۆ لە یەکترگەیشتن ، چونـــکە ئەندامـــانی کۆمەڵ هەموویان لە هۆشمەندی یەکانیاندا هەمان وشەیـــان بۆ هەمـــان شتیان تۆمارکردووە و واتاکانیان لە یادیاندا چەسپاون • لەبەر ئەمـــە کـــە وشەیەك یان ڕستەیەك لە دەمی قسەکەر دێتە دەرەوە یەکسەر لە هۆشمەندی گوێ‌گرەوە واتای ئەو وشەیە دێتەوە یاد و پەیوەندیەك لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت ، ئەم پەیوەندی‌یەش لە یەك‌گەیشتنە •••

زاراوەی ئاوەڵواتا بۆ چی ؟

ئەو سەرئەنجامانەی کە بەرهەمی زانستی بیۆلـــۆجی و دەروونـــی و کۆمەڵایەتی و زمانین ڕاستن و هیچ گومانیان لێ‌ناکرێ ، بەڵام دەبێ بزانین هەردوو چالاکی : وێنە تۆمـــارکردن و وێنەهێنـــانەوە یـــاد دوو ڕووداوی میکانیکی نین ، چونکە لە سەر شانۆی هۆشمەندی ئادەمیزاددا ڕوودەدەن ئادەمیزادیش پارچەیەك لە ئاسن نیە ئەگەر هات و لێی‌درا دەنگ‌بداتەوە و بەس ، بەڵکو گیان‌لەبەرێکی زەین‌دار و خاوەن ئەندێشە و هۆشیاری‌یە : کارتێ‌کردن وەردەگرێت و ئەمجا بەسەربەستی‌یەکەوە دەستی تێ‌دەخـــات • بۆیە کە گوێی لە ووشەیەك دەبێت واتاکەی بە ڕووتی یاد ناکاتەوە ، بـــگرە دەرگای هەموو یادگارەکانی دەربارەی ئەو وشەیە لە مێشکیدا دەکاتەوە و گشت واتاکانی دەهێنێتەوە یاد و پاش بەراوردێکی خێرا مێشـــکی ئـــەو واتایە هەڵدەبژێرێ کە ووشەکە لە ڕستەکەی‌دا بۆی بە کارهاتووە •

ئەمە لە لای گوێ‌گر و خوێنەرەوە لە لای قسەکەر و نووسەریشەوە هەمان ڕووداو ئەنجام‌دەدرێ • هەر ووشەیەك لە هۆشمەنـــدیدا ژیـــانێکی تایبەتی چەسپاندووە و شرینێك لە یادگاری تۆمـــارکردووە ، کە دەیـــەوێ بیروڕای خۆی بەو ووشەیە دەربڕێ بە گوێرەی پێویست واتـــای ئـــەو

ووشەیە لە ڕستەیەكدا دەستنیشاندەكات و مەبەستی خۆی دەگەیێنێتە گوێگر و خوێنەر • لەبەر تیشكی ئەم بناغەیەدا دەبێ دوو بارە بزانین واتاكانی ئەو ووشەیە لە كۆمەڵەوە دەستكەوتوون و لە دووتوێ وشەكەیاندا پێكەوە چەسپێنراون و هەنگاو بە هەنگاو لە دەوروبەریدا كۆبوونەتەوە •

جا لێرەدا نابێ فەرامۆشی مێژوی چەسپاندن و كۆبوونەوەی واتاكان لە ووشەكەیاندا بكەین ، چونكە ئەم واتایانە هەموو بە یەك قۆناغ بۆ ووشەیەك خڕ نەكراونەتەوە و ووشەكەش لە یەك قۆناغدا كۆمەڵ بۆ گشت واتاكانی دای نەناوە ، بەڵكوو هەنگاو بە هەنگاو ژیانی ووشە پەرەی سەندووە و بە گوێرەی پێویست بۆ واتایەكی تر بەكارهاتووە •

نموونەیەك كە ڕەنگە ئەم بوونەی ووشە ڕوونبكاتەوە و قۆناغەكانی ژیانی دەستنیشانبكا ووشەی (شێر)ە ئەم وشەیە لە هۆشمەندی ئێمەدا یەكەم جار بەسەر دڕندەیەكی تایبەتیدا دابڕاوە لە پاشدا دەركەوتووە ئەم دڕندەیە لەدڕندەكانی دی ئازاترە ، بۆیە ووشەی (شێر) واتای ئازایەتیشی پەیداكرد و كردی بە ئاوەڵ بۆ واتا پێشوەكەی •

بەم جۆرە ووشەی (شێر) خوێ لە خوێدا دوو واتای هەیە :

یەكەم : ناوێكە بۆ دڕندەیەك كە یەكەم جار پەیدا بووە •

دووەم : ئاوەڵناوێكە بۆ دڕندەیەك كە دووایی پەیدا بووە •

ئێمە كە بەم جۆرە دەڕوانینە لەدایكبوونی واتاكانی ووشە و بە زاراوەی خوازە و خواستن و دركە و مەجاز بێ دەستنیشانكردنی قۆناغەكانی ووشە قایل نەبووین ، چونكە ئەم زاراوانە بەڕووكەشی واتاكانی ووشەیەك دەستنیشان دەكەن و لێمان دەگەیەنن كە ئەگەر هات و وشەیەك

دوو واتا یان زیاتری هەبوو لە واتاکەیەوە قەرز کراوە یان خوازراوە یان هەڵگیراوە بۆ واتایەکی تر •

کەچی بابەتەکە بە هیچ جۆرێك وا نییە ، ووشە چ تاقانە بێت چ دەربڕینێك بێت خۆی لە خۆیدا لە هۆشمەندیی ئەوانەی کە پێی دەدوێن دەشێ تاقە واتایەکی هەبێ و دەشێ خاوەن چەندەها واتا بێت • ئەگەر لە واتایەك زیاتری هەبێت دەبێ بزانین لە سەرەتای پەیدابوونیدا بۆ یەك واتا بە کارهاتووە ، ئەمجا بە هۆی بە کارهێنانیەوە و بە گوێرەی پێویستی بۆ واتایەك یان زیاتر بە کارهاتووە • ئێمە بە واتای یەکەمی ووشە دەڵێین واتای (زمانی) چونکە پێویستی زمان ئەو واتایەی بۆ ووشە خوڵقاندووە ، بەڵام واتاکانی تری بە زاراوەی (ئاوەڵواتا) ناو دەبەین ، لەبەر ئەوەی ئەم واتایانە دووای واتا زمانیەکە پەیدابوون و لە ژیانی ئەو ووشەیەدا هەنگاو بە هەنگاو قۆناغ بە قۆناغ لەدایكبوون و بوون بە ئاوەڵ و هاوڕێی واتا زمانیەکەی ووشەکە • بەم پەیڕەوە دەتوانین ووشەی (شێر) لە ڕستەی (شێر لە جەنگەڵدا دەژی) شیبکەینەوە و بڵێین : واتای زمانی ئەم ووشەیە درندەکەیە ، بەڵام لە ڕستەی (شێرەکەمان لە شەڕدا سەرکەوت) بۆمان هەیە بڵێین ئاوەڵواتای ئەم ووشەیە پیاوێکی ئازایە •

بەم جۆرە رزگارمان لە زاراوەی خوازە و خواستن و درکە و مەجاز و حەقیقەت و مەوزوعی و ••• هتد ••• ئەبێت و ڕێبازێکی نوێ بۆ شیکردنەوەی ئەم هونەرە بەرزە بەرپادەکەین •

چەشنەکانی ئاوەڵواتا

ئەوانەی بەر لە ئێمە لە کوڕی زانستی ڕوونبێژیی عەرەبیدا باسی چەشنەکانی ئەو ووشە و دەربڕینانەیان کردووە کە لە ڕەسەندا ئاوەڵواتان لە سێ بابەتی لقیدا باسەکەیان پارچە پارچە کردووە :

یەکەم : بابەتی خوازە (مەجاز) کە لە لایان بریتییە لە ووشەیەك یان دەربڕینێك بۆ مانای دروستی خۆی بە کارنەهێنراوە ، بەڵکوو بۆ مانایەکی تر خوازراوە و مەبەستێکی دیکە دەگەیەنێ بە مەرجێك لە نێوانی هەردوو ماناکەدا پەیوەندییەك بەدیبکرێ ئەم پەیوەندییەش لە خوازەدا جۆربەجۆر و بەرەڵلایە ، وەکوو ئەم دێڕە هۆنراوەیە کە دەڵێ •

میوەی گەیشتووی زەردوسووری باخ

جریوەی جووکەی دارستانی شاخ

مەبەستی خاوەنی ئەم دێڕە لە دەربڕینی (جریوە و جووکەی دارستان) جریوە جریوی ئەو مەل و باڵندانەیە کە لە ناو دارستانەکە دەنگیان تێکەڵ بووە و ئاوازێکی دڵفرێنیان دروستکردووە ، و لێرەدا ناوی شوێنەکەی لێخواستووە کە (دارستان)ە بۆ ئەو شتانەی لەوێدان کە باڵندەن • واتە پەیوەندیی نێوانی هەردوو مانای دەربڕینی جریوە و جووکەی دارستان پەیوەندیی شوێنییە (المحلية) (١) •

دووەم : بابەتی خواستن (الاستعارة) •

کە بریتییە لە بەکارهێنانی ووشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی ووشەکە بە مەرجێ پەیوەندیی نێوانی مانای دروست و مانای خوازەیی ووشەکە وێچوون بێت ، دەبێ نیشانەیەکیش هەبێ کە ئێمە مەبەستمان بەم ووشەیە مانا خواستراوەکەیە نەك مانا دروستەکە •

ئەدەب دەڵێ :

گەه لە باخی سینەدا سەیری دوو نارنجم دەکرد

گەه لە گوڵزاری جەماڵی تەماشای یاسەمین

---

(١) بڕوانە کتێبی ڕەوان بێژی لە ئەدەبی کوردیدا ل ٨ •

(نارنج) مانا دروستەکەی ئاگەیەنێ کە بەری دارێکە ، بەڵکوو بۆ شتێکی تر خواستراوە کە (مەمك)ە پەیوەندیش لە نێوانی (نارنج) و (مەمك) وێكچوونە ، کە مەمك زۆر بە نارنج دەچێ[٢] .

سێهەم : بابەتی درکە (الكناية) کە ئەوەیە ڕاستەوڕاست ناوی شتێك نەبەی ، بەڵکوو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستە هێمابۆکراوەکە بچێ ، ئەو پەیوەندیەش پەیوەست و پەیوەستراوە : (لازم و ملزوم) . وەکوو دەربڕینی (لە گوێی گانووستوون) کە درکەیە لە غەفڵەتی و بێئاگایی : لە گوێی گانووستن پەیوەستە ، بێئاگاییش پەیوەستراوە[٣] ..

ئەگەر خوێنەر بە ووردی لە پێناسە و نموونەکانی ئەو سێ بابەتە لقییە بکۆڵێتەوە دەگاتە ڕاستیەکی زانستیانە ئەم ڕاستیەش ئەوەیە : تاقە جیاوازیی نێوانی خوازە و خواستن و درکە جۆر بە جۆریی پەیوەندی نێوانی واتای یەکەم و واتای دووەمی ووشە و دەربڕینەکانە . جگە لەم جیاوازییە هەر سێ بابەتەکە لە بنەڕەتدا یەکن و هیچ شتێك لە یەکتر پچڕپچڕیان ناکات : لە خوازەدا مەبەست لە دەربڕین (جریوە و جووکەی دارستان) واتا زمانییەکەی نییە ، بەڵکوو ئاوەڵواتاکەیەتی کە (مەل و باڵندەیە) ، لە خواستندا (ئەدەب) ووشەی (نارنج)ی بۆ واتای زمانییەکەی بە کارنەهێناوە ، بەڵام بۆ ئاوەڵواتاکەی سازیکردووە کە (مەمك)ە لە درکەدا پەندی پێشینانی (لەگوییی گادا نووستوون) واتا زمانییەکەی مەبەست نییە ، بەڵام بۆ ئاوەڵواتاکەی کە (غەفڵەتی و بێئاگایی)یە بە کارهێنراوە . جا لێرەدا دەبێ بپرسین : ئایە دەشێ لەبەر ئەو جیاوازییە تاقانە و ڕووالەتیە ئەو ووشە و دەربڕینانە بە سەر سێ بابەتی سەرەکیدا

---

(٢) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦٩ .

(٣) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٨٩ .

دابەش بکەین و خەریکی داتاشینی زاراوەی سەیرسەیر بۆ سنوورکێشان لە نێوانیاندا بین ؟ .. ئایە شتێکی دیکە هەیە جگە لە سەپاندنی جیاوازیەکی ڕووکەشی و دەستکرد بە سەر دەربڕینی (جریوە و جووکەی دارستان) و (نارنج) و (لەگوێ گادا نووستن) ؟ !..

بۆچی مامۆستا کوردەکان لەو خاڵانە وورد نابنەوە کە ووشە و دەربڕینە (خوازە) و (خواستە) و (درکە)ییەکان یەك دەخەن ؟

مەبەستمان لەم پرسیارە سەرسوڕهێنەرانە دەستنیشانکردنی لاسایی کردنەوەی ئەو مامۆستا کوردانەیە دوورکەوتنەوەیان لە ڕاستەقینەی هونەری ئاوەڵواتا و پچراوییان لەم زانستە هاوچەرخاتەیەکە باسی ئەم هونەرە دەکەن . بۆیە ئێمە شوێنپێی ئەم مامۆستا کوردانە لە بابەتی چەشنەکانی ئاوەڵواتادا هەڵناگرین و دەگەڕێینەوە سەر تێڕووانینی تایبەتی خۆمان دەربارەی مەڵبەندی ووشە و دەپرسین :

ئایە سەرچاوەی ئاوەڵواتای ووشە و دەربڕین چییە و مەبەستیش لەم ئاوەڵواتایە دەبێ چی بێت ؟ هەروەکوو لەمەوبەر ووتمان مەڵبەندی واتاکانی ووشە و هەنگاوەکانی ژیانی هێزەکانی هۆشمەندییە ؟

کەوابوو ئاوەڵواتای ووشە و دەربڕین کە یەکێکە لەو واتایانە لە سەرچاوەیەکی یەکگرتووەوە هەڵدەقوڵێ ، مەبەستیش لە ئاوەڵواتا تێگەیاندنی گوێگر و خوێنەرە ، تێگەیاندنیش دوو هۆی هەیە کە ئامانجەکەیان یەکە :

هۆی یەکەم : دەربڕین لە شتێکی نوێ و تازەیە کە گوێ گر و خوێنەر پێویستیان بە ووشەیەك هەیە ڕوونی بکاتەوە و بوێ ببێ بە ناوێکی تایبەتی.

هۆی دووەم : دەربڕینە لە هەست و نەست و سۆزی دوێنەر و کارتێکردنە لە خوێنەر و گوێ گر .

لەبەر تیشکی ئەم ڕاستیەدا ئاوەڵواتا بە لای ئێمەوە لە زمانی کوردیدا دوو چەشنی سەرەکی هەیە •

چەشنی یەکەم : ئاوەڵواتای فەرهەنگی‌یە •

چەشنی دووەم : ئاوەڵواتای هونەری‌یە •

ئاوەڵواتـای فەرهەنـگی

لە زمان و ڕەوانبێژیی عەرەبی‌دا دەربارەی ئاوەڵواتای ئەو وشانـەی لە فەرهەنگ چەسپاون و لە قسەی ڕۆژانە بە سەربەخۆیی بەکاردەهێنرێن ، پرسیارێك بەرپا بووە پرسیویەتی :

ئایا مەبەست لەو ووشـانە واتا دێرینەکانیـانە یاخـود ئاوەڵواتـا تازەکانیانە ؟ •••

زۆربەی زانا دێرینەکان لەو بڕوایەدان کە ئەو ووشانە حەقائیقن و هیچ پەیوەندیەك لە نێوانی واتا تازە کانیان و واتا پیشووەکانیاندا نی‌یە : واتە ووشەی (الصوم) هەر بە مانای ڕۆژووگرتن هاتووە ، ووشەی(الصلاة): تەنیا بۆ نوێژکردن بە کاردێت و ئەم دوو ووشەیە هەرچی واتایان لە پێش ئیسلامدا هەبوویێت نەماوون ••• مـامۆستا (مبـارك) کە زمانـەوانێکی عەرەبی هاودەمە ئەو هەڵوێستە دێرینەی کرد بە ڕێبـازێکی هاوچـەرخ و ووتی :

«ئەو واتایانەی کە بەسەر ووشەیەکدا دێن و لە دەوری خڕدەبنەوە بە یەکا دەچن و زۆران بازی‌یەك لە نێوانیاندا ڕوو دەدات ، سەرئەنجام واتـا نوێ کە واتا کۆنەکە و ئەوەی پێش ئەو دەسڕێتەوە و لە شوێنیدا خـۆی دەچەسپێنێ • بۆ نموونە ووشەی (البأس) بە واتای (تەنگی) و ، ووشەی (المسافة) کە لە بناغەدا (السوف)ە بە واتای بۆن و ، ووشەی (الحج) بـە

مانای (مەبەست) هاتبوون ، بەڵام ئێستا ئەم ووشانە تەنها بۆ واتا تازەکانیان بە کاردێن ، بۆیە ، (البأس) تەنها بە واتای (الحرب) و (المسافة) بە واتای (دوری) و ، (الحج) بە واتای (سەردان لە ماڵی خوا) هاتوون (٤) •

ئەم بیروڕایە ــ بێ‌گومان ــ لە هەڵوێستێکی ئاینیەوە سەری هەڵداوە و هەموو تەقەلادانەکەی ئەوەیە کە ئەو ووشە قورئانیانە لە گوناەباری (المجاز) دوور بخاتەوە ، جا کە وابێ نازانین بۆچی مامۆستا کوردەکان خۆیان بەو هەڵوێستەوە بەستۆتەوە و بە هیچ جۆرێك سەرنجیان لەم چەشنە ئاوەڵواتایەیان نەداوە کە بەهرەی زمانی کوردی دەنوێنن و تایبەتی‌یەکی هەرە گرنگ لە تایبەتی‌یەکانی ئەم زمانە دەدرکێنن ؟! •
هەرچۆنێك بێت ئاوەڵواتای فەرهەنگی لە زمانی کوردی‌دا دەشێ بە یەکێك لەم دوو ڕێگایانەی خوارەوە لەدایك‌بووبێ :

یەکەم : ڕێگای داتاشین (٥) واتە سازکردنی ووشەیەك لە دوو ووشە یان پتر پاش ئەوەی دەنگێك یان زیاتر لە قەوارەکانیان فڕێ‌درابێ وەکوو ووشەی (مریشك) کە لە وشەی (مرو) ووشەی (وشکانی) پێك‌هاتووە و ووشەی (مەلێچك) (٦) کە لە ووشەی (مەل) و (بێچك) داتاشراوە •

دووەم : ڕێگای لێکدان کە لە دوو ووشە یان پەرەو ژورتر بە بێ ئەوەی لە دەنگەکانیان کەم بکرێنەوە ووشەیەکی نوێ ئەنجام‌دەدرێ وەکوو ووشەی (دەست‌کورت) کە لە ووشەی (دەست) و ووشەی (کورت) لێکدراوە ، ووشەی (بەردتێ‌گرتن) کە لە ووشەی (بەرد) و ووشەی (تێ) و (گرتن) بنیات‌نراوە ••• ئەگەر سەرنج لە فەرهەنگێکی کوردی بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە بە هۆی ئەم دوو ڕێگایەوە ، زمانەکەمان بە پیت و

---

(٤) بڕوانە کتێبی (فقه اللغة وخصائص العربية) ل ٢٠٨ •
(٥) (داتاشین) : النحت •
(٦) (مەلێچك) : چۆلەکە لە زاری لوڕی‌دا •••

دەوڵەمەندبووە و دوێنەری کورد توانیویەتی لە هەموو کاتێك و شوێنێك بە جۆرێکی هونەری و زانستی بیروڕا و هەست و سۆزی خۆی دەربڕێ .

ئێمە لەو بڕوایەداین کە زمانەوانە کوردەکان ڕەنگە بەرهەڵستی ئەم بیروڕایە بکەن و بڵێن ئەم ووشانە هەریەك واتایان هەیە و نابێت تەماشای ووشە سادەکانیان بکەین ، ئەگەر لێیان بپرسین بۆچی ئەم ووشانە هەر یەك واتایان هەیە و نابێ تەماشای واتا ووشە سادەکانیان بکەین ؟ ...

بێگومان هیچ وەڵامێکی زانستیان نییە جگە لە دووبارەکردنەوەی بیروڕاکانی مامۆستا (مبارك) و ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی مامۆستا (مبارك) ڕۆیشتوون ...

ئێمە دەبێ سەرنج لە سروشتی زمانی کوردی بدەین و لە چوارچێوەی ئەم سروشتەدا ووشە داتاشراو و لێکدراوەکانمان شیبکەینەوە ئاوەڵواتاکانیان وەکوو وێنەیەکی هونەری لەگەڵ واتا پێشووەکانی ووشەکاندا لێکبدەینەوە و بەراوردیان بکەین و بیسەلمێنین کە ئەم ئاوەڵواتایانە چۆن ئەرکێکیان لەفەرهەنگی کوردیدا بەدیهێناوە . بۆ بەڵگە با چەند ووشەیەك لەم ڕووەوە یەکالا بکەینەوە و بیروڕاکەمان دەربارەی ئاوەڵواتای فەرهەنگی بچەسپێنین :

ووشەی (چاو) کە لە هەموو گیاندارێکدا ئەندامی بینینە لەگەڵ دەیان ووشەی تر لە بۆتەی زمانی کوردیدا لێکدراوە و ئاوەڵواتای فەرهەنگی هێناوەتە بەرهەم : لەم ووشانە ووشەی (باز) کە لەگەڵیدا ووشەی (چاوبازی) سازداوە ئەم ووشەیە ئاوەڵواتاکەی (چاوباشقاڵ)ە بەهۆی ووشەیەکی نوێوە ئەنجام دراوە کە هەردوو ووشە سادەکانی : (چاو) بە مانای ئەندامی بینین و (باز) بە مانای چەشنە باڵندەیەك وێنەیەکی تازە پێشکەش دەکات و واتایەکی سەربەخۆ لە فەرهەنگی کوردیدا دەنوێنێ ،

لەم وێنە و واتایەدا ئەو دوو ووشە سادانــە هەرچەنـدە سێبــەری مانــا پێشوەکانیان هێشتا لە گەڵیاندایە و جۆرە قەوارەیەك بە ئاوەڵواتای ووشە لێکدراوەکە دەدەن ، بەڵام لە هەمان کاتدا لە چوار چێوەی ئەم دارشتنــە نوێیــەدا تواونەتەوە و ڕێگایان بە ووشەی (چاوباز) داوە کە بێتە ســەر لیستەی ووشە داهێنراوەکانی فەرهەنگی کوردی •

ئا بەم پێیە دەتوانین ووشەی (چاوبرسی) و (چاوبەست) و (چاوپیس)و (چاوترسێن) و ، چەندەها ووشەی تر کە لە ووشەی (چاو) و ووشەیــەکی دیکە لێکدراوون شی‌بکەینەوە و ئاوەڵواتاکانیان و واتــا پێشووەکانیــان بەراوورد بکەین • بزانین چۆن ئەم ووشە لێکدراوانە کاردەکەنــە ســەر دەروون و هەستی گوێ گر و خوێنەر و یادگاریان لەگەڵ ووشە سادەکانیان زیندوو دەکەنەوە •

ووشەی (چاو) لە مەڵبەندی گوێ گر و خوێنــەری کورد کە هێــزە هۆشمەندیەکانیەتی بە مانای ئەندامی بینین چەسپاوە ، ووشەی (برسی) بــە مانای پێویستی بە خواردەمەنی هاتووە ، هەردوو ووشــەکە کە لــە یــەك دراون (چاوبرسی) : ئاوەڵواتای باری کەسێك نیگار دەکێشێ کە بەرچاوی لە هەموو شتێکدا تەنگ بێت و بە هەڵپە بێت • ئەم ئاوەڵواتایــە کە لــە فەرهەنگی کوردیدا بە واتایەکی تازە تۆماردەکرێ پەیوەندیــەکەی لــە مەڵبەندی ماناکانی وشەی (چاو) و وشەی (برسی) هەڵدەقوڵێ و گوێ گر و خوێنەری کورد کە ئەو وشەیە دەبیستێ یەکسەر یــادی مانــا پێشووەکانی ووشە سادەکان دەکاتەوە و بە وردی لە ئاوەڵواتاکە تێدەگات • هەروەهــا ووشەی (چاوبەست) : (چاو) بە هەمان مانای پێشــوو هــاتووە ووشــەی (بەست) لە مەڵبەندی ژیانی‌دا لە هێزە هۆشمەندی‌یەکانی گوێ گری کورد بە مانای گرتنی شتێك بە هۆی شتێکی‌ترەوە • ئەمجا هەردوو ووشەکە کــە

لەیەك دراوون ئاوەڵواتای : هەڵخەڵەتاندنی یەکێکی لە کارێکا پێ‌سازدراوە و دوێنەری کورد ئەم ئاوەڵواتایە بە چەندەها ڕستە دەدرکێنی وەکوو : ئـەم قسانەی تۆ (چاوبەست)ن ، فیسار کەس پیاوێکی (چاوبەست)ە .

ووشەی (چاوپیس) کە بە ئاوەڵواتای حاڵی کەسێك هـاتووە ئەگەر هات و چاوی بە هەر شتێك هەڵهێنێ زیانی پێ دەگەیەنێ ، لە کەرەسـەی (چاو) لەگەڵ ووشەی (پیس) سازکراوە ، هەروەها ووشەی (چاوترسێن) کە برینی‌یە لە گەورەیەك لێی بترسێ ، بێگومان مەرج نی‌یـە (چـاو)ی ئەو گەورەیە هۆی ترسەکە بێت ، بەڵام ووشەی (چاو) هەروەکوو لە ووشـە لێکدراوە پێشووەکاندا بینیمان سەرچاوەیەکی بە خـوڕە بۆ سـازکردنی ئاوەڵواتای فەرهەنگی لە زمانی کوردی‌دا و زمانەوانەکانیش نابێ لەمەودووا فەرامۆشی ئەم سەرچاوەیە بکەن و ڕەخنەسازەکانیش لـە شی‌کردنـەوەی ئاوەڵواتا و فەرهەنگی‌یەکان نابێ لەم ڕێبازە لابدەن و ئەرکی ئەم چەشنـە ئاوەڵواتایە لە هونەری ووشەسازیی کوردی‌دا پشت‌گوێ بخەین ...

ئاوەڵواتـای هونەری

هەندێ ووشە و دەربڕین بە هوێ بـە کارهێنانیانـەوە لـە ڕسـتەدا ئاوەڵواتایەك بۆ واتا پێشووەکانیان دەدەن بە دەستەوە ، وامان بەباش زانی ئەم جۆرە ئاوەڵواتایە بە ئاوەڵواتـای هونـەری ناو بـبـەین . جیـاوازیی سەرەکیی نێوانی ئەم چەشنە و چەشنەکەی پێشوو واتـە : (ئاوەڵواتـای فەرهەنگی) ئەوەیە : ئاوەڵواتای فەرهەنگی خۆی لە خۆی‌دا ئاوەڵواتـاکەی دەنوێنێ و پیویستی بە ڕستەیەك نیە بۆ دەرخستنی واتا تایبەتی‌یـەکەی ، کەچی ئاوەڵواتای هونەری ئەگەر لە ڕستەدا نەبێت گـوێ‌گر و خوێنـەر بە هیچ کلۆجێك نازانن مەبەست لەو ووشەیە ئاوەڵواتا هونەریەکەیەتی . بۆ نموونە ئێمە کە ووشەی (داوێن‌پاك) دەبیستین یەکسەر و ڕاستەوخۆ تێدەگەین

که مەبەست بە ئابڕووی و بە شەرەفی‌یە و واتا جیا بە جیای هەردوو ووشەگە (داوین و ، پاك) بە جۆرێکی میکانیکی نی‌یە ، بەڵام ووشەی گوڵ ئەگەر هات و بە تەنها و بە بێ ڕستە ووترا بۆ گوێ‌گر و خوێنەر هەیە کە سووربن لەسەر ئەوەی بۆ واتای ڕووەکێك بە کارهێنراوە ، ئەگەر هات و جگە لەم واتایە مەبەست بێت دەبێ بە هوێ ڕستەیەکەوە ئەو مەبەستە دەستنیشان بکرێت • ئەحمەد رەشوانی دەڵێ :

گوڵ لەبۆ دڵدار ، ئەبێ بە دیاری
بیکات بە چەپك و ، بیبا بۆ یاری
تا لەپاش مەرگیش گوڵی زەردوسوور
هەر پێویست ئەبێ ، بۆ سەر مەزاری

لەبەر تیشکی ڕستەکانی ئەم پارچە هۆنراوەیە خوێنەر و گوێ‌گر تێدەگەن کە مەبەستی هەستیار لە ووشەی گوڵ‌ئاوەڵواتا نی‌یە بەڵکو مەبەستی ئەو گوڵەیە کە ئەیناسین و بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و لە شایی‌دا بە کاری دەهێنن • بە پێچەوانەی ووشەی گوڵ لەم دێڕە هۆنراوەیەدا کە دەڵێ :

جار لە داخی (گوڵ) ، جار بۆ (گوڵ) ئەگریم
وەك بولبول بێ (گوڵ) ، لەسەر چڵ ئەگریم

ئاشکرایە کە مەبەستی هەستیار لە ووشەی (گوڵ) لە دەربڕینی (جار لەداخی گوڵ) و دەربڕینی (جار بۆ گوڵ) ئەگریم) واتا ناسراوەکەی نیە • هەروەها دڵدار کە ووتوویەتی :

گەڕاوە سینەکەی تارم ، ئەوێستاش ئەی (گوڵی) غەمگین
لە تەنهایی سەرینت بێ ، دە هانێ ئەم دڵە توخوا

بە هوێ ووشەی گوڵەوە ئاوەڵواتای خۆشەویست و دوڵبەری چەسپاندووە •

ئێمە کە زاراوەی (ئاوەڵواتای هونەری)مان بۆ ئەم چەشنە ئاوەڵواتایە سازکردووە ویستوومانە سەرنج بۆ ئەرکەکـەی لە گەیانـدنی بیرۆکـە و ئەندێشەی وێژەر ڕابکێشین و بیسەلمێنین کە ئەم ئەرکە درکاندنی بیرۆکە و ئەندێشەی وێژەر بە شێوازێکی سادە و ساکار و ڕاستەوخۆ نییە ، بەڵکوو بە هۆی تابلۆیەکی گیاندار و وێنەیەکی زیندووە ئەنجام دەدرێ ، ئەم چەشنە ئەنجامدانەش بێگومان کارێکی هونەرییە ، چونکە پێویستی بە وورده‌کاریه‌کی بەهرەدار و سروشتی هەیە • (شوکری) کە ویستوویەتی بیروڕای خـۆی دەربارەی بناغەکانی ئیشێکی گشتیی سەرکەوتوو بچەسپێنێ و لە هەمـان کاتیش‌دا سۆزی مەترسی و هیوای تایبەتی خۆی لـەم ڕووەوە بدرکـێنێ ووتویـەتی :

ئیش کە ڕووی ئێستە لە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی
بیری ووردیشی ئەوێ هەر بە دوعا و نوێژی نەکەی

ئەم هەستیارە مەزنە لەم دێڕەدا نەی‌ووتووە ئیشی گرنگ لەگەڵ دوعا و نوێژ پێویستی بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە هەیە بۆ ئەوەی سەربکەوێـت و نەبەزێت و لە تێك‌چوون بپارێزرێ ، بەڵکو بـیرۆکەی ئیـش و سـۆزی خۆشەویستی بەرامبەری بە تابلۆیەکی گیانـدار و وێنەیـەکی زینـدوو و قەوارەدارکردووە و لەسنووری کارێکی واتایی یەوە دەری پەڕانـدووە و خستویەتی‌یە ناوجیهانی گیاندارانەوە • بەم جۆرە گوێ‌گر چاوی لە ئیشە وا بەسەر هەورازدا سەر دەکەوێت و ئارەقی ماندوویەتی و بڕینی ڕێگا بـە ناوچەوانیەوەیەتی گوێی لە هەناسە بڕکێیەتی و ڕەنگە لێی‌ببیستێ کە دەڵێ ئۆخەی وا سەرکەوتم ، بەڵام ئاگاتان لێم‌بێت گلۆر نەبمەوە خوارەوە • ئـا بەم پێوەرە دەتوانین چۆنیەتی دەربڕینی (پیرەمێرد) لە باری مەلولی و بـێ

تاقەتی بە هویَ ئاوەڵواتای هونەری ووشەی (وەنەوشەوە) شیبکەینەوە ، کە ووتوویەتی :

دار و گیا و گیاندار پر نەشئە و دڵخوش
من و وەنەوشە ملکەچ و شینپۆش
ئەو پابەندی خاك كۆنە هەواران
من دڵبەندی خاك مەزاری یاران

(پیرەمێرد) گەر بیویستایە بە هۆی بەراوردکردنی بارە تایبەتییەکەی لەگەڵ واتا ناسراوەکەی ووشەی (وەنەوشە)دا بە خوێنەرانی ڕابگەیەنێ کە بێزار و خەفەتبارە هەرگیز لە بەدیهێنانی ئەو ئەرکەدا سەرنەدەکەوت ، چونکە خوێنەران کە ئاشناییان لەگەڵ (وەنەوشە) وەکوو گولێکی جوان و بۆنخۆش هەیە هەست و سۆز و بیریان بۆ ئەو بارەی پیرەمێرد نەدەچوو ، بۆیە هەستیار پەنای بردە بەر ئاوەڵواتای (وەنەوشە) و بە ڕەنگ و دەنگ و بزووتنەوەی تابلۆیەکی تایبەتی بۆ سازکرد و وای لە خوێنەرانی کرد کە هەست بە (وەنەوشە) بکەن وەکوو گیاندارێکی ملکەچ لە خەفەتدا شینپۆش لە ماتەمدا و بێتاقەت و هێزلیبڕاو دەستەوئەژنۆ لە کۆنە هەوارانداد .

گەر لێرەدا بپرسین (پیرەمێرد) چۆن بویَ هەبوو سروشتی (وەنەوشە) وەکوو گولێکی جوانبگۆڕێ و لەو بەرگە خەمبارەدا بینوێنێ و بیکا بە هاوباری خۆی ؟ ..

ڕەخنەسازی بەناوبانگ (ا. ا. رتشاردز) کە ئاوەڵواتا دەناسێنێ و دەڵێ : «ئاوەڵواتا هیچ نییە جگە لەوە نەبێت کە هۆیەکە لە دەربڕینی هەڵوێستی دوێنەر دەربارەی ئەوبابەتەی لێیدەدوێ»[7] ڕەنگە لەم پێناسەیەدا وەڵامی ئەو پرسیارە بەدیبکەین : هەستیار بە چاوێکی

---

(۷) کتێبی (مبادیء النقد الادبی) ل ۳۰۹ــ۳۱۰ .

ڕەش‌بین و دڵێکی پڕ لەخەفەت دەڕوانێتە (وەنەوشە) ئەمجا بە زمانی ئەندێشە کە ئاوەڵواتایە سەرنجە تایبەتی‌یەکانی وەکوو چەند ڕاستی‌یەك دەدرکێنێ و دەیانخاتە قاڵبی زمانێکی هونەری‌یەوە کە ئاوەڵواتای وشەکانی بڕبڕەیەتی •

ئەوەی لێرەدا پێویستە دوپاتی بکەینەوە : ئەندێشە هێزێکە لە هێزەکانی هۆشمەندیی ئادەمیزاد کارگەی خوڵقاندنی ئاوەڵواتایە و لە مەڵبەندی تۆمارکردنی واتاکانی ووشە لە مێشکدا ئەم ئەرکە ئەنجام دەدا ، چونکە ئەندێشە هەر وەکوو لە جیهانی ڕەخنەسازیدا چەسپاوە : (هۆی لەدایك‌بوونی وێنەی ڕوونە و هێنانەوەی ئەو وێنە بینراوانەیە) [٨] •

وێنەی ڕوون و وێنەی بینراویش بە ڕێگای ئاوەڵواتاوە سازدەدرێ • بۆ نموونە با سەرنج لە ووشەی (دڵ) بدەین بزانین چۆن ئاوەڵواتاکانی لە چەند دێڕێکی جۆربەجۆردا بە هۆی ئەندێشەوە لەدایك‌بوون و لە فەرهەنگی زمانی هونەری کوردیدا چەسپاوون •

وشەی (دڵ) لە زمانی ڕۆژانەدا بۆ واتای پارچەیەکی تایبەتی لە لەشی ئادەمیزاد بەکارهێنراوە ، ئەم پارچەیەش هەروەکوو ئەحمەد ڕەشوانی دەڵێ :

دڵ لە لای ئێوە کوپەڵەی خوێنە
بەڵام بۆ دلدار پیرۆزترین شوێنە

کەوابوو دڵ لە لای خەڵکی سەرچاوەی خوێنە و بە هۆیەوە خوێن لە لەشی ئادەمیزاددا گەڕدەخوا ، بەڵام هەستیاران بە زمانی ئەندێشە چەند ئاوەڵواتایەکیان بۆ ئەم ووشەیە خوڵقاندووە :

(ئەدیب) ووشەی (دڵ) لەبری ئادەمیزاد بەکار دەهێنێت و دەڵێ :

---

(٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٠٩ــ٣١٠ .

(دڵ) به مەیلی خۆی دەمێکه عاشقی باڵاته
توخوا مائل به غەیری خۆت و بێگانەی مەکه

(بێ‌کەس) ئەم ئاوەڵواتایەی (دڵ) زیاتر ڕوون دەکاتەوه و وێنەیەکی وای بۆ دەکێشێ که بەدڵدار و مەفتوون و سەرخۆش بێته بەرچاو ، بۆیه دەڵێت :

(دڵ)ێ له خۆیا دائم تەڕ نەبێ
سەرخۆشی بادەی ڕووی دولبەر نەبێ
مەفتوونی باڵای قەد عەرعەر نەبێ
به جامێ شەراب کەیل و مەست نەبێ
ساخوا ئەم (دڵ)ە دایم پەستی‌کەی

له هەڵبەستێکی کەدا مامۆستا (فائق بێ‌کەس) (دڵ) به گیانداریکی مەیلەو ئاواز و دەنگ‌خۆش له قەڵەم دەدا و دەڵێ :

(دڵ) زۆر موبتەلای دەنگ و نەغمەته
توخوا قەتارێ (دڵ) بۆت لەت‌لەته

(حەریق) لەسەر هەمان ڕێباز دەڕوات و به ئەندێشه ئاوەڵواتایەکی تر بۆ دڵ سازدەدات و دەڵێ :

لەشکری ئاهم لەگەڵ جەیشی حەبەش دەعوا ئەکا
حیرەتم ماوه که چۆن ئەو دڵبەره (دڵ) می ڕفاند

کەوابوو (دڵ) شوێنی خۆی له سنگی ئادەمیزاددا بەجێ‌دەهێڵێت و دوای خۆشەویست دەکەوێت • (دڵدار) ئەو ئاوەڵواتایەی وشەی (دڵ) وەردەگرێت و دەڵێ :

دڵ وەدوو ئەفسانه کەوتوو وای‌ئەزانی وا ئەبێ
ئیشی دونیا ڕەنجی پێناوێ ، به خۆی کۆتا ئەبێ

ئا بەم جۆره تا دێ ئاوەڵواتای هونەری ووشەی (دڵ) له پەرەسەندنا دەبێت و فەرهەنگی هۆنراوەی کوردی دەوڵەمەند دەکات •

(دڵدار) دیسان دەڵێ :

ئەمان مردم لە داخی (دڵ) لەبەر گریان و هاواری
درێغ سوتام لە قرچەی ئاگری ئێشان و ئازاری

لەم دێرەدا (دڵ) وەکوو بێگانەیەك خاوەنەکەی سزا دەدات و ئێش‌وئازاری پێ‌دەگەیێنێ ، (زێوەر) بێگانەیی (دڵ) لە خاوەنەکەیەوە زیاتر دەخاتەوە ڕوو دەڵێ :

سەر و ریشەکەم بوو بە بەفر و کەچی (دڵ)
چ منداڵە بۆنی دەمی شیری خاوە

سەرەنجام ئێمە لە شی‌کردنەوەی ئاوەڵواتاکانی وشەی (دڵ)دا شوێن‌پێی مامۆستاکانی پێشوومان هەڵنەگرت و نەمانووت (دڵ) لەو دێرانەدا خوازەی بەرەڵایە و بەپەیوەندی بە کارهێنانی پارچە لەبری هەموو بە کارهێنراوە ، بەڵکوو دەڵێین گشت ئەو ئاوەڵواتانەی ووشەی (دڵ) لەگەڵ واتا دێرینەکەی بە هوێ ئەندێشەوە لە مەڵبەندی ووشە لە مێشکی ئادەمیزاددا تۆمارکراون هەستیاریش هەر ئاوەڵواتایەکیان بە کاربهێنێت یاخود ئاوەڵواتایەکی نوێ بخولقێنێ و بیخاتە سەریان دەتوانێ کار بکاتە سەر سۆزی گوێ‌گر و خوێنەر و هەستی بجولێنێ ، چونکە گوێ‌گر و خوێنەر پەروەردەی هەمان زمانن و لە گەڵ چێژی نەتەوایەتی ئەم زمانە ئاشناییان هەیە .

علم المجـاز

من النقد الأدبى اليونانى والرومانى والعربى والاوروبى الى الدراسات البلاغية الكرديـة

عرض وتلخيص :

المقرر الثابت في تاريخ الشعر الكردي : أن ماوصل الينا من تليده قد ترعرع رواده تحت خيمة الاسلام فكرا وعقيدة ، وتأثر مبدعـوه بالثقافـة العربية من بين ماتأثروا به ، وتتلمذ السائرون به لثمار اللغـة العربيـة قرآنا كريما واحاديث نبويه وفنونا ادبيه فى شتى العصور والبيئات •

ولعل الباحث المدقق اذا ما أراد أن يشير الى اوائل هذا الشعر ، ينبغي عليه ان يتجاهل حديث النحل والوضع ، ويذكر شاعرين هما (خليل المندلجي) المتوفى سنة ٢٠ هـ (٦٤٠ـ٦٤١م) و (بابـا روخ الهمداني) الذي عاش في القرن التاسع الميلادي ومات في آب ٨٤١م •

أما اذا اعتمد التاريخ الصحيح فله أن يستقبل (بابـا طاهر الهمداني) ٩٣٥ـ١٠١٠م أول شاعر كردي تصح رباعياته مستنبطا لفنون القول • وبعد هذا الشاعر فاضت آثار شعراء من أمثال علي الترموكي ، ومـلاي جزيري وعلي حريرى وفقى طيران واحمدى خانى وسيدى هورامـانى و مولـوى وسواهم من الشعراء الذين رسخوا تقاليد الشعر الكردي القديم بلهجاتـه الرئيسة : (الكرمانجية الشمالية والكرمانجية الجنوبية والگورانية واللورية)•

ثم بنوا تقاليده من الوان البيان تشبيهات ومجازات واستعارات وكنايات •

وتواصل الشعراء المعاصرون والمحدثون خلفا عن سلف فتوارثوا هذه التقاليد وتقيلوا تلك الاساليب ، فتكررت الصور الفنيه فى قصائد حاجى قادر كويي واحمد مختار جاف وحمدي صاحب قران وپيره‌ميرد وفائق بى‌كه‌س وجگرخوين وگوران وكامران موكرى متلونة بظلال التجديد التى لم تهد من قواعد أبنيتها اللغوية معاني حقيقية ومدلولات مجازية وعلاقات عقلية وذوقية تشد فيما بين هذه المدلولات وتلك المعاني الى جانب قرائن لغوية وحالية ترشد اليها وتكشف عن مكامنها •

ويلحظ الباحث المدقق ايضا : أن منبت الشعر الكردي الاصيل لم يحترز من يد التقليد جهلا في التراث ومشايعة للاثر الاجنبي ، فطأطأ في زاوية منه جانبه لقصائد شعراء شباب فتحوا قلوبهم لما ترجم من آثار المدارس السريالية والرمزية واللامعقول الاوربية فخرجوا على الصور البيانية الاصيلة • ومن هنا فان الباحث البلاغي يلمس في الشعر الكردي القديم والحديث ظاهرتين متناقضتين :ـ

اولاهما : جريان جماهير هذا الشعر في ألوان المجاز وأنواعه فنا له قواعده وأصوله •

وثانيتهما : جموح طائفة منه عما تقرره اللغة ويحرره الذوق في ميدان التعبير الفني فاذا هي رموز ومعميات لاتفك المعاجم طلاسمها ولايهتدي العقل الى مراميها •

لقد دعتنا هاتان الظاهرتان الى دراسة علم المجاز تفهما وتبينا لاولاهما ، وجنة واحترازا من ثانيتهما •

واذ كانت حلبة الصراع والتنابذ بين الاصالة والتقليد تتسع للعلم والذوق والاجتهاد والتعنت ، رأينا أن تستوي هذه الدراسة تاريخية تحليلية

موازنة ، فطرقنا باب النقد الادبي اليوناني والروماني لنعرف حال دراسة المجاز في شجرته •

ومما ظهر لنا من هذا الطرف : أن الادب الملحمي والاسطوري اليوناني الذي صور الالهة بشرا يحبون ويكرهون يحقدون وينتقمون قد أثار حفيظة الفلاسفة الذين نعوا عليه الكذب في تعابيره وأساليبه ، فانبري السوفسطائيون حماة لهذا الادب وقرروا : ان هذه الاساليب والتعابير ليست حقائق لغوية ، وانما هي رموز ومجازات وتصدى ارسطوطاليس للسوفسطائيين في زعمهم هذا وقرر : أن اللفظة المجازية لاتؤول هوى وميلا ، وانما تنهض على واحدة من أربع قواعد : هي (انتقالها من الجنس الى النوع أو من النوع الى الجنس أو من النوع الى النوع أو بحسب التمثيل) •

وهكذا فقد ولد علم المجاز عند اليونان في مجالين :

أولهما : متسع بلا حدود وبلا قواعد أفرط السوفسطائيون في مد آفاقه لاسباب سياسية واجتماعية •

وثانيهما : مختنق أمعن ارسطوطاليس في ضم أطرافه ولملمة أركانه لعلل فلسفية ومثالية •

ثم التقينا في الدراسات النقدية الرومانية بالشاعر والناقد هوراس ، فرأيناه يشبه الالفاظ في اللغة بالاوراق في اشجار الغابة ، ويتيح للشعراء أن يجددوا في معانيها وصياغاتها وفق ضوابط يسيرة مادام هناك داع يدعوهم الى الجديد ، فكان بذلك مقلدا لارسطوطاليس في دراسته الشعرية •

وبعد (هوراس) مررنا بالباحث الروماني (لون جينوس) فوجدناه ينكر المجاز على فن النثر ويرتضيه لفن الشعر فى ايماءات واشارات لم تستو دراسة منهجية •

ان النتيجة التي تمخضت لنا من تتبع علم المجاز في الدراسات اليونانية والرومانية هي : ان القائمين بهذه الدراسات قد نزعوا في مباحثهم عن نظرات فلسفية وفكرية ، مما رأيناهم لايقيمون هذا العلم على قواعد وضوابط يؤدي عنها استقراء النصوص ومحص الشواهد .

لقد تلمسنا علم المجاز في الاثار العربية منذ عصر ماقبل ظهور الاسلام، فنبهنا الى ان الكلمة العربية في هذا العصر قد ترسخت اصول دلالاتها لغة وعقلا وشعورا ، فكان على الاديب أن يديرها وفق هذه الاصول ، والا فان الجمهور العربي في الاسواق والمنتديات والمناسبات الخاصة كانوا يأخذون عليه تنكبه هفوة لغوية وفنية .

وبين يدي القرآن الكريم وماجرى من تفسير لآيه البينات وبيان احكامه ثبتنا أن اللغة العربية التي نزل بها هذا الكتاب العزيز الحكيم قد ازدهرت كلمها وتعابيرها على جذورها العريقة فأثمرت في الآيات البينات ثلاثة أنواع من المجاز :

اولها : المجاز العقدي الذي نهضت شواهده في التعبير عن ذات الله وصفاته جل وعلا .

وثانيها : المجاز الدلالي الذي تجسدت نماذجه في الكلمات العربية المؤدية عن المعاني الجديدة في شتى شؤون الحياة الاسلامية .

وثالثها : المجاز الفني الذي صور أمثلته الحكم الاسلامية للتأثير والتوجيه. لقد استخلصنا من النظرات الخصبة والدراسات الجادة للنصوص الدينية والادبية العربية : ان مصطلح المجاز قد أداره لاول مرة الجعد بن درهم (١١٨هـ) متعرضا لمسألة خلق الانسان فأكسبه صبغه كلاميه جدليه . ومن هنا فقد تتبعنا الاتجاه المناقض لاعتماد مصطلح المجاز ، ووقفنا عند

سيبويه (١٨٨هـ) الذي احصى من انواع التعابير مايستقيم لفظه ولا يصدق معناه منوها بالاسلوب المجازي الذي يفرط في المبالغة كذبا •

كما وقفنا مع من اتنهجوا هذا السبيل من امثال محمد ابن كرام وابن حزم وابن تيميه (٧٢٨هـ) وسواهم من الذين انكروا ورود فن المجاز في القرآن الكريم والأحاديث النبوية الشريفة •

مما لاريب فيه ان هذا الاتجاه في انكار المجاز — رد فعل معاكس ، وعليه فقد أشرنا الى ما أثاره : وهو اتجاه فلسفي فرض المدلولات المجازية على النصوص الدينية بلا قواعد وبلا ضوابط ، فسجلنا : ان علم المجاز قد وجد لنفسه رغم هذا كله تربة خصبة فمد جذوره وارتفع سوقه واخضوضرت أوراقه واينعت ثماره الاصيلة في استقراء ابي عبيدة لألوان المجاز القرآني وفي بيان الفراء والاخفش الاوسط لمعاني القرآن ، كما ترسخت مناهجه في مصنفات ابن المعتز وعبدالقاهر الجرجاني وابي هلال العسكري ومن نحا نحوهم من العلماء الادباء الذين درسوا المجاز تعبيرا لغويا له قواعده ، وحللوا أضربه فنونا لها أصولها •

وبعد هذا ملنا متخففين على جمود الدراسة المجازية لدى طائفة من الباحثين الذين تحزموا بالمنطق في دراساتهم ، فانتهوا بعلم المجاز العربي الى قواعد متحجرة •

ان النتائج التي تواترت في بحثنا لعلم المجاز — تراثا عربيا — متنوعة نوهنا من بينها بما يؤكد : أن هذا التراث يمدنا بمنهج لغوي استقرائي وفني ذوقي يصلح لدراسة علم المجاز اذا ما أحسنا مراعاة متطلبات التطور والخصوصية في النصوص التي ندرسها •

لقد أثارت هذه النتيجة في بحثنا سؤالا يلم بعلم المجاز في النقد الادبي الكردي مستفسرا عن وجهته ومناهجه وهو تتشكل قواعده على أيدي باحثين

معاصرين يقفون لدى مفترق الطرق بين التراث العربي والدراسات النقدية الاوربية التي تنهض تاريخا وتطورا على اسس بحث المجاز اليوناني والروماني ، ولهذا فقد أسهبنا في تتبع مناهج علم المجاز بين مصنفات هاتيك الدراسات ، ففرزنا جملة من الظواهر ابرزها :ـ

الخلط بين المجاز والتشبيه كما يقول الناقد الانكليزي (جرستيان) وانكار (وندت) و (كلينر) لورود المجاز في اللغة ، وقصد (هربت ريد) للمجاز على فن الشعر ، وتمزيق (جورج كامبل) بحث المجاز بين اللغويين والنقاد .

وبعد هذا رسمنا مناهج علم المجاز عند الاوربيين معتمدين دراسة الناقد الانكليزي (كرستيان بروك) الذي قسم هذه المناهج الى مجموعتين :

اولى المجموعتين : المناهج الفلسفية التي هي اربعة انماط :

اولها : نمط ارسطو في بحث المجاز وتقسيمه على أساس الجنس والنوع .

وثانيها : نمط الحي والجماد الذي يتتبع اصحابه انتقال الكلمة من معناها الحقيقي الى مدلولها المجازي على أسس النقل من الحي الى الجماد ومن الجماد الى الحي ومن الحي الى الحي ومن الجماد الى الجماد .

وثالثها : النمط الفكري الذهني الذي يستضيء متقبلوه بالايحاءات الشعورية .

ورابعها : نمط العلاقة المشتركة المركزية الذي يفترض السائرون في ضوئه : ان الاشياء كلها تلتقي في صفة متعاورة فيما بينها مما يحق للاديب أن ينقل الكلمات الدالة عليها ويستعملها مجازا لاي مدلول يشاء .

وثانية المجموعتين : المناهج اللغوية التي تدور على اجزاء الكلام

الخمسة في اللغات الهندوأوربية ، فهي على هذا مناهج خاصة بهذه اللغات، وان كانت في الوقت ذاته ينزع أصحابها منزعا فلسفيا في تحليل المجازات وتوجيهها •

واذن فان الدراسات الاوربية لاتقدم لعلم المجاز المنهج الرائد ، وانما تتركه مشاعا بين الفلسفة واللغة والنقد والبلاغة ويأتي الباحثون الاكراد أثر هذه الرحلة الطويلة لعلم المجاز ليجدوا بين أيديهم موروثا ضخما متنوعا من الاتجاهات والمناهج ، والسؤال هو الى أي شيء انتهوا ؟ •

المعروف : أن موضوعات البلاغة والفصاحة عامة اذا كانت قد وجدت لمصطلحاتها فسحة في الشعر الكردي القديم ، وان الشاعر الناقد الشيخ نوري الشيخ صالح اذا كان قد فسر طائفة من هذه المصطلحات في معرض نقدي متخصص قبل زهاء نصف قرن ، بيد أنها لم تجد طريقا الى البحث المتكامل المستفيض الموروث باللغة الكردية •

ولعل الاستاذ الشيخ علاءالدين السجادي هو أول مؤلف باللغة الكردية دنا من القضايا البلاغية وعالج موضوع المجاز في الآونة الاخيرة ، فترجم المصطلحات البلاغية الى اللغة الكردية وبسط مجمل مسائلها وأورد بعض شواهدها •

وفيما يتعلق بجهده المشكور بعلم المجاز : أنه قد استقى من بعض المراجع العربية المتأخرة ونقل مصطلحات البيان نقلا حرفيا شكليا ، وفصل بينها ، ومال عن الخطة المقررة في دراستها خالطا بين المجاز والاستعارة في شرح الشواهد اليسيرة التي ترجم بعضها والتقط بعضها الاخر من النصوص الكردية •

وتقبل الدارس الناشيء السيد عزيز گەردي خطوات الشيخ علاءالدين السجادي ، فلم يفد من المصادر العربية الاصيلة في الدراسات البلاغية ،

مما رأيناه يترجم الى اللغة الكردية مباحث البلاغة من الكتب المدرسية المعاصرة •

وتعرض الدكتور عبدالرحمن الحاج معروف للمجاز ضمن دراسته اللغوية للكلمة الكردية ، فتوقعنا أن يستوي تعرضه ذا تنائج علمية تعوض المكتبة الكردية مافاتها في هذا الميدان الهام ، ذلك لانه متخصص ويطلع على الدراسات الاجنبية بالاضافة الى وقوفه على التراث العربي ، ولكن توقعنا لم يغننا عن الشروع في دراسة علم المجاز باللغة الكردية بدءا ليست له خلفية علمية ينهض عليها بهذه اللغه •

ولعل نتائج بحثنا تتمثل في أننا قد نحتنا مصطلحا كرديا جديدا يؤدي عن مصطلح المجاز العربي والميتافور الاوربي ، وينبه الى أن الظاهرة المجازية ليست تعبيرا طافيا ينتقل من المعنى الحقيقي للكلمة المعجمية الى المدلول المجازي في صورة آلية شكلية وانما هي عملية شعورية تجري في مكمن الموروث اللغوي لدى الاديب ويجري على قلمه لوحة يمتزج فيها المعنى اللغوي والمدلول المجازي بالمشاعر والأحاسيس •

ومن هذا المنطلق لم نجزيء موضوعات البيان الرئيسة : (المجاز والاستعارة والكناية) وانما تناولناها وحدة متكاملة تحت ذلك المصطلح ، كما أننا استقرأنا النصوص الكردية التي تقلبت على مفهومنا الجديد المتسع للمجاز فاستنتجنا أن اللغة الكردية تعتمد في مجال التعبير والتأثير نوعين من المجاز هما المجاز اللغوي والمجاز وبالاضافة الى هذا لم نحلل المجاز في شاهد شعري أو نثري منقطع عما يمتد معه في النص الذي ورد فيه ، وانما دعونا الى تجاوز هذا المنهج التقليدي بدراسة المجاز في النصوص التي تعاورت على موضوع موحد وأدت عنه •

وبديهي أن بحثنا يستوي خطوة أولية على النهج القويم الى دراسة علم

المجاز غايته الرئيسة هي الكشف عن قواعد فهم الظاهرة المجازية في الموروث الادبي الكردي من جهة والاخذ على أيدي الذين يتجاهلون هذه القواعـد باسم التجديد والتطوير من جهة اخرى آملين أن تتلوها خطوات أخرى •

كامل حسن البصير

بغداد ١٩٨١/٨/٤

سەرچــاوە

ا ـ سەرچاوە کوردی‌یەکان :

١ ـ ئەدەبی کوردی و لێکوڵینەوە لە ئەدەبی کوردی • مامۆستا علاءالدین سجادی • چاپخانەی مەعاریف ١٩٦٨ •

٢ ـ خۆشخوانی : مامۆستا علاءالدین سجادی • چاپخانــەی مەعــاریف ١٩٧٨ •

٣ ـ رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا • مامۆستا عەزیز گەردی •

٤ ـ (نرخ‌شناسی) مامۆستا علاءالدین سجادی • چاپخانەی مەعاریف بغداد ١٩٧٠ •

٥ ـ ووشەی زمانی کوردی • دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی ـ بەغدا ١٩٧٥ •

ب ـ سەرچاوە عەرەبیەکان :

١ ـ الادب اليونانى القديم : الدكتور على عبدالواحد وافى ـ مطبعة دار المعارف ـ مصر ١٩٦٠ •

٢ ـ الاتقان فى علوم القرآن : جلال‌الدين السيوطى • مطبعة الحجازى ـ القاهرة •

٣ ـ ارسطوطاليس فى الشعر : القنانى ابو بشر متى بن يونــس ـ مصر ١٩٥٣ •

٤ ــ الايمان : ابن تيمية ــ مطبعة المكتب الاسلامى دمشق ١٣٨١ ك ــ ١٩٦٠ •

٥ ــ تاريخ الفلسفة اليونانية : يوسف كرم •

٦ ــ فقه اللغة وخصائص العربية : محمد المبارك ــ الطبعه الثانيه ١٩٦٤ ــ مطبعة دار الفكر الحديث ــ لبنان •

٧ ــ (الفصل فى الملل والاهواء والنحل) : ابن حــزم ــ الطبعــة الاولى ١٣٤٧ك ــ مطبعة محمد على صبيح ــ مصر •

٨ ــ فن الشعر : ارسطوطاليس ــ ترجمة : دكتور عبدالرحمن بدوى ــ مطبعة النهضة المصريه ١٩٥٣ •

٩ ــ فن الشعر : هۆراس ، وەرگێرانی دكتــۆر عبدالرحمــن بــدوى ، چاپخانەی النهضة المصرية ، ١٩٥٣ •

١٠ــ محاضرات فى اللغة : دكتور عبدالرحمن ايوب ــ مطبعة المعــارف بغداد ١٩٦٦ •

١١ــ معانى القرآن : الفراء ــ الطبعة الثانية ــ ١٣٧٤ك ــ ١٩٥٥ ز • مطبعة دار الكتب المصرية •

١٢ــ مبادىء النقد الادبى : ا• ا• ريتشارد •

١٣ــ النقد : اسس النقد الادبى الحديث : وەرگێرانی : هيفــاء هــاشم ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری دمشق ١٩٧٦ ز •

١٤ــ الكتاب • سيبويه •

١٥ــ مشكل القرآن : ابن قتيبه •

١٦ـ نظرية الأدب : رينيه ويليك : ترجمة : محيالدين صبحي ـ مطبعة خالد الطرابيش ١٣٩٢ك ـ ١٩٧٢ •

١٧ـ مناهج البحث في اللغة : دكتور احسان عباس •

١٨ـ اللغة : ج : فندريس : ترجمة عبدالحميد الدواخلي و محمد القصاص مطبعة لجنة البيان العربي •

ج ـ سەرچاوە ئینگلیزیەکان :

1— Grammar of Metaphor. Christine Brooke — Rose.

2— The Koran. Translated by E. F. Palmer, Oxford University Press, 1949.

3— The Problem of Style. by F. Middleton Marray, Oxford University, Press, London 1960.

4— English Prose Style. by Herbert Read. G. Belland Sons Ltd., London, 1956.

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	٣ ـ ٦
بەشی یەکەم : میتەفۆر لە ڕەخنەسازیی یۆنانی و ڕۆمانیدا	٧ ـ ٣٢
میتەفۆر لە ڕەخنەسازیی یۆنانی و ڕۆمانیدا	٨
سۆفستاییەکان و زانستی میتەفۆر	١٢
فەرامۆش‌کردنی میتەفۆر لەنێوانی سۆکرات و ئەفلاتوندا	١٦
ئەرەستۆ و لێکۆڵینەوەی میتەفۆر	٢٤
ووشە و واتا لە لای هۆراس‌دا	٢٨
لۆنجینۆس و دەربڕینی میتەفۆری	٣٤
بەشی دووەم : مەجاز لە ڕەخنەسازیی عەرەبی‌دا	٤٠ـ٦١
سەردەمی پێش ئیسلام و باسی مەجاز	٤١
قورئانی پیرۆز و زمانی عەرەبی	٤٢
لەدایك‌بوونی زاراوەی مەجازی عەرەبی	٤٦
فەرامۆش‌کردنی مەجاز لە ڕەخنەسازیی عەرەبی‌دا	٤٨
ڕێبازی شی‌کردنەوەی مەجاز لە ڕەخنەسازیی عەرەبی‌دا	٥٣
بەشی سێیەم : میتەفۆر لە ڕەخنەسازیی ئەورووپیدا	٦٢ـ٧١
زانستی میتەفۆر و ڕەخنەسازیی ئەورووپی	٦٣
ڕێبازی شی‌کردنەوەی میتەفۆر لە ڕەخنەسازیی ئەورووپیدا	٦٧
بەشی چوارەم : خوازە لە ڕەخنەسازیی کوردیدا	٧٢ـ١١٠
خوازە لە ڕەخنەسازیی کوردی‌دا	٧٣
خوازە لە لای مامۆستا سجادی	٧٤
مامۆستا عەزیز گەردی و باسی خوازە	٨٠
دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف و لێکۆڵینەوەی مەجازی	٨٥
ئێمە و ئاوەڵواتا	٩٠

بـابەت	لاپـەڕە
سیمانتیك و ئاوەڵواتا	٩١
مەڵبەندی وشە	٩٢
زاراوەی ئاوەڵواتا بۆچی	٩٤
چەشنەکانی ئاوەڵواتا	٩٦
ئاوەڵواتای فەرهەنگی	١٠٠
ئاوەڵواتای هونەری	١٠٤
علم المجاز من النقد الادبی الیونانی والرومانی والعربی والاوروپی الی الدراسات البلاغیة الکردیة ـ عرض وتلخیص	١١١ـ١١٩
سەرچـاوە	١٢٠ـ١٢٢

نرخی (٣٠٠) فلسە

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە ١٠٨٩ی ساڵی ١٩٨١ی دراوەتێ